PDF4Kurd

**کاروان عومەر کاکەسوور**

# یۆتۆپیا

«ئەوانەی پێش ئەوەی بمرن، ژیاننامەی خۆیان دەنووسنەوە، کەسانێکی بەختەوەرن».

لەو کاتەی ژنە دەمامکدراوەکان جەستەی خوێناوییمیان لەسەر زەوییە ڕەقەکە هەڵبڕی و خستمیانە دواوەی لۆرییەکە، نەمزانی کێ بوو بە دەنگێکی سەیر ئەو چەند وشەیەی چپاندە یەکێ لە گوێچکەکانمەوە.. ئاخر ئەوسا هیچ شتێکم بە ڕۆشەنی نەدەبینی.. تەنانە نەمدەتوانی شوێنی ئەو گوللانەیش بدۆزمەوە، کە جەستەمیان لێرە و لەوێ کوناودەر کرد، بۆیە دەمویست لە ڕێگەی هەستەکانی ترمەوە دەستنیشانیان بکەم.. دواتر زانیم ئەمە چەند کارێکی گەمژانەیە.. منێک خرابێتمە دواوەی لۆرییەکی شارەوانی و ئێوارە لەگەڵ دەیان ژنی دیکەی وەکو خۆم لە قەراغی شاردا بە شۆفەڵ بنێژرێم، سوودی چییە ئەگەر بزانم برینەکانم دەکەونە کوێوە و ماوەی نێوانیان چەندە.. شێوەیان چۆنە و چەندیان خوێن لێ ڕۆیشتووە.. بەڵام ئەو دەنگە، دەنگێکی پیاوانە بوو.. دەشزانم لەو شوێنەدا سیمای هیچ نێرینەیەک نەدەبینرا.. ئەوانەی ئەم کارەیان ئەنجام دا، سەرجەمیان ژن بوون.. شوفێری لۆرییەکە، ئەوانەی کردمیانە نیشانەی تفەنگی دەستیان و ئەوانەیش، کە فڕەیاندامە ئێرە، هەر هەموویان هاوڕەگەزی خۆمن.

نازانن ماوم.. هەرچەند نە بۆ من و نە بۆ ئەوانیش هیچ جیاوازییەک لەوەدا نییە، ئەگەر ئێستا ڕۆحێک لەم جەستە بێکەڵکەمدا هەبێ، یان نا.. بەڵام ئەو سێ ڕستەیەی نەمزانی لە چ دەمێکەوە دەرچوو و چۆن خزایە گوێچکەمەوە، کۆتاییەکی جوانە بۆ ئەو ژیانەی هەموو کاتی خۆمم بۆ لێکدانەوەی تەرخان کرد و هەر لێی تێنەگەیشتم.

کێ دەڵێ من نەمویستوە ژیاننامەی خۆم بنووسمەوە.. بەڵام ئەو هەموو گومانەی لە ئاستی دەوروبەرمدا هەمە، هەمیشە ڕێیان لێ دەگرتم.. هەر ئەمەیش وەکو چیرۆکنووسێکی خەڵەفاو خستمیە بەرچاوی خوێنەر.. «شیلان نازم» نووسیویەتی: «دەتوانم گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ڕازاو مەرواندا ئاوا وەسف بکەم: پیاوێک بەهۆی باروودۆخێکی سەختەوە تووشی تراوما دەبێت و تا نزیک سنووری شێتی دەچێت.. لە ئاهەنگێکی جەنجاڵدا چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ

ئەو کەسە دەگێڕێتەوە، کە لەسەر کورسیی تەنیشتیەوە دانیشتووە.. جا چونکو باسەکەی زۆر بێتامە، کابرا هەر خێرا جێیدەهێڵێت، بەڵام ئەم هەستی پێ ناکات.. دووەم دێت و بابەت درێژەی هەیە.. ئەویش دەڕوات و سێیەم دێت.. چیرۆک کۆتاییی هاتووە و بەردەوامیش کەسەکان گۆڕاون.... ئێمە ئەگەر بمانەوێت بزانین چی وتووە، دەبێت هەموو ئەو کەسانە بدۆزینەوە.. دیارە ئەمەیش زەحمەتە.. با بڵێین توانیمان وایش بکەین، هێشتا دەستەوستانین لەوەی سەرجەم پارچەکان کۆ بکەینەوە، چونکو لە ماوەی گۆڕانی کەسەکاندا چەند زەمەنێک هەن، چیرۆکەکەیان تێدا گێڕدراوەتەوە و نەبیستراون.. هەروەها هەندێکیش لەو گوێگرانە کەڕولاڵن».

ئەو دنیایەی ئەوان تەنانەت نەیاندەتوانی بیهێننە بەرچاویشیان، من بەڕاستی تێیدا دەژیام.. نەیاندەزانی ماڵی ئێمە، کە لە ناوجەرگەی شارە، ئەو هەموو نهێنییەی لە خۆی گرتووە.. ماڵی «مەروانی شاعیر».. ناوبانگێکی زۆر زۆر و کەسیش نەیبینیوە.. من «کچیم!!» و لە ژوورەکەی بەرامبەرمدا «دەژیا!!»، کەچی بۆ تاقە جارێکیش نە چاوم پێیکەوت و نە گوێم لە دەنگی بوو:

ــ لەم ژوورە نزیک نەبیتەوە، نەچیتە لای دەرگاکەی.. لەو پەنجەرەیە نەڕوانی، ئەگینا چاوەکانت کوێر دەبن و تا ماوی لە تاریکاییدا دەژی.

ئەمانە ئەو وشانەن، کە دایکم لە زووەوە داونیەتی بە گوێچکەمدا.. سەرەتا سەرم هەڵنەدەبڕی.. ترسێکی سەیرم لەو چاوانەم پەیدا کردبوو.. وامدەزانی لەگەڵ بینینی ئەمدا دەکوژێنەوە.. بە خۆمم دەوت: «لە کاتێکدا من کوێر دەبم، ئەم دێتە دەرەوە و زۆر ئاسایی ژیان لە ناو باخ و سەربان و حەوشەدا بەسەر دەبات».. ئای چەند لەوە دەترسام..!! وەکوتر ئارەزووی بینینی باوک تەفرەی دەدام.. وێنەکەیم لە خەیاڵمدا دەکێشا و دەمویست لە فۆرمێکی چەسپاودا بەرجەستەی بکەم، بەڵام هەر زوو کاڵدەبووەوە.. یان بۆ دەیان شێوەی تر دەگۆڕا و هەڵدەوەشایەوە.. شتەکان لە خەونیشدا ئاوا دەگۆڕێن.. ژوورەکەت پڕیەتی لە قالۆنچە.. گسکێک بە دەستەوە دەگریت و دەیانکەیتە دەرێ.. لەوێ دەبنە ڕەوەیەک قاز و بەسەر ئاسمانی دەشتێکدا هەڵدەفڕن.. یان مێرووولەکانی ژێر پێت زۆر لەپڕ بۆ کۆمەڵێ گا و ئەسپ دەگۆڕێن و دەتپلیشێننەوە.. ناوسکی بووکەپەڕۆیەک بە چەقۆ هەڵدەدڕی و کاتێک بە خۆت دەزانی، ئەوە دایکتە کوشتووتە.. بیرکردنەوە لە «باوکم!!» و هێنانەبەرچاوی ئاسان نەبوو.. وردە وردە ترسم دەشکا و لە دوورەوە لەو دەرگا و پەنجەرەیەیم دەڕوانی، بەڵام هیچم بەدی نەدەکرد.. نازانم چ دەنگێ لە غەیبەوە پێی دەوتم ئەو لەناو بووکەشووشەکاندایە.. ورگی دەیان مەیموونی تووکن و ورچی چاوزەردم بە چەقۆ هەڵدڕی و نەمدۆزیەوە.. ئەو نیوەڕۆیە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە و بەسەر شۆستەکەدا هەنگاوی سووک سووکم دەنا.. ئەسپێک بە تەنیشتمەوە عەرەبانەیەکی لاکێشەییی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا.. دەنگی ناڵی قاچەکانی

لەسەر قیرە ڕەقەکەدا وەکو تەقوهووڕی تایپڕایتەر دەهاتە گوێچکەم.. مەبەستم ئەوەیانە، کە لای «ست نەغەدە» بینیم و سەرنجم لێی دا.. پێتەکان دەتوت منداڵی ساوان و لە سکی دایکیانەوە دێنە دەرێ.. تا ئەسپەکە زیاتر لێم دوور دەکەوتەوە، دەنگەکەیم سەیرتر دەبیست.. هەموو ئەمانە تێکەڵ بە چیرۆکی ئادەم و حەوا دەبوون، کە «ست ئیمان» لە ماوەی ئەو چل دەقەیەی ڕابردوودا بۆی گێڕاینەوە.. هەستم کرد من گەورە بووم و تێگەیشتنم گۆڕاوە.. چیتر باوەڕم نییە «بابە!!» لەناو بووکەشووشەکاندا بێت، بەڵام بێگومان ئەوەتا خۆی لەناو دایکمدا حەشار داوە، هەر بۆیە دایە ئاوا باڵابەرز و بە قەڵافەتە.. بەڕادەیەک کەم ژن و پیاوم بینیوە سەریان گەیشتبێتە چەناگەی.. هاوکات ترسێک خزایە گیانمەوە.. وامدەزانی کاتێ گەورە دەبم، وەکو مەیموون و ورچەکان سکی دایە هەڵدەدڕم.. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە و بەدزییەوە بۆی دەگریام، نەشمدەتوانی تێیبگەیەنم من تووشی چ حاڵەتێکی سەیر هاتووم.. پەنام بۆ دەیان فێڵ برد، تا توانیم ئەمە لە بیر خۆم بەرمەوە.. ماوەیەک وا چووە ئەقڵمەوە شەوان دوای ئەوەی ئێمە دەنووین، «بابە!!» دێتە دەرێ و ڕەنگە لەسەر شەقامەکاندا پیاسەیش بکات.. هەنگاوی سووک سووک دەنێت و بە دەنگی نزمی نارۆشەن گۆرانی دەچڕێت.. یاخود دوور نییە لەسەر یەکێ لە کورسییەکانی ئەو گازینۆیەی ئەوبەرمان لەژێر ڕۆشناییی گڵۆپێکی کزدا دابنیشێت و بەدەم خواردنەوەی چا و قاوەوە ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، بۆیە تا بەیانی لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە بۆی دەوەستام، بەڵام نەمبینی ئەو دەرگایە بترازێت و ئەوی لێ بێتە دەرێ.. مەگەر دوای ئەوەی من ماندوێتی و خەو برستیان لێ دەبریم و ناوچەوانمیان دەخستە سەر تاقی پەنجەرەکە.. «باوکم!!» ئەگەر بەڕاستی هەبێت، ئەوا پیاوێکی تا بڵێی سەیرە.. شیعری تەنها بۆ مردووان دەنووسی و من لەسەر کێلی گۆڕەکانی ئەو گۆڕستانەی بەرماڵماندا دەمخوێندنەوە.. خاوەنی مردووەکان بە هۆی «مام یاوەر»ی کەڕوڵاڵ، کە لەگەڵ خۆیان دەیانهێنا، لەو پەنجەرە بچکۆلەیەوە ژەمێ نان و چەپکێ گوڵیان ئاودیوی ئەودیو دەکرد و دوای کەمێ چوارینەیەکیان وەردەگرت.. خەڵک لە دەرەوە بەشێوەیەک ناوی «باوکم!!»یان دەهێنا، وەک بڵێی هەموو ژیانی خۆیان لەگەڵدا بەسەر بردبێت.. ئەدیب و ڕەخنەگران بە گەورەترین شاعیری دەزانن.. کەم گۆڤار و ڕۆژنامە هەن بەشێک لە شیعری ئەویان تێدا بڵاو نەکرابێتەوە.. لە کاتێکدا من لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتەواوی تەمام لەوە دانا، کە دەتوانم ببینم.. تەنانەت گومانم لەوە پەیدا کرد دایکیشم دیبێتی.. لای من ڕۆژ بە ڕۆژ شتومەکی ناو ماڵمان تێکەڵ بە ئەفسانە دەبوون و سیمایان دەگۆڕا.. زمانمیان دەشێواند.. هەرچیم دەنووسی، بە وڕێنەیان دەزانی.. ئەنجام لە ئاست هیچ ڕووداوێکدا وەکو پێویست نەدەحەپەسام.. پێرار ئەم کاتە دایکم پێی وتم:

ـ هەڵۆی کاکت زۆر لێت پڕە، ئاگات لە خۆت بێت.. تۆ بەو نووسینانەت نهێنیی ماڵمان دەبەیتە دەرێ.

تا ئەو کاتە نەمدەزانی من برایەکم هەیە.. سەرم هەڵبڕی و لەبەردەم ئەو ژوورەی «باوک!!»م بینیم.. بەو چاوە ڕەش و زەقانەیەوە سەرنجی لێ دەدام و هیچیشی نەدەوت.. هەرچەند ئەو باڵایە بەرزەی گەورەی دەردەخست، بەڵام هێشتا دەمتوانی لەوە تێبگەم، کە بە تەمەن لە من بچووکترە.. «ئەی دایە بۆ بە کاکە پێمی دەناسێنێت و دەیەوێت وایش بانگی بکەم..؟!» ویستم بچم پێی بڵێم من ئازادم چی بنووسم، بەڵام نازانم چی پەشیمانی کردمەوە.. دوای ماوەیەکی کورت بۆم دەرکەوت ئەو هەرگیز نادوێت، بەڵکو تەنها بە سیمای دەموچاوی شت دەردەبڕێت.. لە دایکیشم زیاتر کەس لێی تێنەدەگەیشت.. «هەڵۆ»ی برام لە کاتێکدا ئەوەندەی ڕق لە من بوو، کەچی خوشکە کوێرەکانمی زۆر خۆشدەویست.. دەستی دەگرتن و بۆ ئەملا و ئەولای دەبردن.. لە حەمام دەیشتن و قژیانی دادەهێنا.. لەسەر سفرەی دادەنان و چێشتی بەدەمەوە دەکردن.. ئەوانیش لەپێش «هەڵۆ»ی برامەوە بە گەورەیی لە دایک بوون، یاخود بە گەورەیی لە ماڵەکە دەرکەوتن.. وا باشترە بڵێم من تا درەنگ نەمدەزانی ئەو خوشکانەم هەن و ڕۆژگارێ ئاوا سەرنجیان لێ دەدەم.. «دادە سازان»م لەپێش «هاژە» و «تارا»وە بینی.. ئەوسا من لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم.. ئێوارەیەکیان هێندە لە ژووری «باوکم!!» نزیککەوتمەوە، تاڵەکانی قژم بە جامی تەڵخی پەنجەرەکەیەوە نووسان.. دەمویست لەودیو بیبینم.. گیانم دەلەرزی و شتەکانی دەوروبەرم بەشێوەیەکی جیاواز دەکەوتنە بەربیناییم.. کاتێکم زانی دایکم زۆر قایم ڕایکێشام و قیژاندی:

ــ پێم نەوتی لێرە نزیک نەبیتەوە..؟! دەتەوێ وەکو سازانی خوشکت کوێر بی..؟!

سەرم هەڵبڕی و بۆ یەکەمین جار بینیم.. گۆچانەکەی بەملا و بەولای خۆیەوە دەکوتا و سووک سووک بەرەو لای دەرگای حەوشە دەچوو.. پێشم لێی گرتەوە، بۆئەوەی لە دەموچاوی ڕامێنم.. دەستی چەپی چەند جارێ نارێکانە لە هەوادا گێڕا و ئەنجام خستیە سەر شانم.. بەرەو قژم هەڵیبڕی و پەنجەکانی تێخست.. هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

ــ ئەوە تۆی ڕازاوی بچکۆلە..؟! ڕازاوی ڕۆحم..؟!

کاتێ من نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، هەر خۆی وتی:

ــ ئەگەر هەموو شتێکم وەکو تۆ هەست پێبکردایە، هەرگیز خۆمم بە کوێر نەدەزانی.

بە دەنگێکی جیاوازتر درێژەی پێدا:

ــ خۆزگە دەمتوانی ڕەنگی گوڵەکان ببینم، بۆئەوەی لە دووکانی گوڵفرۆشێکدا کار بکەم.. ئەمە تاقە ئاواتی منە ڕازاوی ماڵەکەم.

وا حەپەسا بووم، نەمدەتوانی دەمم هەڵبێنمەوە.. دوای ئەوە نە قسەیەکی تری لە دەم دەرچوو و نە وەڵامی هیچ پرسیارێکیشی دامەوە.. دەمزانی ئەو شەوان لە ژووری «بابە!!» دەنوێت، بەڵام لەوە تێنەدەگەیشتم کەی و چۆن دەچێتە ئەوێ و دێتە دەرێ.. هەر ئەویش چەپکەگوڵی خاوەنی مردووەکانی لەوێ دەهێنا و لە سەربان وشکی دەکردنەوە.. چ

مەبەستێکی لەوەدا هەبوو..؟! نازانم.. هەوڵی دنیام دا لێی تێبگەم، بەڵام نەمتوانی شتێکی لێ هەڵکرێنم.. ئەو ئێوارەیە لە دواوە چمکی ماکسییەکەیم گرت و بە ئەسپایی هەنگاوم دەنا، بۆئەوەی لەگەڵی بچمە ژوورێ.. لە بەردەرگا هەستی پێ کردم و خۆی ڕاپسکاند.. گۆچانەکەی هێندە بەهێز ڕاوەشاند، دەنگێکی سەیری لێ هەستا.. لەولاتر بەر ئینجانەی گوڵێک کەوت.. ئەو شووشە ناسکە لەسەر مێزی هەیوان کەوتە خوارەوە و شکا.. دایکم لە مووبەق هاتە دەرێ و پەلاماری دام.. بە چەپۆک تێمکەوت و بەردەوام دەیقیژاند:

ـ سەربەگۆبەند..!! دەتەوێ بە دەردی هاژە و تارای خوشکت بچی..؟! تۆ لەوەتەی هەی خەم بۆ من زیاد دەکەیت.. لەوەتەی هەی..!! لەوەتەی هەی..!!

هاوکات هەردووکیانم بۆ یەکەمین جار بینی، لەناو چیمەنەکەوە بەرەو لام دەهاتن و گۆچانیان بەملا و بەولادا دەکوتا.. نازانم تا گەیشتنە ئاستی من و دەستیان لە ملم ئالاند، چەند جار قاچیان هەڵنووتا و خۆیان بەم دار و بەو بەرد گرتەوە.. باوەڕم وابوو زۆر شتم پێ بڵێن، بەڵام هیچیان لە دەم نەهاتە دەرێ.. تەنها بەو چاوانەیان، کە هێندە لە یەکتر دەچوون، زەحمەت بوو کەس بتوانێ جیاوازییەکی بچووکیان تێدا بدۆزێتەوە؛ پیشانیان دەدام ئەوانیش دوو تەلیسمی تری ماڵەکەمانن.. بۆ ساتێ وا چووە ئەقڵمەوە ئەو گلێنانە کوێر نین، بەڵکو تەنها شتە دوورەکان دەبینن و نزیکەکان بەلاوە دەنێن.. بەجووتە دەچوونە دەرێ.. هاوکات و لەسەر یەک ڕێتم گۆچانیان دەکوتا و بێدەنگ بێدەنگ بە شەقامەکانی ناو بازاڕ و قەراغی شاردا هەنگاوی هاوشێوەیان دەنا.. دوو پەیامنێر بوون و «بابە!!»یان لە ورد و درشتی دەرەوە ئاگادار دەکردەوە.. بەڵام کەی دەچوونە لای و کەی دەهاتنەوە..؟! نازانم.. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەوان، هەموو شتێ لە ماڵەکەدا گۆڕا.. لە پێش هەموویانەوە سیما و هەڵسوکەوتی دایکم.. بە حەفتە جێیدەهێشتین و نەمدەزانی بۆ کوێ دەچێت.. ئەوەی لێی تێدەگەیشتم، لەوە تێنەدەپەڕی، کە ئەم ماندوو دیارە و جار لەدوای جار لاواز و بێهزتر دێتە بەربیناییم.. سەرەتا تەنها بە سەرنجەکانی نیشانی دەدام، کە منم هۆی ئەو سەغڵەتییەی.. دوایی بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە پێی دەوتم:

ـ فریا ناکەوم..!! فریای هیچ ناکەوم..!!

بەوەدا دەمزانی ئەو ئەرکێکی گەورەی لە ئەستۆیە.. نازانم بۆچی جورئەتم نەدەکرد لێی بپرسم بە چییەوە خەریکە و ئەو کارانە چین فریایان ناکەوێ.. لێشم ڕوون بوو وەڵامی هیچ پرسیارێکم ناداتەوە، بۆیە هەر جارێ بەشێوەیەک دەمهێنایە بەرچاو، کە ئەو بۆ کوێ چووە و خەریکی چییە.. هەمووشیم دەکردە بابەتی چیرۆک و بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکانم دەناردن.. ئینجا هەندێ نووسەر دەیانوت: «ئەو شتانە چەند دژی لۆژیکن..!! ڕووداوەکان قەناعەت بە خوێنەر ناهێنن.. زمانی کارەکتەرەکان شێواون، بگرە ورێنەن.. شوێنی ئاوا کوا هەیە.. تۆ بڵێی ئەمە کۆمەڵگای خۆمان بێت..!! ئەرێ ئەو کارانە چین، کە ئەو ژنە خەریکیانە..؟!» لەگەڵ

دەرکەوتنی «هەڵۆ»ی برام، ئەویش گەڕایەوە سەر دۆخی جارانی و ماڵی جێنەدەهێشت.. هاوکات خەڵکی سەیر سەیر هامشۆیان دەکردین، کە من پێشتر لە هیچ شوێنێکدا نەمبینیبوون.. جا چونکو هەرگیز دەمیان هەڵنەدەهێنایەوە، بۆیە نەمدەزانی کوێندەریین و بە چ زمانێک دەدوێن.. بە کونوکەلەبەری ماڵدا دەگەڕان و سەرنجی قووڵیان لە هەموو شتێ دەدا، بێجگە لە من و لە ژووری باوکم.. وەک بڵێی ئێمەیان نەدیبێت، یان نەیانەوێت بزانن هەین.. لەمانەیش سەیرتر ئەو خەڵکانەی جاران بە ژەمێ نان و چەپکێ گوڵەوە دەهاتنە لای، تا شیعر بۆ مردووەکانیان بنووسێت، بەتەواوی وازیان هێنا و تاقە کەسێکم نەبینی بەو مەبەستە ڕوو بکاتە ماڵمان.. دایەیش لەو بارودۆخە تازەیەدا بەتەواوی دەمی داخست و وەڵامی هیچ پرسیارێکی نەدامەوە.. تەنانەت وەکو جاران نارەزاییشی دەرنەدەبڕی.. دوا قسەی هەر ئەوە بوو، کە پێی وتم «هەڵۆ»ی برام زۆر لێم پڕە، چونکو بە نووسینەکانم نهێنیی ماڵەوە دەبەمە دەرێ.. بەڵام لای من سیمای شوێن وا گۆڕا بوو، نەمدەزانی ناوەوە لە کوێوە کۆتاییی پێدێت و دەرەوە لە کوێوە دەستپێدەکات.. ئەمە ئەو تەکنیکەیە، کە من لە چیرۆکەکانمدا بەکارمدەهێنا، بۆیە هێندەی دی ژیانم تێکەڵ بە هی کارەکتەرەکانم بوو.. ئینجا زانیم بۆچی خوێنەر هیچیان لێ تێناگات.. وەکو چۆن ئێستا خۆم سەر لە خۆم دەرناکەم.. ماوەیەک وا چووە ئەقڵمەوە دنیا کۆتاییی هاتووە و من تەنیا ماومەتەوە.. هەموو ئەوانەی دەیانبینم، لە تارمایی زیاتر، شتێکی دی نیین.. یان وامدەزانی دوای دەیان سەدە لەگەڵ دەنگێک لە گۆڕەکەمدا ڕاپەڕیوم، کە دەڵێت:

ــ ببوورە ڕازاو خانی بەڕێز، تۆ نازانی ئەو مردووانەی دەوروبەرت بۆ کوێ ڕۆیشتوون..؟!

ئەمە لە ئەشکەوتی کێوێکی دوور دوور دەردەچوو و لەناو گۆڕەکەمدا کۆمەڵێ سەدای دیکەی لێ دەخولقا.. پاش ئەوەی دەهاتمە دەرێ و لە بەرامبەری دەوەستام، هێشتا لەوێ، لەناو گۆڕە تاریکەکەمدا، بە چەند نەغمەی تر دەنگی دەدایەوە.. گۆڕستانێکی فراوانی کشوماتم دەبینی و نیشانەی ترسێکی گەورەم لە دەوروبەر هەست پێدەکرد.. سەرەتا پشتم بە کێلەکەم دەدا و بە هەرچوار لای خۆمدا دەمڕوانی، بەڵام نە دەنگێکم دەبیست لە گیانلەبەرێکەوە دەرچوویێت و نە شتێکم دەبینی، سیمای ژیانی پێوە دیار بێت.. زەوییەکی بێگیان و ئاسمانێکی کپ و بێجووڵە.. منێکی دڵ پڕ لە گومان و وەسواسی، کە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد لە پەراسوومدا پیاوێک بخولقێت و ئەم دنیا چۆڵوهۆڵەم لەگەڵ ئاوەدان بکاتەوە، دەبوایە بەرگەی قورسترین تەنیایی بگرم.. خەیاڵەکانم لەگەڵ ئەو ترسە ئەبەدییە ڕانەدەهاتن و بەرەو ماڵ دەیانگێڕامەوە.. ناچاریان دەکردم فێڵ لە خۆم بکەم و جارێکی تر باوەڕ بەوە بێنم من هێشتا لە ژیاندام.. بە ناو حەوشە فراوانەکەدا هەنگاوی نارێک و شێواوم دەنا و بیچمی شتەکان تەواو لە بەرچاوم دەگۆڕان.. لەو ژنە سەیرانەم دەڕوانی، کە ڕیزاوڕیز لەناو چیمەنەکەدا منداڵەکانیان پاڵدەخست و بەدیاریانەوە دۆشیان دادەبردەوە.. لق و گەڵای دەرختەکانیان لە پێڵاو و لەتەئینجانە و سەتڵ و جام و شتی تر دەپێچا و وەکو سەرین

دەیانخستنە ژێر سەریانەوە.. نەمدەویست نە لە خۆم و نە لەوان و لە دایکم بپرسم ئەمانە کێن لێرە و بۆچی و لە کوێوە هاتوون.. لە کاتێکی ئاوادا هەر وەڵامێک ببیستی، لە پرسیارەکە ترسناکترە.. ئەوەندە بەسە باوەڕ بەوە بێنی هێشتا تۆ لە ژیاندایت و خەڵکانێکت لە دەوروبەردا ماون.. با ئەوانە کۆمەڵێک تەلیسمیش بن و سیمای مرۆڤی ڕاستەقینەیان پێوە دیار نەبێت...... لە حاڵێکی ئاوادا چاکتر وایە چاو لەسەر هەنگاوەکانت هەڵبڕی، تا ئەو هەموو ترس و شێوانەیان پێوە نەبینیت و بەرەو ژوورەکەت بچیتەوە.. تۆ جارێکیان یەکێ لە چیرۆکەکانی خۆتت بە دەنگ دەخوێندەوە و ئێمەیش لە پشت دەرگاوە گوێمان لێ گرتبووی.. پەرەگرافی کۆتاییمان بیرناچێتەوە: «چاکترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە نهێنی و لوغزەکانی ماڵ، جێهێشتنیەتی، بۆئەوەی هەموو ئینتیماکانت لە دەست بدەیت و وانەزانیت شوێنێکت هەیە بۆ حەوانەوە».. کەچی خۆت نەتتوانی تاقە ڕۆژێک لێی دوورکەویتەوە، بگرە ئەو چەند کاتژمێرەیش بە مەبەستی کاری زۆر پێویست بۆ ئەملا و ئەولا دەچوویت، هەر خێرا و بەپەلەپرووزێ دەهاتیتەوە.. زۆربەی کات خۆت دەخزاندە کونجی ژوورەکەت و لە خەیاڵەکانتدا نغرۆ دەبوویت.. بەڵام تۆ زەحمەتە لە هیچ حاڵێکدا کەمترین شت لەم ماڵە و لە ئەندام و کەلوپەلەکانی تێبگەیت، چونکو تۆ ئەگەرچی بەپێچەوانەی ئێمەوە چاوەکانت ساغن، بەڵام دەنگەکان بە چەوتی دەبیستی.. دەتوانین بڵێین «دادە سازان»یش هەمان تەنگوچەڵەمەی تۆی هەیە.. ئەو بەڕاستی سەداکان وەردەگرێت و نابینایە.. ئێمە چونکو دوانەی لەیەکچووین و هەمیشە پێکەوەین، لە تواناماندایە سرتە و چرتەی هەموو تەنێک ببیستین و هاوکات دەتوانین هەر لە ڕێی دەنگەوە شتەکان و بگرە ئەودیویشیان وەکو خۆیان ببینین.. دەسا بۆیە ئێمە زیاتر ئاگامان لە دەوروبەرە.. تەنانەت لە بەشێکی نهێنیی ئەم ماڵەیش تێگەیشتووین.. جاران هەموو بەسەرهاتێکمان بۆ دایە دەگێڕایەوە، بەڵام ئەم هەمیشە پێی دەوتین:

ـ دەمتان داخەن خەڵەفاوینە.. قسەکانتان هیچیان بەسەر هیچەوە نییە.. مێشکتان بردووم.. حەوسەڵەی ئێوەم نەماوە.

ئەنجام وازمان هێنا و زمانمان هەڵنەهێنایەوە.. تۆیش لەگەڵ منداڵێکی دیکەدا لە دایک بوویت، بەڵام ئێستاش کەس نەیزانی ئەو چی بەسەرهات.. بەیانییەکی تەمومژاویی پایز لەگەڵ غەڵبەغەڵبێکی سەیر ڕاپەڕین.. تێنەگەیشتین ئەو خەڵکە لە کوێوە هاتن و ئاوا لەپڕ ڕژانە حەوشەکەمانەوە.. بەشێکیان لەبەر بێجێگایی چوونە سەر دیوارەکان.. منداڵەکان هەر زوو سەر کەپری مێو و کولانەی مریشکەکانیان قۆزتەوە.. بەردەرگا و کۆڵان و سەربانیش جمەیان دەهات.. پێیان پەتی و جلیان دڕاو و قوڕاوی.. شتی سەیر سەیری وایان پێبوو، کە باوەڕمان نەدەکرد بۆ هیچ مەبەستێک دەست بدەن.. وەک بڵێی ئەوانە لەودیوی بوونەوە هاتبن و زمان نەیتوانیبێت بیانخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، تا ناویان بەسەردا بسەپێنێت و بەئاسانی بیانناسینەوە.. نا، زەحمەتە ئێمە بتوانین وەسفی ئەو شتانە بکەین، یان وێنەیان بکێشین..

پیرەمێردێک خۆی گەیاندە بەرپەنجەرەی «بابە!!» و وتی:

ــ ئەی مەروانی شاعیر ئێمەیان لەوێش دەرکرد.. ئەوەی توانیومانە لەو هەموو موڵک و سامانی زۆر دەربازیان بکەین، هەر ئەو شتانەن، کەوا لەگەڵ خۆمانمان هێناوە.. ئەی مەروانی شاعیر هاتووین لێت بپرسین ئاخۆ بچینە کێوەکان و چەک بۆ باوکە جوانڕۆ هەڵگرین، یان لە کەلاوەی شارەکاندا خۆمان مەلاسدەین..؟! ئەی مەروانی شاعیر تەنها تۆ دەتوانی پێشبینیی داهاتووی ئێمە بکەیت و چارەنووسمان بخوێنیتەوە.. جاری پێشوو گوێمان لێ نەگرتی و دوای سوورەی ورگن کەوتین.. ئەنجام وەکو هەموو ئەوانەی ڕابردوو دەرچوو و بەنائومێدی بەرەو شار گەڕاینەوە.. گەورە و بچووک شەو و ڕۆژ کارمان کرد و ئارەقمان ڕشت، تا توانیمان بەشێکی شتەکانمان بە دەست بێنینەوە.. ئەمجارە تۆ چی بڕیار بدەیت، ئێمە جێبەجێی دەکەین.

چاوەڕێ بوون وەلامێک ببیستن، بەلام دەنگێک، چرپەیەک، نووزەیەک لەودیوی ئەو جامە تەڵخەوە نەهاتە دەرێ.. یەک دوانێکیان لە کۆلان وتیان:

ــ کەسێک نییە بە ناوی مەروانی شاعیر.. ئێمە هەڵخەڵەتاوین.. وەرن با ئەو ژوورە بڕووخێنین.

هەر خێرا درانە بەر گوللە و خوێنیان ڕژایە سەر چەوی بەردەرگا.. دوای ئەوە چەند ژنێک لە کۆلان سەربڕان.. ئێمە ئەوسا تێگەیشتین، کە «قوربانی»، هەولێکە بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکان، یاخود بۆ نزیکبوونەوە لە هێزێکی گەورەی هەڵسوڕێنەر، بەلام نەمانزانی بۆچی ئەوان تەنها مێینەیان هەڵبژارد.. لەو ئانوساتەدا ناڵەناڵی دایە لەم ژوورە بەرز بووەوە.. پیرەژنێک بە دەنگێکی نووساو وتی:

ــ بەرەژانیەتی.. وا دەبێت.. ئای لەو نەگبەتییە..!!

گوێچکەی خۆمان توند توند گرت.. دوای ماوەیەکی زۆر کردمانەوە و دەنگی دایەمان بیست:

ــ کوا ئەوەی تر..؟! بردیان.. بردیان.. بۆ کوێیان برد..؟!

تۆ ئێستا وادەزانی ئەوەی ئێمە بۆت دەگێڕینەوە، چیرۆکی «مەروان»ی چیرۆکنووسە و پێشتر خوێندووتتەوە، بەلام لەوە دڵنیابە، کە ئەم ئەو ڕووداوانەی لە «مام هاوار»ی باوکی بیستووە و بە هەندێ دەسکارییەوە دایڕشتۆتەوە.. هەر بۆ چاوبەستیش ناوی کارەکتەر و کات و شوێنی گۆڕیوە.. بەڵێ، «مامە هاوار» هەموو بەیانییەک دەهات و بە سەعات لەبەردەم ئەو پەنجەرەیە دەوەستا.. جووڵەی لە خۆی دەبڕی و وای پیشاندەدا ــ دوورنییە وایش بووبێت ــ کە ئەم تاکە مرۆڤێکە دەنگی «بابە!!» دەبیستێت.. هەر ئەمیش شیعرەکانی ئەوی دەنووسیەوە و بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دەناردن.. یاخود بە چاکترین شێوە بە چاپی دەگەیاندن.. ئەو ڕۆژەیش لەوێ وەستابوو و لەو خەڵکە سەیرانەی دەڕوانی.. گوێی لە دەنگیان دەگرت و

هیچیشی نەدەوت.. کاتێ باسی «مامە هاوار» بکەین، ناکرێت ئەو ڕۆژەمان نەیەتەوە یاد، کە دایە لە دواوە دەستەکانی لە ملی ئالآند و بردیە ژووری خۆی.. «بینین» بۆ ئێمە بە هۆی چاوەکانمانەوە نییە، تا بمانگرتنایە و لە دیمەنی ئاوامان نەڕوانیایە، بەڵکو لە ڕێگای هەستێکەوەیە، کە ناکرێ بۆ ساتێکی کورتیش بەرزەفتی بکەین و نەبینە شاهێدی تراژیدیاک، کە لە هیچ لایەکەوە سنوورەکانی دیار نین.. «مامە هاوار» هیچ نارەزاییەکی پیشان نەدەدا و گوێڕایەڵانە هەموو ئارەزووەکانی دایەی بەدی دەهێنا.. دایە هەر دوای ئەوەماڵی جێهێشت و تۆی ساوایشی لەگەڵ خۆیدا برد.. دوای دوو ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێ چەکداری سیس و ڕەنگزەرد گەڕایەوە.. نەمانزانی ئەو منداڵەی باوەشی کێ بوو.. مەبەستمان ئەوەیە تێنەگەیشتین تۆ ئەوەیانیت، کە لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە دیار نەما، یان ئەوەی دایە پێش دوو ساڵ لەگەڵ خۆیدا بردی.. چەکدارەکان چەکەکانیان هێندە سەیر بوون، بە هیچ وشەیەک وەسف ناکرێن.. تەنانەت ئەگەر لە بەردەرگا هەموویان بەجارێ نەیانوتایە: «سوێند بەم چەکانەمان ناپاکیی لەم ماڵە ناکەین» و لەگەڵیا بۆ ئاسمانیان بەرز نەکردایەتەوە، نەماندەزانی ئەم تەنە عەجیبانە تفەنگن و بۆ شەڕ دەست دەدەن.. یەکێکیان لە پەنجەرەکەی «بابە!!» نزیکبووەوە و وتی:

ـ ئەی مەروانی شاعیر ئێمە ئێستا توانیومانە بەتەواوی ئەوێ بخەینە ژێر دەستەڵاتی خۆمانەوە و باوکە جوانڕۆ هەر لە ئەشکەوتەکەی جارانە.. چاوەڕێی فەرمانی تۆیە تا پێی بڵێیت شوێنەکەی بگوازێتەوە.

«مامە هاوار» وەکو هەموو جارێکی تر لەوێ بوو و بەو چاوە ڕەش و زەقانەیەوە لێیان ڕادەما.. لەمەوە دیار نەما و ئێستاش نەمانزانی چی بەسەر هات.. تمەز دەیویست بە تەواوی نهێنیی ئەم ماڵە بزانێت و ڕۆژێک بۆ کوڕەکەی بگێڕێتەوە.. ناوی ناوە «مەروان» بەو مەبەستەی ببێتە شاعیرێکی ناوداری وەکو «بابە!!»، بەڵام لە هەموو ژیانیدا نەیتوانی شیعرێک بنووسێت.. بەسەرهاتی چیرۆکەکانیشی وەکو وتمان هەر ئەوانەن، کە لە ناو ماڵی ئێمەدا ڕوویان داوە و باوکی بۆی گێڕاونەتەوە.... من یەکەمجار ناوی «مەروان»م لەسەر لاپەڕەی گۆڤارێکی نهێنییدا بینی، ترسێکی سەیر خزایە گیانمەوە.. ماوەیەکی زۆر سەرسام و ئەبڵەق لە خەیاڵمدا نقووم بووم.. نەمدەزانی دژایەتیی بکەم، یان پێیدا هەڵبڵێم.. ئەوەندە دەزانم دەبوایە لەم دوو ڕێگایە، یەکێکیان هەڵبژێرم.. لە هەردووکیشیاندا ئامانجم ئەوە بوو لێی نزیک ببمەوە.. هەستێکی پەنهان لە دڵما پێی دەوتم من عەشقی ئەوم.. عەشق..؟! بەڵێ، عەشق.. لەوە زیاتر ناتوانم ناوێکی تری لێ بنێم.. ئەویش وەک بڵێی چاوەڕێی شتێکی ئاوای کردبێت و زانیبێتی من درەنگ یان زوو ڕووبەڕووی دەبمەوە، بۆیە هەر لە یەکەم چیرۆکیدا لە سەر زمانی یەکێ لە کارەکتەرەکانیەوە دەڵێت: «خۆشەویستی، مەرج نییە هەمیشە ڕێگای چاکە بگرێتە بەر».. بەڵام نا، من ئێستاش نازانم بۆچی «مەروان»ی چیرۆکنووسم خۆشدەویست و ئەوەندەش لێی دەترسام.. ئایا لەبەر ئەوە بوو، کە لە دنیای ئەودا ژن هێندەی دڕکە زەردەکانی

پایزییش تەمەنی بەرناکەوێت و هەمیشە دەبێتە قوربانی..؟! نازانم، هەر ئەوەندەم لا ڕوونە، کە دەترسـام.. هەر بەو ترسەوە بە دوایدا دەگەڕام و نەمـدەدۆزیەوە.. دۆزینەوەیشی سـەرەتای تراژیدیایەکی دیکە بوو.. بەڵێ، ئەمە بە ڕوونی خۆی دەخستە بەرچاوم.. ئەوێک، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بازاڕ و کافتریا و لە کـۆڕ و کۆمەڵەکاندا نەدەبینرا و تەنها بە چیرۆک لە هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەی نهێنییدا دەردەکەوت، دۆزینەوەی ئاسان نەبوو.. بەو زمانەی بەکاریدەهێنا و کارەکتەرەکانی پێی دەدوان، دەمتوانی لەوە تێبگەم، کە ئەم لە شوێنێکی سەیر، زۆر سەیر، دوور لەم ئاوەدانییەی ئێمەدا دەژی.. وردترم دەکردەوە و دەگەیشتمە ئەو باوەڕەی، کە لە ڕیزی جەنگاوەرانە.. مەبەستم لەوانەیە، کە بەبێ فەرمانی «بابە!!» نەدەجووڵانەوە.. ساڵی پار گومانم نەما، کە من ڕاستی بۆ چووم.. لەمەوە من وامزانی لە بەردەروازەی جیهانی نهێنیی ئەودا وەستاوم و بە یارمەتیی «هاژە» و «تارا»ی خوشکم دەچمە ئەودیویەوە، بەڵام ئەوسا ئەوان لە یەکتر جیابووبوونەوە.. تەنانەت بۆ ساتێکیش پێکەوەم نەدەبینین.. هەر یەکەیان بە جوودا باسی ڕابردووی خۆی و هی دایک و «باوک!!» و ماڵ و شتەکانی تری بۆ دەگێڕامەوە، بەبێ ئەوەی بەلای ئەو قسانەدا بچن، کە خۆیان ڕۆژگارێک دەیاندا بە گوێچکەمدا و سووریش بوون لەسەر ئەوەی ڕاستیین.. بەڵام پێچەوانەی جاران تامم لە باسەکانیاندا نەدەبینی و سەرنجیان ڕانەدەکێشام، بگرە نەمدەویست هەر گوێیان لێ بگرم.. ئەوە لە کاتێکدا گۆڕانەکانی ناو ماڵ و دەوروبەرم لە خێراییەکی سەرسوڕهێنەردا بوون و فریا نەدەکەوتم هیچیان لێ تێبگەم.. ڕۆژ بە ڕۆژ مرۆڤی سەیرتر هامشۆیان دەکردین.. هەر ئەمانە وردە وردە دەرژانە گەڕەکەکان و خۆیان دەخزاندە خانووەکانەوە.. نهۆمی تریان لەسەر خانووە کۆنەکان هەڵدەچنی و کۆڵانەکانیان تاریک دادەهێنا.. هەندێکیان خانووی تریان لە شوێنە چۆڵەکان بنیات دەنا و هەندێکی تریان ڕەشماڵیان لە دەوروبەری شار هەڵدەدا.. تاقە جێگایەک، کە نەیاندەگۆڕی، یاخود نەیاندەویست بیگۆڕن، ماڵی ئێمە بوو.. تا دەهات کەلوپەلی سەیریان بەناو بازاڕدا بڵاو دەکردەوە، بەڕادەیەک سیمای هەموو دووکان و سەر عەرەبانەکان گۆڕان.. زەحمەت بوو من بزانم ئەو شتانە بۆچی باشن و بۆ چ مەبەستێک بەکاردێن.. دەمویست چاوەکانم دەربهێنم و چیتر نەڕوانمە دەوروبەرم، چونکە بووبوونە دوو ئەندامی بێکەڵک و نەیاندەتوانی هیچ شتێک بناسنەوە.. ئەوەی ڕۆڵی دەبینی، هەر گوێچکەکانم بوون.. ئاخر ئەوان ئەگەر ناوی شتەکانیان نەوتایە، ئەوا من هەرگیز نەمدەزانی چیین.. بۆ نموونە ئەو منداڵە دەستفرۆشانەی دەرگای قەیسەری، ئەگەر بەیانییان پێشم لێ نەگرن و پێم نەڵێن: «دادە گیان ئەمانەی من نایلۆنی عەللاگەی باشن، هەرچەند شتیان تێبکەی، نادڕێن»، ئەوا من مەحاڵە بزانم ئەوانە نایلۆنی عەللاگەن و دەتوانم بەدەستیانەوە بگرم.. هەر بۆیە کاتێ دەگەڕێمەوە ماڵ، دنیایەک کەلوپەلم پێیە، بەبێ ئەوەی بزانم ئەوانە چیین و دەبێ بۆچی بەکاریانبهێنم.. خوشکە کوێرەکانم وەکو من نیین.. ئەوان دەتوانن بەبێ تەنگوچەڵەمە بچنە بازاڕ و تەنها بە دەستکوتین لە شتەکان،

بیانناسنەوە و بە دروستی ناویان بڵێن.. کچە کوێرەکانی دراوسێمان، کە نازانم لە کەیەکەوە ماڵیان هاتۆتە گەڕەک و ئاوا من دەناسن، ئێواران بەبێ ئەوەی ڕێگام دابن، دێنە لام و بە ئارەزووی خۆیان دەسکاریی کەلوپەلەکانم دەکەن.. ئەو کەلوپەلانەی، کە من هەرگیز نازانم چین و بۆچی باشن، تەنها شاگردە چاوقایم و بێشەرمەکانی ئەو دووکاندارە نوێیانە بەزۆر بەسەریاندا ساغکردوومەتەوە؛ ئەوان، ئەو کچە کوێرانەی هەرگیز ناتوانم ناویان بنێم دەستەخوشک یان ناسیاو، یەک بە یەکیان دەناسن و زلوونگەیان لەسەر دەدەن:

ــ وای ڕازاو گیان ئەم سووراوە چەندێ جوانە..!! دە تۆ بڕوانە لێوم.. لەگەڵ ڕەنگی دەموچاوم زۆر هاتووە.. وا نییە..؟! دەڵێی چی بۆ خۆمی هەڵگرم..؟! مەترسە پارەکەت بە زیادەوە دەدەمەوە.

ــ درۆت لەگەڵ ناکەم ڕازە تۆ زەوقێکی سەیرت هەیە.. ئاخر ناشیرین ئەم جووتە پێڵاوە ناسکەت چۆن دۆزیوەتەوە..؟! ئەوە دە ڕۆژە ئەمسەر و ئەوسەری بازاڕ لێکدەدەم و شتێکی ئاوام لێ هەڵناکەوێ..!!

ــ پێت ناخۆش نەبێ ئەم گوارانە لەگەڵ شێوەی دەموچاو و ڕەنگی قژ و درێژیی ملت نایەن.. بۆ لەگەڵ ئەمانەی من نایانگۆڕیتەوە..؟! بە چی باوەڕ دەکەی دنیایەک پێیانەوە جوان دەردەکەوی.

دەمەوێ بەسەریاندا بقیژێنم و بڵێم ئێوە ئەم تەنە سەیرانەم بۆ لێدەکەن بە سووراو و بە گوارە و پێڵاو و نازانم چی و چی، بەڵام کاتێ دەبینم، وا چاکترە بڵێم کاتێ هەست دەکەم ئەوانە بە کوێرەیی خۆیان لە منێک، کە دوو چاوم پێوەیە زیاتر سەریان لە شتەکان دەردەچێت، ئەوا ناچار بێ دەنگ دەبم و لە ناخەوە خۆم دەخۆمەوە.. هەر چۆنێک بێت ئەوان فۆرمێکی چەسپاویان هەیە و ناگۆڕێن، بەڵام لە دەرەوە، بە تایبەتی لە بازاڕ و گەڕەکە تازەکان بەردەوام شێوەی مرۆڤەکان لە گۆڕاندان.. گۆڕانێکی هێندە خێرا، بە ڕادەیەک زەحمەتە ئەوەی ئێستا هیچی لەوەی تاوێ لەمەوبەر بچێت.. ئەو ئاسنە ژەنگاوییانە چین دەیانپۆشن..؟! ئەو هەموو پارچە میتاڵە سەیر سەیرانە چین بە خۆیانەوە دەکەن..؟! ئەو شتانە چین لەو کارگانە بەرهەمدەهێنرێن..؟! ئەو شتومەکانە چین دووکاندارەکان دەیانفرۆشن..؟! ناتوانم باوەڕ بەوە بێنم، کە ئەم تەنە سەیرانەی بە جەستەی ئەو خەڵکەوەن، چاویلکە و گوارە و بازن و دەستکێش و نازانم چی و چی بن.. من لەناو ئەو ئاپۆڕەیەدا، لەناو ئەو پاشاگاردانییەدا سات لە دوای سات زیاتر سەرم لێ تێکدەچێت و ئەم شت لەو شت جیا ناکەمەوە.. جاران من کارەکتەری بۆڤاریانەم بۆ خۆم دەخوڵقاند، تا لە ڕێگایەوە واقیع بەجێبهێڵم و لە خەیاڵدا شوێنێکی ئایدیالییم دەستکەوێت، بەڵام ئێستا دەمەوێ لەم خەیاڵە ئەبەدییە تۆقێنەرە ڕاکەم و بەرەو واقیع بگەڕێمەوە.. نا، من لەناو ئەو یۆتۆپیایەدا حەیران و سەراسیمە دەمێنمەوە و بواری گەڕانەوەم نەماوە.. گەڕانەوە، ئەو تەکنیکە بوو، کە من لە چیرۆکەکانمدا بەکارمدەهێنا

و لەزەتی دنیام لێ دەبینی.. دەمویست کارەکتەر وێنەی مشکەکەی «ثۆرەندایک» ئەبلەق و سەراسیمە لەناو ڕێگومکەکاندا بێت و بچێت و بە هیچ شوێنێک نەگات.. بەڵام ئەمڕۆ ژیانی ئەم دەوروبەرە لەسەر شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی «مەروان هاوار» بەڕێوە دەچێت و بە تەواوی بە من نامۆیە.. زمانی کارەکتەرەکانی ئەوە بۆتە زمانی هەموو ئەو خەڵکە.. دواجار گەیشتمە ئەو باوەڕەی کێشەی من لەگەڵ ئەم دنیایە تەنها بینین نییە، بەڵکو زمانیشە.. من شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی خەڵک دەیانبینن، دەبینم، ناوێکی جیاوازیشیان لێ دەنێم.. دیارە بە چەوتییش دەنگەکان دەبیستم.. هەر بۆیە باوەڕم بە گوێچکە و چاوەکانم نەماوە و چیتر زمانیشم هەڵناهێنمەوە، تەنها پشت بە خەیاڵەکانم دەبەستم.. ئەمەیش وام لێ دەکات هەر جارێ وا بزانم لە شوێنێکم و بەردەوام ڕووداوەکان دەمتۆقێنن.. ئێستا پێم وایە جەستەی خۆێناوییم لەگەڵ لاشەی دەیان ژنی تری وەکو خۆم لە دواوەی ئەم لۆرییەی شارەوانی فڕێدراوە و تاوێکی تر لە قەراغی شار بە شۆفەڵ دەنێژرێم، بەڵام نازانم کاتێ ئەم خەیاڵە کۆتاییی دێت، جارێکی تر لە کوێوە دەستپێدەکەمەوە.. ئەوەی سەیرە و هەندێ لەوانەی پێشوو جیاوازە، ئەو دەنگە پیاوانەیە، کە نازانم لە چ دەمێکەوە دەرچوو و خزایە کامە گوێچکەمەوە:

«ئەوانەی پێش ئەوەی بمرن، ژیاننامەی خۆیان دەنووسنەوە، کەسانێکی بەختەوەرن».

دانمارک/ زستانی ٢٠٠٠

* یەکێکە لە کۆمەڵەچیرۆکی «خەوننامەی دادە سۆزی»، کە بۆ چاپ ئامادەیە.

## گالیسکەی جەنگاوەرە ترسنۆکەکە

پێشکە بە هاوڕێیانم فوئاد شابان و هێمن شابان

باوکە مێژوونووسە پەککەوتووەکەم ڕایسپاردووم تا بۆم دەکرێت گوێ لە قسەکانی ئەو پیاوە بگرم و بیاننووسمەوە.. بەتایبەتی کاتێ مەست دەبێت و بە دەنگێکی کزی پڕ لە گریان دەریاندەبڕێت.. پێم دەڵێت کچی خۆم ئەو کابرایە هەموو وتەیەک لە شێوەی لوغز دەگەیەنێتە گوێچکەکانەوە.. تۆ وادەزانی ئەوانەی دەیانڵێت، چەند قسەیەکی سادەی ڕووتن، یان هیچ مانایەکیان نییە، بەڵام هەقت نەبێت و بۆمیان بنووسەرەوە.. ئەوە ئیشی منە چۆنیان لێکبدەمەوە.. ئەو وای لێکردم بیر لە نووسینی مێژوو بکەمەوە.. ئەوەی من پێشتر تێیدا شارەزا بووم، تەنها ئەوە بوو دەمتوانی لە ڕێگای تۆنی دەنگ و شێوەی دەربڕینەکانەوە، لە مەبەستی خەڵک تێبگەم.. هەر ئەمەیش یارمەتیی دام ئەو نهێنییە لەو پیاوەدا بدۆزمەوە.. ئەو تەنیا ئەوە نییە دەزانێت لە سەردەمە زووەکاندا چی قەوماوە، بەڵکو پێشبینیی زۆر ڕووداوی دیکەی داهاتوویش دەکات.. من لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا ئەمەم بۆ دەرکەوت.. ئەگەر سەرنجت لێی دابێت، زۆر بە کەمی دەدوێت.. ڕۆژی لە ڕستەیەک دوان زیاتر ناڵێت.. ئەو جووڵە سەیر سەیرانەی هاوکات لەگەڵ قسەکانیدا دەیانکات، زۆر گرینگن و هەموویانم بەوردی بۆ وەسف بکە.. ئەو پیاوە ئەگەر زوو زوو کەلاوەکەی جێدەهێڵێت و سەر هەڵدەگرێت، ئەوا دەچێت بۆ شەڕ.. بەڵێ، ئەو لە هەموو ئەو جەنگانەی بەردەوام لەم دەوروبەرە هەڵدەگیرسێن، بەشداری دەکات.. بەلایەوە گرینگ نییە ئەو شەڕانە لە کوێن و لە دژی کێن.. گوێی نەداوەتە ئەوەی کێ سەرکردایەتییان دەکات.. چاوی لە دەسکەوتەکانیش نییە.. وەنەبێت پیاوێکی ئازا و لێهاتوو بێت، نەخێر گیانی

پڕیەتی لە ترس.. بەڵام بەحەماسێکی گەرمەوە دەجەنگێت.. ئەسپێکی لەڕ و شمشێرێکی کولی هەیە.. هیچ جارێک نییە بریندار نەبێت، بەڵام نازانم چۆن ناکوژرێت.. لە جەستەی بڕوانە، هەمووی چاڵی قووڵ قووڵ و هێڵی سەیر سەیرە.. ئەوە شوێنی شمشێر و خەنجەر و تیرن.. بەڕادەیەک گۆڕاوە، زەحمەتە بزانی پێشتر چ سیمایەکی هەبووە.. لە گەرمەی شەڕدا ئەو جەستە شێواوەی سەرنجی ڕاکێشام.. لە کاتێکدا ترس و پەشۆکانیش هێندەی دیکە گۆڕیبوویان، وامدەزانی دەعبایەکی سەیرە و پەلاماری داوم.. تۆ تا بە چاوی خۆت ئەو پیاوە لە گەرمەی شەڕدا نەبینی، نازانی چۆن شێوەی دەگۆڕێت.. من دەستەوستانم لەوەی بۆتی وەسف بکەم، یان بە هەر ئاژەڵێکی خورافیی بچووێنم.. دەکرێت بڵێم ئەمە یەکێک بوو لەو هۆیانەی نەمتوانی لە ئاستیدا بەرگری لە خۆم بکەم و ئەو توانی زەفەرم پێ بەرێت.. پێم وتی ئەو پیاوە ئازا نییە، بەڵام دەبوایە بڵێم هیچ کەسێک ئەوەندە ترسنۆک نییە.. ئەوسا بۆم دەرکەوت، کە خۆی هەڵدایە سەرم و هەستم بەو لەرزینەی گیانی کرد.. ئەرێ من وتم لەرزین..؟! نەدەبا ئاوا بڵێم.. نەخێر، ئەو حاڵەتە هەرگیز بە لەرزین ناچێت، بەڵام کە نەتوانم ناوێکی دیکەی بۆ بدۆزمەوە، ئەوا ناچارم هەر بەو شێوەیەی وەسف بکەم.. گیانی منیشی لەگەڵ خۆیدا دەلەرزاند، یان دەهەژاند، یان نازانم چی لێ دەکرد..... وامدەزانی خەڵکی شوێنێکی دوورە و لەپێناوی هەندێ دەسکەوت بۆتە سەربازی سوپای سەفەوی، بەڵام دوایی زانیم دانیشتوانی ئەم شارەی خۆمانە.. لە کاتێکدا دەیویست بمکوژێت، تیرێک، نازانم لە کوێوە هات و کێ هاویشتی، بەر شانی کەوت.. هەر خێرا لە جووڵەی خست و لاشەکەی کەوتە تەنیشتم.. بۆیە دەڵێم لاشەکەی، چونکە وامزانی مردووە.. بڕوا بکە تۆیش ئاوات بدیایە، هەر وەکو من دەتوت گیانی دەرچووە.. شتێکی گرینگیش هەیە، نابێت بیشارمەوە.. ئەوسا لەتاوی برینەکانم، چاوانم بەحاڵ دەوروبەریان دەبینی.. ڕەنگە ئەو ڕووداوە بەشێوەیەکی تر بوو بێت، بەڵام من هەر سووروم لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە زۆر ترسنۆکە.. ئەگەر ئەوەندەیش پێ لەسەر ترسنۆکییەکەی دادەگرم، هیچ مەبەستم نییە بەشێوەیەکی سووک، یان دەستەپاچە پیشانی بدەم، بەڵکو دەمەوێت بزانی ترس چ حاڵەتێکی سەیرە لەو پیاوەدا.. ئازارەکان تا دەهات بڕستیان لێ دەبڕیم.. داخی لەوەیش گرانتر

بەدەستی کەسێکی هێندە ترسنۆک کوژرام، یان بۆ هەتاهەتایە لە پەلوپۆ کەوتم.. تکایە دیسان ئاگادار بە و بزانە ئەو داخەم هی ئەوسایە، نەک هی ئێستا.. لەوەوەش سەرچاوەی دەگرت، کە پیاوێکی ئاوا ترسنۆکم بە شایانی ئەوە نەدەزانی ژیانی من تا مردن نزیک بخاتەوە، بەڵام دواتر لەناو ئەو حەسارەی ئێستایشی لەگەڵدا بێت نەمزانی دەکەوتە کوێوە، چاوم کردەوە؛ تێڕوانینم تەواو گۆڕا.. نەمدەزانی نێوان مەیدانی شەڕەکە و ئەوێ چەندە و بۆ ماوەی چەند ئاگام لە خۆم و لەدنیا بڕاوە، بەڵام بینم وا پیاوە ترسنۆکەکە لە تەنیشتم ڕاکشاوە.. چەند هەوڵ دەدەم، نازانم چۆن گەیشتوومەتە ئێرە.. ژن و پیاوی غەریب غەریب دەبینم و تیمارمان دەکەن.. جار جار خواردن و خواردنەوەشمان بۆ دەهێنن.. هەرگیز لەگەڵمان نادوێن، تا بزانم کوێندەریین و زمانیان چییە.. منیش تا ئێستا هەوڵم نەداوە شتێکیان لەگەڵدا بڵێم.. تاقە کەسێک لێرەدا زمانی هەبێت، هەر ئەو پیاوە ترسنۆکەیە.. ئەو هەر چەند مەست دەبێت، دەکەوێتە گێڕانەوەی شەڕەکە.. هەر جارەی بەشێوەیەک.. بەڕادەیەک ئەوانەی ئێستا دەیانگێڕێتەوە، تەواو جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی پێشووی.. ئێستا بە قسەی ئەو بێت، ئێمە لە دەیان شەڕدا بەشدارییمان کردووە و لە هەمووشیاندا هەر بە برینداری گەڕاوینەتەوە.. شتێکی گرنگ هەیە، تاوەکو بیرم نەچووە، با پێتی بڵێ، هەموو ئەو شەڕانە لە گەرمای هاوینێکی زۆر داخدا هەڵگیرساون.. بە لای ئەوەشدا ناچێت، ئاخۆ ئێمە لەو شەڕانەدا دوژمنی یەکتر بووین، یان دۆست.. باسی هەندێ چەکم بۆ دەکات، هەرگیز باوەڕ ناکەم بە هەزار ساڵی دیکەیش چەک و تەقەمەنیی ئاوا بێنە کایەوە.. وەک بڵێی زانیبێتی من لەو بیرە قورس قورسانە تێناگام، یاخود ئەو گوتە سەیرانە ناچنە ئەقڵمەوە، زوو زوو پێم دەڵێت:

ـ لە ڕاستیدا شتێک نییە بەناوی خەڵقکردن، بەڵکو ئامێرەکان هەر خۆیان ئامادەن.. بەڵێ، هەموو شتێک لەم دنیایەدا دروست کراوە.. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ بزانێت چ شتێک بەستوویەتی و چ شتێک نەیبەستووە.. کاتێ ئەمەی زانی، ئاسانە دەست بەسەر تێکڕای ئامێرەکاندا بگرێت.

چووە حەوشەکە و لەژێر درەختە بەرزەکەدا ڕاوەستا.. قەدەکەی ڕاوەشاند و لقەکانی لە هەموو لایەکەوە لەرینەوە.. لە چاوترووکانێکدا گەڵای سەوز سەوز ناو

حەوشەکەیان داپۆشی.. سەرێکی بادا و وتی:

ــ من ئێستا ئەگەر نەزانم ئەم درەختە بەستوویەتی و بەکاری بهێنم، ئەوا پارچەکانی بڵاو دەبنەوە و بۆ هەر پێویستییەک، یان لەگەڵ هەر شتێکدا بەکاربهێنرێن، تێکی دەدەن.. با بڵێین چەند لقێکی دەگاتە لای دارتاش و دەیکاتە بێشکە.. ئەوە دڵنیابە هەر منداڵێکی بخرێتە ناوی، دەبەنگ دەردەچێت.. سبەینێ هەست بە ترس ناکات، زەحمەتیشە لەوە تێبگات چی بەستیویەتی و چی نەیبەستووە.

چاوەڕوان بوو لێی بپرسم، چۆن دەکرێت بە درەختێکی ئاوا بڵێین بەستوویەتی، لە کاتێکدا بە تاقی ئاسماندا هەڵچووە و سەوزایی بەو دەوروبەرە بەخشیوە.. بەڵام کە نەمپرسی، هەر خۆی درێژەی بە قسەکانی دا:

ــ ئێمە تازە لە شەڕ گەڕاوینەتەوە، هەموو گیانمان برینە، بۆیە زەحمەت نییە لەوە تێبگەین، چ شتێک بەستیویەتی و چ شتێک نەیبەستووە.

کەمێک وەستا و قووڵتر لە جاران لێم ڕاما:

ــ ڕەنگە تۆ وەکو پێویست هەستت بە ترس نەکردبێت، ئەگینا ئێستا بەئاسانی لەو مەسەلەیە تێدەگەیشتی.

جارێکی تر قەدی درەختەکەی ڕاوەشاند و بێشومار گەڵای سەوزی دیکەی هەڵوەراندە سەر ئەوانی ترەوە.. ئینجا وتی:

ــ هەرگیز باوەڕم بەو کەسانە نییە، کە بە منداڵی خراونەتە ناو ئەو بێشکانەی لە درەختی بەستوو دروستکراون.. ئەوانە نە فێری هونەر و فێڵەکانی شەڕ دەبن و نە هەستیش بە ترس دەکەن.. سوێند دەخۆم تۆیش یەکێکی لەوانە.. جۆرە کوللەیەک هەیە، زستانان ڕوو لەم ئاوەدانییە دەکات و ناوی کوللەی ئاگرینە.. گیانی ئەو کوللەیە گەرمترە لەو ئاگرەی ئاسنی هەرەمەکانی میسریان پێ تواندۆتەوە.. ئەگەر بگاتە ناو شار، لەسەر شتە بەستووەکاندا هەڵدەنیشێت و دەیانتوێنێتەوە، بەڵام ناگات، چونکە کەسانی وەکو تۆ پۆل پۆل ڕوو لە قەراغەکان دەکەن و یەک یەک دەیانپلیشێننەوە.

هەستم دەکرد تا ئەو زیاتر دەدوێت و من زیاتر بێ دەنگ دەبم، ئەو پتر باوەڕ بەوە

دەهێنێت من جـەنگاوەرێکی دەبەنگم.. نە دەترسـم و نە فـێریش دەبم چی بەسـتیـویەتی و چی نەیبەستووە.. دواجار پێی وتم:

ــ ئەرکی سەر شـانمە لەم چۆڵەوانییە گـالیسکەیەکت بۆ بدۆزمـەوە، نەیبەسـتبێت و بەم ئەسـپـەم، کـە چەندین سـاڵە لامـە و نەیبـەسـتووە، ڕاتکێشـم، بـۆئەوەی بەزووترین کات گیانی لەکەڵکەوتووت بتگەیەنمەوە ئاوەدانی.«*»

٢٣/٢/٢٠٠١ ناو شەمەندەفەری ڕێگای نێوان ڤێرلیوسە و کۆبنـهاگن

«*» یەکـێکە لە چیـرۆەکـەکـانـی کـۆمـەڵەی «خـەوننامـەی دادە سـۆزی»، کـە بۆ چاپ ئامادەیە.

# کاروان عومەر کاکەسوور

# پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن

**پێشکەشە بە «عەزازە» و بە هاوڕێیانی دیکەم لە میسر**

لە گەراج دابەزی...

ئەو یەکەمین کەس نییە لە گەراج دادەبەزێت.. مەبەست ئەوەیە لە چیرۆک و ڕۆماندا یەکەمین کەس نییە لەگەراج دادەبەزێت، دەنا لە واقیعدا ڕۆژانە، تۆ بڵێ لە هەر ساتێکدا، بێشومار خەڵک لە گەراجەکان دادەبەزن.. هێندە ئاسایی دادەبەزن، بەڕادەیەک هیچ سەرنج و تێبینییەکی تایبەت هەڵناگرن.. دێن و دەڕۆن.. سەردەکەون و دادەبەزن.. جانتاکان دادەگرن و سەریان دەخەن.. کۆمەڵێ جووڵەی ڕۆتینن، یان میکانیکیین.. هەندێ جار بێمانان.. نەخێر، ئەو بە کەمێک جیاوازی، وەکو کارەکتەری ئەو چیرۆکە لە گەراج دابەزی، کە سی و دوو ساڵ پێش ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار لەسەر مێزێکی فۆرمیکای کۆندا نووسی.. دەیان لەو چیرۆک و ڕۆمانانەی خوێندبووەوە، کە تێیاندا خەڵک بەمەبەست و بێمەبەست ڕوو لە گەراجەکان دەکەن.. لە کاتی خوێندنەوەدا هێڵی سووری تۆخ تۆخی بەژێر وشەی «سەفەر» و «جانتا» و «گەراج»دا هێنابوو.. لە ژوورێکی

بچـووکی مـاڵە کـۆنەکـەیان لە گـەڕەکی «ئیـسکان» ژنێکی سـەرووی پەنجـای دەهێنایە بەرچاو، بە جانتـایەکـەوە ڕاوەسـتـاوە، یان دانیـشـتـووە، یان خـۆیشـی نازانێت چی دەکات.. گرینگ ئەوەیە جانتایەکی گەورەی سەفـەری پێیە.. ویستی بیگۆڕێت.. تەمەنی تا ئاسـتی تەمەنی خۆی بچووک بکاتەوە.. هەژدە ساڵ.. خێرا پەشیمان بووەوە.. لە گەراجدا تەمـەن مـەسـەلەیەک نییە.. زەحـمـەتە بزانی کات خـێـرا یان سـست تێـدەپەڕێت.. ڕەنگە هـەر تێنـەپەڕێت.. لـەوێ شـتـەکـان لە جـووڵەیەکی سـەیر دان.. ئاڕاسـتـەکـانیـان دیار نین.. قـەبارەیان لـە گۆڕانێکی بـەردەوام دایە.. هـەر بۆیـە بـەبێ ویست بەلایانەوە دەنێـیـت و خـەیاڵت بـەرەو ڕابردوو، یان داهاتوو، یان بۆ ئەودیوی زەمـەن باڵ دەگـرێت.. دەیان ڕووداوی لابەلات وەبیر دێنەوە، یان بەناو مێشکتدا گوزەر دەکەن.. هەندێکیان خۆش و هەندێکیان بێزارکەر.. بەگشـتی خەڵەتێنەرن.. وادەزانی بیرۆکەی دەیان شیعر و چیـرۆکت دۆزیوەتـەوە.. پەلەی ئەوەتـە بگەیتـە شـوێنێکی ئارام و ورد ورد بیانـنووسیـتەوە، بەڵام دوایی بۆت دەردەکـەوێت هەمـوویان شتی هیـچوپووچن.. ڕستێک وشەی سواون.. لە گەراجدا تێکڕای خەڵک، جا هەر تەمەنێکیان هەبێت و لە هەر ڕەگەزێک بن، ئەوا بێ چەندوچوون شاعیر و چیرۆکنووسن، یاخود لە حـاڵەتی نووسین دان.. جـار جـار دەنگی شـوفـێرەکـان بۆ مـاوەیەکی کـورت لەو خـەیاڵـە قـووڵانەت دەردەهێـنن.. دەتگەڕێننەوە ناو گـەراج.. بـەڵام چونکە ئەوەی دەیڵێن تەنها ناوی شـار و شـارۆچکەکانە، بەو مـەبەسـتـەی نەفـەرەکانیـان کێش بکەن و بیـانئـاخننە ناو ئۆتۆمـۆبیل و پاسـەکـانـەوە؛ بۆیە دووبارە لێـرەت دوور دەخەنەوە....

لەپڕ وەسـتـایت.. جـانتـاکـەت لەنێـوان هـەردوو قـاچی ڕووتت دانا.. لەمـلا و لەولاوە پەنجـەکـانت بردە ناو قـژی خـاوتەوە، کـە چوار ڕۆژ نابێت لەو سـاڵۆنەی نزیک گەراجی «ئاکرێ» ڕەشت کردۆتەوە.. «سەرەتا کاڵ دەبێتەوە.. لە بەرتیشکی هەتاو و گڵۆپەکاندا مەیلەو قاوەیی دەردەکەوێت.. ئینجا مۆر هەڵدەگەڕێت.. زۆری

پێ ناچێت ڕەنگە سپییەکە دەگەڕێتەوە.. ئەمانە گەمەی کاتن».. دەرزیی تۆقەکەت ترازاند.. تیشکی ڕۆژی زۆر بەتینی چلەی هاوین داخی کردووە.. خستتە نێوان دانەکانتەوە.. لەودیو زمانتی چزاند.. تامێکی سەیرت چەشت.. بە جووڵەیەکی خێرا، کە ناوت ناوە جووڵەی ئاژەڵانە، سەرت ڕاوەشاند.. قژت ڕێکخستەوە.. جارێکی تر لەدواوە بە تۆقە تەڕەکەی ناو دەمت بەستت.... سەرەتای چیرۆکەکەیش بەشێوەیەکی نزیک لەمە دەستی پێدەکرد.. ئێستا هەمان تەمەنی ئەوت هەیە.. شتێک کەمتر شتێک زیاتر.. بەڵام ئەو لە گەراجدا دەیتوانی تەواوی شار بێنێتە بەرچاوی.. ڕووبەر و چڕیی دانیشتوانی.. تۆبۆگرافیا و ئاووهەوای.. مۆدێلی جلوبەرگ و شێوازی ڕێکخستنی ناو ماڵ.. زەمەنێکی دووردرێژی دەخوێندەوە.. پێشبینیی ڕووداوەکانی دەکرد.. هەر بۆیە زۆر جار سواری ئۆتۆمۆبیلێکی تر دەبوو و دەگەڕایەوە، یاخود بەرەو شارێکی دیکە دەچوو.. نەخێر، ئەمجارەیان دوودڵە.. لە شوێنی خۆی ناجووڵێت.. بەفری چلەی زستانی ئەم شارە دێرینە وردە وردە قژی و پاڵتۆ ڕەشەکەی وەکو سەرجەم شتەکانی ئەو دەوروبەرە دادەپۆشێت.. بەڵام جانتاکەی بواردوویەتی و سیمای هیچ شتێکی پێوە دیار نەماوە، بۆیە هێندە تینووی ڕەنگە و زۆر چڵێسانە کڵووە بەفرەکان هەڵدەمژێت.. لەسەر کەلێندەری قەد دیواری چێشتخانەکە (٣١/کانوونی یەکەم/ ١٩٧٠)ی بینی، ئەگینا نەیدەزانی سەری زەمەن گەیشتۆتە کوێ.. کەواتە کۆتاییی ساڵە.. جارێکیان، ڕێک لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، بەڵام کاتژمێر دوانزدەی شەو، لەگەڵ دایکی کەوتنە مشتومڕێکی گەرمەوە لەسەر ئەوەی ئەم دەیوت: «کۆتاییی ساڵ» و ئەو دەیوت: «سەرەتای ساڵ».. لەوێشەوە باسەکە وەکو زۆر جاری دی بۆ مەسەلەی ڕەشبینی و گەشبینی گۆڕا....

مریشکە سوورەکان دەستی یەکیان گرتووە و لەناو فڕنە لاکێشەییەکەی بەردەرگا لەسەر ڕێتمێکی چەسپاو بەدیار ئاگرەوە سەما دەکەن.. لیک دەخزێننە ناو دەمیەوە.. لەو گازینۆیەشدا کۆمەڵێ هەرزەکار و گەنج و پیر لەسەر کورسییە

شڕەکان دانیشتوون و بەدیقەتێکی ئێجگار سەیر و بەکپییەکی بێوێنەوە لە تەلەڤیزیۆنی سەر ڕەفی قەد دیوارە کۆنەکە ڕادەمێنن.. چەند منداڵێک، کە وادیارە پارەیان نەداوە، هاتوونەتە نزیک کورسییەکان و بەدزیی شاگردە گەنجەکان سەیری دەکەن.. جار جار یەکێکیان سینییەکەی دەخاتە سەر مێزێک و بە جنێو ڕاویان دەنێت، بەڵام هێندە نابات، چاوقایمانە دێنەوە و هەست لە خۆیان دەبڕن.. ئەگەرچی ئەویش لەوێوە ئاسان نییە سەرنجەکانی بگەیەنێتە سەر ڕووی ئەو شاشەیە، بەڵام چونکە پێشتر زیاتر لە جارێک فیلمەکەی دیوە، بۆیە دەتوانێت لێی تێبگات، بگرە ئەکتەرەکانیش یەک بەیەک لە نزیکەوە دەناسێت.. بەڵێ، لە «زەمالیک» و «عیمادەدین» و «گاردن سیتی» و لە تیاترۆخانە و چێشتخانەی «کیت کات» و چەندین شوێنی دیکەی «قاهیرە»دا بەشێکی ژیانی لەگەڵدا بەسەر بردوون.. تەنانەت دەزانێت ئەو ڕەنگە سپی و ڕەشانە لە بنەڕەتدا چین و ئاوا کامێرا گۆڕیونی.. ئەی چۆن..!! کامێرا وایە.. زۆر شت دەگۆڕێت.....

پەنجەکانت لە دەسکی چەرمینی جانتاکەت هەڵکێشا.. سووک سووک لەسەر ئەو شەقامە بەدوای خۆتتدا ڕاکێشا.. قیرەکە لەژێر تیشکی ڕۆژی زۆر گەرمی چلەی هاویندا تواوەتەوە.. هالاوەکە سووک و ئاسان بنی جووتە پێڵاوە فلاتەکەت دەسمێت.. لەودیو پێیە بریندار و کوتراوەکانت ئازار دەدات.. هەنگاوەکانت جار جار سست و جار جار خێرا دەکات.. لەگەڵیا دەنگی تایەی جانتاکەشت لەسەر قیرە نەرمەکەدا دەگۆڕێت.. چەند دڵۆپێک ئارەق دەخزێنە چاوانتەوە.. گلێنە خورماییەکانت دەکزێنەوە.. بە پەنجەی دۆشاومژەت پێڵووەکانت هەڵدەگلۆفیت.. ئاوڕ دەدەیتەوە.. شوێن تایەی جانتاکە لەملا و لەولاوە بەسەر قیرەکەوە دەبینیت.. لە چلەی هاویندا شەقامەکانی ئەم شارە ناسک دەبن.. ڕوونتر خۆیان نیشان دەدەن.. دەبنە ئاوێنە.. ئاوێنەی ماجیکی.. شوێنپێی ڕێبواران و شوێنەواری تایەی ئۆتۆمۆبیل و هەر دەعبایەکی دی لە خۆیاندا دەپارێزن، کە

بەمەبەست و بێمەبەست بەسەریاندا تێدەپەڕن.. ئەوسا مۆدێلی پێڵاوی پاژنەبەرز بوو.. پێیان دەوت «كعب العالی».. جا چی هەیە ئەوەندەی پێڵاو دڵ تەفرە بدات..!! لەپێکردنی ئەو پێڵاوانە واتە ئابڕووچوونی خۆت و بنەماڵەکەت.. مەسەلەکە بۆ کیژان لەوەش خراپتر لێکدەدرایەوە.. بەڵام کچانی «ئیسکان» لە هی گەڕەکەکانی دیکەی شار بەختەوەرتر بوون، بەوەی دەیانتوانی ئابڕووی خۆیان بەرن.. تۆی کچی فەرمانبەر تەلەڤیزیۆنیشت لە ماڵەکەتدا دەبینی و لاسایی جلوبەرگ و لەنجەولاری ئەکتەرەکانیشت دەکردەوە.. کاتێ بە چارلیستۆن و پێڵاوی پاژنەبەرزتەوە لە دەرگا دەهاتیتە دەرێ و بەلای قوتابخانەی «زێوەر» و «قازی محەمەد»دا تێدەپەڕیت، کوڕان دوات دەکەوتن.. هووهایان بۆ دەکێشایت.. هەرچییان دەکەوتە بەردەست لە تەماتە و هێلکەی سەر عەرەبانەی پیاوە ساندەویچفرۆشەکانی بەردەم قوتابخانە، تێیاندەگرتی.. تا دەگەیشتیە ستەیشنی پاسەکە، دەیان جار قاچەکانت لەباریەک دەچوون و بەم شت و بەو شت خۆت دەگرتەوە.. بەڵام هاودەم لەزەتێک، کە نەتدەزانی چییە، تانوپۆی دڵتی دەتەنی.. لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر هەستت بە کچێنیی خۆت دەکرد.. کچێنی..؟! ئا، یان با بڵێین شتێکی لەو بابەتە.. لەناو پاس چاوت لەسەر پێڵاوەکانت هەڵنەدەبڕی.. دەچوویتە خەیاڵی قووڵ قووڵەوە.. ئاگات لە دەوروبەر دەبڕا، یان هەمووو شتێکت بەلاوە دەنا.. گیانتت لەناو پێڵاوەکاندا دەبینی.. نەدەچووە ئەقڵتەوە لە ڕیسوابووندا هێندە چێژ لە ناوەوەت وەربگریت.. زیاتر لە خەیاڵ ڕۆدەچوویت.. دیمەنیان لە بەردیدەی لێڵتدا دەگۆڕان.. ڕەنگی ڕەشیان دەبریسکانەوە.. گەورەتر خۆیان نیشان دەدا.. لە تانکە پلاستیکەکانی «دڵشاد»ی پوورزات دەچوون، کە باوکی زوو زوو لە «بەغدا» بۆی هێنابوو.. لە هەموو شتەکانی منداڵیی، تەنها ئەوانی هێشتبووەوە.. زۆر جار یاریی پێ دەکردن:

ــ هەتیوە شێتە تۆ دەتەوێ من توورە بکەیت.

ـ وا مەڵێ.. من خۆم حەزم لێیانە.

ـ تۆ گەورە بوویت..!!

ـ ئا، بەڵام من ئێستا وەکو ئەوسای منداڵی یارییان پێ ناکەم ساسە.

ـ مەمخەڵەتێنە.. چەند جاریشم پێ وتووی چییتر پێم مەڵێ ساسە.. لەمەودوا بە ساماڵ بانگم نەکەیت، وەڵامت نادەمەوە.

ـ بێنە دەستت بگرە بەم لوولەیەوە.

ـ وا مەکە..!! بەریدە..!! وووییی..!! نا تووخوا..!! چ فێڵێکی ترم لێ دەکەیت ئەمجارە..؟!

ـ پەنجەکانت نەجووڵێنیت ساسە.. ئێستا قورمیشی دەکەم.. بزانە کاتێ زنجیرەکان لەسەر ئەو کاشییە لووسانە دەخولێنەوە، هەست بەچی دەکەیت..؟!

ـ شەیتان..!! خۆزگە دەمزانی ئەمانە لە کوێ دەدۆزیتەوە..!!

ـ نایزانی..؟!

ـ هەستە..!! بەسە دەی..!! چییت کرد..؟! چەند جارم پێم وتی با جێگای دانت دەرنەکەوێت.. وازم لێ بێنە ئاقڵ گیان.. بچۆ بەلای یارییەکەتەوە.

تایە پلاستیکەکان جار جار لە قیرەکە گیر دەبن.. بۆت ڕاناکێشرێت.. هەڵیدەگریت.. وەکو منداڵ دەیکەیتە باوەشتەوە.. بەبێ ویست دەیگوشیت بەخۆتەوە.... ئەویش توندتر دەتگوشێت.. ئینجا دەستەکانی لە کەمەرتەوە بەرەو لای سمتت دەجووڵێنێت.. یەک دوو نوقورچ لەملا و لەولای گووپە خڕەکانی دەگرێت.. ئازارت دەدات، بەڵام ناتوانیت ئاخ و ئۆف هەڵکێشیت.. هەر دەنگێک، بەرز یان نزم، لە دەمتەوە دەربچێت، ئەوا لە ئانوساتدا دەخزێتە ناو هەناسە شپرزەکانی ئەووەوە.. واتە لەناو دەمیدا کپ دەبێت، یان بۆ شێوەیەکی دی دەگۆڕێت.. زیاتر چێژ لە ئازاردانت دەبینێت.. لێوی لە لێوت دەترازێت، بەڵام ئێستا ناتەوێ بقیژێنیت.. تا دەستەکانی زیاتر بەرەو خوارەوەی لەشت دەبات (مەبەست لە قاچەکانتە)، ئەوا سەری زیاتر بۆ ناو سنگت ڕۆ دەچێت.. ئەو

کراسە لووس و تەنکەت ڕێ لە لیکی ناو دەمی ناگرێت گۆی مەمکە بچکۆلەکانت تەڕ بکات، کە لە گوڵە دڕکاوییەکەی ناو باخچەی بەرماڵتان دەچێت و ناوەکەی نازانیت.. وەکو ئەو هێندە نابێت سەریان دەرهێناوە و بەخێراییەکی سەیر گەورە دەبن.. زوو زوو سـۆندە بە دەسـتـەوە دەگـریت و ئاوی دەدەیت.. لەم و لەویش دەپرسـیت ئاخۆ چ ناوێکی هەیە.. قـژی زۆر ڕەشی لە پەڕی قـەلەڕەش دەچێت و لەسـەر مۆدێلی ئـەم ڕۆژگـارە درێژی کـردۆتەوە.. چەناگـەت تێـیـدا نقـووم دەبێت.. پەنجـەکانت دەخـەیتـە ناو زوڵفـە ڕەشـەکانی، کـە لەمـلا و لەولاوە تا ئاسـتـی کوڵمـە سوورەکانی هاتوونەتە خوارێ.. خـتووکـەت دەدەن.. دەنگ و ڕێتمی هـەناسـەکانت دەگۆڕێن.. پێت خۆشـە چاوەکانت بنووقـێنیت، تا ئەو ڕادەیەی ژوورەکـەت لەناو تاریکاییـەکی چڕدا نقـووم دەکـەیت، بەڵام دەسـتـە بزێوەکـانی بـوارت نادەن.. دەمارەکانی کرتە کرتیانە و پووزە ڕووتەکانت جـووت دەکـەن.. زۆر لەپڕ و چەند بڵێی بـەهێـز جـەسـتـەی خـاو و ورووژاوت هـەڵدەبڕن.. سـەرت زۆری نامـێنێت بەر پانکەکـە بکەوێت، کە هێندە بـەخـێرایی دەخـولێتـەوە، ڕەنگە فسـتقـیـیـەکەی ون کـردووە.. دەتەوێ بە دەنگێکی تێکەڵ لە ترس و نازی کـچـانـەوە بڵـێـیت: «کـورە دامگرە هـەتیـو.. خـەریکە باڵەکـانی ئەو پانکەیە سـەرم دەپەڕێنن»، بـەڵام خـێـرا فریای زمـانت دەکەویت.. بەوە نیـیە گەیشـتـۆتە قۆناغی ناوەندی و خۆی وەکو گـەنجێکی بێبـاک دەنوێنێت.. ئێسـتـایش هـەر کـاتێ بیریان لێ دەکاتەوە، وێنەی منداڵ لـچ هـەڵدێنێـتـەوە.. هـەندێ جـار دەچێـتـە ژوورەوە، گـوایـە کـتـێـبـەکـانی دەخـوێنێـتـەوە، بەڵام تۆ چاک دەزانی لـەپەنـایانەوە دەگـری و فـرمـێـسک هەڵدەڕێژێت.. جـا پێویست ناکات باسی پانکەکە بکەیت و بڵێیت خـەریکە باڵە تیژەکانی سـەرت دەپەڕێنن.. هەندێ خۆت دانەوێنە و بەئەسپایی ڕوومەتت بخەرە سەر شـانی، با قژت دەموچاوی دابپۆشێت.. دایکیشت تا چەند سـاڵێ لەمەوبەر ئاوا دەینواند.. چاوەکانی دەشـاردەوە، بۆئەوەی دیمەنی شـتـەکان نەبینێت.. بە گاڵتەیش پێی دەوت:

ـ بێنە با سەرت بخەمە ناو قەفەزەوە.

وەکو خۆی هەموو جارێ پێی دەوتی تا چاوی دەچووە خەو، لەوێ، لەناو ئەو قژە ڕەش و چڕەی پووریدا دیمەنی بەفربارینی دەبینی.

تا بەفریش زیاتر دنیا دادەپۆشێت، زیاتر ڕەنگی سووری مریشکەکان تەفرەی دەدەن.. تک تک دڵۆپە ڕۆنی پەمەییان لێ دێنە خوارێ و چزەچزێکی سەیر دەخزێننە گوێچکەیەوە.. ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو دەیەوێت لێرە نان بخوات.. نەخێر، هەرگیز لە چێشتخانەی گەراجەکاندا لانادات.. سەرەڕای ئەوەی برسێتی تەنگی پێ هەڵدەچنێت، بەڵام دڵی هیچ نابات.. حاڵەتێکە و سەری لێ دەرناچێت.. ڕەنگە ئەمەیش بەشێک بێت لەو شێتییەی، کە نزیکەی هەشتسەد ساڵە، ڕێک لە (١١٧٣)ی زایینییەوە، واتە لەگەڵ هاتنیان بۆ میسر، لێیان جیانابێتەوە.. سەرەتا بەشێوەیەکی زۆر سادە دەردەکەوێت.. ئینجا وردە وردە گەشە دەکات.. ترسی شتێکی زۆر ئاسایی لەشێوەی تەلیسم دەخزێتە دڵیانەوە.. لێیان دەبێتە فۆبیا و بەسەر دنیایانەوە ناهێڵێت.. ئەنجام گیانی خۆیان لەناو دەبەن.. لە هەر شەش کەسیان، یەکێکیان ئەو حاڵەتەی بۆ دێت.. «سەلاحەدین ئەیووبی»ی باوکی لە سینەما دەترسا.. ئەو زەندقی لەو دەعبایە دەچوو.. دەیوت: «ئەو جادووگەرە زۆر بەئاسانی شتەکان دەگۆڕێت.. وایان دەگۆڕێت، ناتوانی بیانناسیتەوە».. ئەمە لە سەرەتا، بەڵام دواتر دەیوت: «دێتە ناو ماڵان و سیمای هەموو شتێک دەشێوێنێت».. ئەوسا لە شەقامی «عیمادەدین» «دەژیان!!».. شەقامی سینەما و تیاترۆخانە و شانۆکان.. شوێنی ئەکتەر و هونەرمەندە بەناوبانگەکان.. دوای شەڕێکی گەورە لەگەڵ ژنەکەی، توانی بەوە ڕازیی بکات بۆ گەڕەکی هەژارنشینی «الفجالە» بگوێزنەوە.. بەڵام ترسەکە پێش خۆی گەیشتە ئەوێ.. لە خەودا ڕادەپەڕی.. بەپێی پەتی بەسەر شەقامەکاندا ڕایدەکرد.. تارماییەک لەشێوەی سینەما ڕاوی دەنا.. کۆڵان بە کۆڵانی گەڕەکەکان لێی جیا نەدەبووەوە.. شەوێکیان دیار نەما.. هەندێک وتیان

خۆی خستۆتە ڕووباری نیلەوە و هەندێک وای بۆ دەچوون سەری بۆ شوێنێکی دوور هەڵگرتبێت....

ئێستا جانتاکەت دانێ.. هەرچۆنێک بێت لەسەر قیرە تواوەکەدا ڕایبکێشیت باشترە لەوەی بە باوەشتەوە بێت و قورساییەکەی زیاتر پاڵەپەستۆ بخاتە سەر قاچەکانتەوە.. «دکتۆر یاسەمین ئاکرەیی»ی دەستەخوشکی ڕۆژانی زانکۆت شەوان هەرچەند لە ماڵی خۆیان بنی پێکانتی بە کرێم چەور دەکرد، پێی دەوتی نابێت زۆر لەسەریان بوەستیت، ئەگینا ئەو هەموو هێڵ و هێڵکارییە بەئاسانی ناکوژێنەوە.. ئەم کە بە زمانی پزیشکی لەگەڵتا نەدەدوا و ئەو وشانەی بەکاردەهێنا، ئەوا تەنها دەیویست ڕۆژگارێکی بەسەرچووی ناوەڕاستی حەفتاکانت بیر بخاتەوە، کە پێکەوە لە «زانکۆی بەغداد»دا بەسەرتان بردووە.. لە کتێبخانە ناسیت.. حەزی لە خوێندنەوە دەکرد.. لەبارەی ئەدەبی کوردی و جیهانییەوە گفتوگۆتان دادەمەزراند.. نەتدەزانی چۆن فریای خوێندنەوەی ئەو هەموو کتێبە دەکەویت.. پێت دەوت:

ـ من هەرگیز باوەڕ ناکەم تۆ ببیت بە دکتۆر.

کاتێ لە «گەراجی نەهزە» بە دارشەقەکانیەوە گەیاندتە ناو پاسەکە، بەدەم هەڵکێشانی ئاخێکی قووڵەوە پێی وتی:

ـ چۆنت دەزانی من هەرگیز نابم بە دکتۆر..؟!

کەچی تا ئێستایش لەناو گشت هاوڕێیاندا، تەنها تۆ بە دکتۆر ناوی دەهێنیت.. ئەو ڕۆژە لە کاتێکدا بنی پێکانتی بە کرێم دەشێلا، پێی وتی:

ـ پێم سەیرە ساماڵ دوای ئەو هەموو ساڵەی لە ئاوارەیی و غوربەتدا بەسەر بردوون، هێشتا بیرت نەچۆتەوە بە دکتۆر بانگم بکەیت.. بەڵام من ئەگەر هەنووکە دەتوانم چارەسەری تۆ بکەم، وەکو خۆت دەیزانی لەو سێ ساڵەی کۆلیژ فێری نەبووم، بەڵکو هی ئەوەیە یانزدە مانگ بەم دەردە تلاومەتەوە.. ئێستایش ئەگەر زۆر بەپێوە بوەستم، ئەوا لێم هەڵدەداتەوە و دەبێت.......

بەڵام ئاخــۆ ئەو ڕۆژە لەبەر ئەو دەرگــا ئاسنینە، کــە هەر دەڵێی دەروازەی زیندانە، چەند بەپێوە وەستابێت.. ڕەنگە هەر ژنێکی بینیبێت، وایزانیبێت تۆیت و بەرەو پیــرییـــەوە چووبێت.. تێــر تێــر لە باوەشی گــرتبــێت و فــرمــێــسکی داباراندبێتە سەر شانەکانیەوە.. لە تەلەفۆنەکە پێی وتی:

ــ بەلاتەوە سەیر نەبێت سامـاڵ، ئەگەر بڵێم بتبینم، ناتناسمەوە.. نەک هەر لەبەرئەوەی نزیکەی بیست و پێنج ساڵە یەکتـرمـان نەدیوە، بەڵکو من چاوم کز بووە و زۆر شتیشم بیر چۆتەوە.. شێوەیشم وا گۆڕاوە، کە لەگەڵ ئەوسا تەواو جیاوازم.

کاتێ نەتزانی چی پێ بڵێیت، ئەو هەر خۆی باسەکەی بە لایەکی دیدا برد:

ــ ئەرێ ئەوە من چییـمـە ئاوا لە ئێـسـتـاوە خـەمـت بەسـەردا دەبـارێنم..؟! لە بیرتە ئەوسایش تۆ زوو زوو وات پێ دەوتم..؟!

ــ پێم دەوتی ڕەشبینی.

ــ ڕاست دەکەیت.. دەبووایە بە زمانی سایکۆلۆژی و فەلسەفی جنێو بەیەکتر بدەین.. چییت بیـر خـسـتـمـەوە سـامـاڵ..!! وانەزانی لەوسـاوە تاقە کـتـێـبـێـکم خوێندۆتەوە.

ــ بەڵام تۆیش منت بە کارەکتەرەکانی چیرۆکنووسێک دەچوواند، کە ئێستا ناوەکەیم بیر نەماوە.. دەتوت وەکو ئەوان هەرگیز لەو شوێنە نایەم، کە چاوەڕێی دەکەیت.

ئەو کاتەی سەری قوتووی کرێمەکەی هەڵدەپچڕی، پێی وتی:

ــ کــە تەواو درەنگ داهات و هەر نەگــەیشــتی، کــەوتمە پرسین لەم و لەو.. ژنێکی تەمــەنی خــۆمــان، دوو کــوڕی گــەنجی لەگــەڵدا بوو، پێی وتم تا لای ئەو فــەرمـــانبــەرەی ناوەکــانی لە فــایلدا دەنووسی، پێکەوە بووین.. لەوێ ناردیان بەشوێن پیاوێکی ژووری سەرەوە و لەگەڵ خۆی بردی.. ئینجا نازانم دوای ئەوە، ئاخۆ......

ئێستا دەگەیتە سەری شەقامەکە.. لەوێ بە دەستی چەپدا پێچکەرەوە.. دەزانم ئاسان نییە دوای بیست و حەوت ساڵ هیچ شوێنێک بناسیتەوە، بۆیە خۆم هەنگاو بەهەنگاو ڕێنماییت دەکەم.. «بیست و حەوت» ئەو ژمارەیەیە، کە تۆ حەزی لێ ناکەیت.. بەبیستنی ماتەمینی داتدەگرێت.. کچانی گەڕەک دەیانوت: «گیانی مرۆڤ لەناو ژمارەیەک دایە و مەرگی لەناو ژمارەیەکی تر.. کاتێ ئەمەت دۆزیەوە، لە دەستت دێت زۆر شت بکەیت».. تۆ نەتتوانی ئەو ژمارەیە بدۆزیتەوە، کە گیانتی لە خۆی گرتووە، بەڵام لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی ڕووداوە ناخۆشەکاندا، باوەڕت هێنا «بیست و حەوت» گۆڕێکی کراوەیە و چاوەڕێتە.. بۆیە لە بیست و پێنجەمین ساڵدا گەڕایتەوە.. بەڵام وەکو خۆت جارێکیان وتت: «گەڕانەوە و گەیشتن» دوو زەمەنی تەواو جیاوازن.......

ئەم شوێنە دەشتێک بوو، بەهاران بۆ سەیران ڕووتان تێدەکرد.. شوانی لادێکانی ئەو نزیکانە مەڕومالاتیان لێ دەلەوەڕاند.. کاتێ لە «بەغداد» دەگەڕانەوە، ئۆتۆمۆبیلەکەتان زۆر جار لێرە دەوەستا، تا مێگەلەکان لەو شەقامە دەپەڕینەوە.. تۆزوخۆڵی ژێر قاچیان ئەو ناوەی دادەپۆشی و بۆنی لادێ دەچووە قوولاییی لووتتان.. بۆنی لادێ..؟! ئا، بۆنی لادێ.. ئەی بە منداڵی ئاوات پێ نەدەوت..؟! ئەو دیمەنە دەیتوانی لە خەیاڵەکانت دەربهێنێت، کە بەدرێژاییی ڕێگا تێیاندا ڕۆدەچوویت.. هەر لەو کاتەوە سوار دەبوویت، کتێبێکت بە دەستەوە دەگرت، بۆئەوەی نەفەرەکان نەتدوێنن.. کەم جاریش دەتتوانی چەند لاپەڕەیەکی لێ تەواو بکەیت، چونکە شەپۆلی خەیاڵەکان دوور لە ویستی خۆت بەرەو دەیان لای دیکەیاندا دەبردی.. بەڵام مەسەلەکە لە خوێندنەوەی ڕۆمانی «گەڕان بەدوای کاتی ونبوودا»ی «مارسێل پرۆست»دا بەتەواوی گۆڕا.. سەرت لەسەر هەڵنەگرت.. بۆ ساتێکی کورتیش لێی دانەبڕایت.. «بۆچی وا زوو گەیشتین..؟!».. «کێ دەڵێ گەیشتوون..؟!» ئەمە گەمەی کاتە.. ڕەنگە هەر لە بنەڕەتەوە بەڕێ نەکەوتبن.. «ئاخر من تەنها فریای خوێندنەوەی بەشێکی کەوتووم.. ئەی

بەشەکانی تری..؟!».. بزانە دەشێ زەمەنیش وەکو مەملەکەتی «سادووم» و «عامۆرا» سەراوژێر بێت.. ئاسەواری دیار نەمێنێت.. ببێتە موعجیزە و لە کتێبە ئاینییەکاندا پیشان بدرێت.. ئەم شەقامە درێژە بەرمەدە.. ئەگەر ئەو قەلآیە وەهمێک نەبێت، ئەوا درەنگ یان زوو پێی دەگەیت.. هەرچەند نەتویستووە بۆ ئەوێ بچیت، بەڵام لەناو سەرجەمی شتەکاندا تەنها سیمای ئەو نەگۆڕاوە و دەیناسیتەوە.. ئێستا کەم و زۆر لەو پیاوە شاخنشینە دەچیت، کاتێ بۆ یەکەمین جار ڕێی دەکەوێتە شار و لە دووری دوور دوورەوە منارەی چۆڵی دەبینێت.. بچکۆلە و جوان دێتە بەرچاوی.. هەنگاوەکانی خێرا دەکات، بەو مەبەستەی بیگاتێ و وەکو شتێکی سەیری کەسنەدیو بۆ لادێکەی بەرێتەوە.. بەڵام ئێستا منارەی چۆڵی لەناو ئەو قەرەباڵغییەدا دیار نەماوە.. «لەگەڵ ونبوونی ئەو سالآنەدا، چەندین شوێنیش سڕاونەتەوە».. ڕەنگە ئەمە پاساوهێنانەوە بێت بۆ کزبوونی یادەوەریت، یان بۆ بێتوانایيت لە ناسینەوەی جێگادا.. هەر ئاوا بوویت.. هەرگیز بەئاسانی ڕێگاکانت نەدەدۆزیەوە.. وەکو مشکەکەی «ئۆراندایک» حەیران و سەراسیمە بەناو ڕێگومکەکاندا دەهاتیت و دەچوویت.. ئەوسا لەژێر کاریگەریی «مارسێل پرۆست»دا پێت دەوتن: «شوێنەکان بۆ کات دەگۆڕێن.. گوناهی من نییە، ئەگەر نایاندۆزمەوە».. ئێستا مادام مەبەستیم نییە بۆ شوێنێکی دیاریکراو بچیت، پێویستت بە دۆزینەوەش نابێت.. بەڵام ئەگەر هەر بەم ئاڕاستەیە هەنگاو بنێیت و لەوسەر بە دەستی ڕاستدا پێچکەیتەوە، ئەوا دوای نیو سەعات (شتێک زووتر شتێک درەنگتر) دەگەیتە گەراجە کۆنەکە.. لەوێ کارەکتەری یەکەمین چیرۆکت دەبینی، کە بە جانتایەکی سەفەرەوە ڕاوەستاوە، یان دانیشتووە، یان خۆیشی نازانێت چی دەکات.. ڕەنگە ئەمە کەم و زۆر لە سەردانی گۆڕی مردوو بچێت، بەڵام ناکرێت نکووڵی لەوە بکەیت، کە ئەو تاقە کەسی ئەم شارەیە نەگۆڕاوە و دەتوانی بیناسیتەوە.. هاوتەمەنی یەکتریشن.. ئەو خۆیشی زۆر جار وایدەزانی لە سەفەرەکانیدا بەدوای

مردووێکدا دەگەڕێت.. دەوروبەرەکەیشی هەروەکو ئەوسا ماوەتەوە.. تا ئێستایش لەوێ بەفر دەبارێت.. مریشکە سوورەکانیش لە سەمای ئاگرینیان بەردەوامن.. هەوڵی دنیات دا و ئەو چیرۆکەت هەر بۆ تەواو نەکرا.. نەتدەزانی چ کۆتاییەکی بۆ دابنێیت.. دەیان ڕستە و پەرەگرافت تاقیکردەوە و هیچیان لەگەڵ ئەو سەرەتایە نەهاتن.. هەستت دەکرد پێت دەڵێت:

ـ وازم لێ بێنە مادمۆزێل.. بۆچی دەتەوێت تەواوم بکەیت..؟! خۆ تۆ لە هەموو کەسێ چاکتر دەزانی من لە ترسی کۆتاییەکانە، بوومەتە گەڕیدەی شاران.

وەکو پێم وتی ئەو زۆر جار وایدەزانی لە سەفەرەکانیدا بەدوای مردووێکدا دەگەڕێت.... هەردوو تاکی دەرگای دۆلابە ساجەکەی دەخستە سەر پشت.. ئەوە قاتە ڕەشەکەیەتی.. کراسی سپیی لەژێرەوە پۆشیوە.. بۆینباغی سووری هەناریی لەسەر بەستووە.. پێڵاوە جەرگییەکانی دەدرەوشێنەوە.. «تۆ بڵێی بەڕووتیماڵی جێهێشتبێت..؟!».. «چ کۆتاییەکی سەیری بۆ ژیانی داناوە..!!».. ئێستا ئەو جلوبەرگانە بە هەموو سادەییی خۆیانەوە لە گۆڕ دەچن.. یاخود بەلاکەی تردا دەتوانین بڵێین ڕۆژگارێ مرۆڤێک لەناویاندا بوونی هەبووە.. دەشێ ئەمەیش فێڵێک بێت لە زەمەن.. بۆینباغەکەی لە بێچووی تیمساح دەچێت.. چەند گیاندارێکی سەیرە..!! کاتێ لەو قەراغی ڕووبارە سەری لە هێلکە دەجووقێت، دوو هێندەی مارمێلکەیەکە.. زۆر جار ئەگەر فریای گیانی نەکەوێت و بەزووترین کات خۆی هەڵنەداتە ناو ئاوەکە، ئەوا مێروولە پەلاماری دەدەن و دەیخۆن.. کەچی بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەورە دەبێت، بەڕادەیەک دەتوانێت سەری کێوی بخاتە نێوان شەویلگە تیژەکانی و لە چاوترووکانێکدا ئەو لاشە زلەی بهارێت.. ئەوان بەڕەوە دەهاتن.. بەڕیز قاچەکانی پێشەوەیان دەخستە تەنکاییەکەوە.. زمانی سووریان لە ئاوەکە دەدا.. شلّپەیکی سەیریان لێ هەڵدەستاند.. ئینجا لەپڕ و تێکڕا ڕادەپەڕین.. چەند مەترێک بەرز دەبوونەوە.. لەگەڵیا ئاراستەی خۆیان دەگۆڕی.. لە هەوادا

وەردەچەرخان.. بەر یەک دەکەوتن.. ترساو و زارەترەک، دوور لە هەموو پلانێکی پێشینە، پشتیان لە ڕووبار و ڕوویان لە وشکایی دەکرد.. سەدای ئاوەکەیش دەگۆڕا.. لەودیوی ئەو شەپۆلە دەنگدارانەوە هیچ شتێکت بەرۆشەنی نەدەبینی.. دوای چاوترووکانێک هێمنییەکی چاوەڕوانەکراو وشکایی و ناو ئاوی دادەپۆشی.. ڕووبەرێک لەو قەراغە بە خوێن سوور هەڵدەگەڕا.. دوای تاوێ وردە وردە کاڵ دەبووەوە..

«تا ڕۆژ زیاتر بەرەو ناوەڕاستی ئاسمان هەڵدەکشێت، زیاتر ڕەنگە سوورەکەی دەردەکەوێت.. هاودەم سێبەرەکانیش لەسەر زەوی کەمتر دەبنەوە و بە بالآی دیواری ماڵەکانی سەر ئەو شەقامە چۆڵەدا هەڵدەزنێن».. سەرەتای یەکێ لە چیرۆکەکانیشت ئاوا دەست پێکردووە.. «دکتۆر یاسەمین ئاکرەیی» ئەگەرچی لە زووەوە دەیزانی ڕقت لەوەیە تیشکی خۆر ڕاستەوخۆ لە گیانت بدات، کەچی کورسییەکەی تۆی لە بەرهەتاوی ناو حەوشە دادەنا و خۆی لە سێبەرەکە دادەنیشت.. بە دەنگێکی تێکشکاو، ئەو دەنگەی لەوەتەی ناسیوتە لێی جیا نابێتەوە، پێی دەوتی:

ـ قاچەکانت درێژ بکە و بیانخەرە سەر ئەم کۆنکرێتە، با بنی پێکانت هەندێک گەرما هەڵمژن.

جارێکیان بەسەر یەکێ لە شەقامە پڕووکێنەرەکانی «بەغداد»دا تێدەپەڕین.. پێی وتی:

ـ دەنا وەکو من بیزانم مەسەلەکە لە سایکۆلۆژیادا وا لێکدەدرێتەوە، کە کچان لەزەت لە گەرمای هاوین و کوڕان لە سەرمای زستانی دەبینن.

ـ دەتەوێ بڵێی هاوین نێرە و زستان مێیە..؟!

ـ ............

ـ .................

ئەگەر لە یەکێ لەو دەرگا داخ و داخراوانە بدەیت، کەسێ هەر دەبێت سەر

دەربێنێت و تۆ داوای گـلاسـێ ئاوی سـاردی لێ بکەیت.. نیـوەی بخـۆیتـەوە و نیوەکەی تری بەسـەر دەموچاو و سنگتدا بپرژێنیت.. کە ئاوا ناکەیت، من دەزانم لەبەرئەوەت نییـە بڕیارت داوە لەگەڵ هیچ گیـانلەبەرێک نەدوێیت، بەڵکو ناتەوێت ئەو نەشـئـەیەی گـەرما پێی بەخشـیـوی، لێت جـیا بێتـەوە.. لە لایەکی تر پێت خـۆشـە، یاخـود مـەبەسـتـتـە وەکـو تۆپەڵێک ئاگـر بچـیـتـە نـاو ئەو گـەراجـە بەسـتـەڵەکەوە.. باوکیشت لە گەرما دەترسا.. هـاوینان بۆ ڕەشـبـینـترین مـرۆڤ دەگۆڕا.. شەڕی بە دار و بەرد دەفرۆشت:

ـ ئەم دنیایە لەناو دەچێت.

زوو زوو ئەمـەی دەوت و دەوتەوە.. دایکت لچی هەڵدەقورتاند.. یان لێی تووڕە دەبوو.. زۆر جاریش پێی دەوت:

ـ کوا بەسەر ئێمەدا بڕووخایە..!!

ـ بۆچی ئاوا مـۆڕەم لێ دەکـەیت..؟! خـەتای من چـیـیـە.. یاسـای دووەمی دینامیکای گەرمی ئاوا دەڵێت.

ـ ئینجا من چی لەو فیزیا و کیمیایەی تۆ تێدەگەم..!! هەر ئەوەندە دەزانم تۆ تەنها ئەو کتێبانەت خوێندۆتەوە، کە باس لە وێرانبوونی دنیا دەکەن.. سوێند دەخۆم لەوە زیاتر شتێکی دی نازانی.. هەمـوو قسـەکانت هەر باسی تۆفان و بوومەلەرزەیە.

دایە ئێـوارەی بەفرە زۆرەکـەیش لە مـاڵی نەنکت (دایکی باوکت) لە کـاتێکدا لەو هەیوانە نەوتی دەکردە تانکیی زۆپا عەلائەدینەکە و لەو ڕیشۆڵانە ڕادەما، کە جـار جـار لەسـەر دارپرتەقـاڵەکـان دەیانزیقـاند و چین چین بەفـریان لە خـۆیان دەتەکاند، لێی پرسی:

ـ پێم ناڵێی تۆ لە گەلگامێش و ئەترەخاپووت زیاتر چییت خوێندۆتەوە..؟!

تۆ قاقایەکت لێدا و وتت:

ـ ئەترەخاسیس دایە.. ئەترەخاپووتی چی..؟!

ـ دەی باشە ئەترەخاسیس.. ماوەیەک بوو مێشکی منی بەو چیرۆکە بردبوو.. ڕۆژێکیان بەو خوێندەوارییە شرەی خۆم کتێبەکەم خوێندەوە، دەبینم ئەترەخاسیس بۆ ڕزگارکردنی گیانی خەڵک لەو تۆفانە، کەشتییەکی گەورەی دروست کردووە، بەڵام باوکت هەر بەلای ئەوەدا نەدەچوو.

لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و پەرەسەندنی ئاوەدانییش تەواو زەندەقی دەرچا.. دەیوت ئەمانەن هۆی هەڵکشانی پلەی گەرما و تۆفانەکانیش لە ئەنجامی زیادبوونی چڕیی خەڵکی سەر زەوییەوە هاتوونەتە کایەوە.. هەڵسوکەوتەکانی سەیر بوون و تێڕوانینەکانی سەیرتر.. بەقەدەر دنیا ئەو شتانەی خۆشدەویست، کە سیمای لادێییانەیان لە خۆ دەگرت.. بە بینینی ئەو کچە هەرزەکارانە دەگەشایەوە، کە قژیان لەملا و لەولاوە دەکردە دوو کەزیی درێژ و بەپێی پەتی مانگاکانیان لەو دەشتەی نێوان «ئیسکان» و «سەیداوە»دا بە پێش خۆ دەدا.. ڕەنگی جلەکانیان لە ڕەنگی مانگاکان دەچوون.. جار جار وەک ئەوەی بەدەم خەوەوە بدوێت، دەیوت:

ـ شتێکت پێ بڵێم ساسە..؟!

نەتدەوت «ئا»، چونکە دەتزانی ئەو چاوەڕێی وەڵام نییە و هەر خێرا دەڵێت:

ـ جوانترین دیمەن لای من ئەوەیە، کاتێ یەکێکیان بەسووکی و زۆر لەپڕ شەپازڵلەیەک بە پشتی مانگای بەردەمیدا دەکێشێت.. تۆ چاک لێی ورد بەرەوە ساسە، بزانە چۆن لەگەڵیا خۆی دەلەنگێنێت و چاوێکی بەحاڵ دەنووقێنێت.. دەزانی ئەمە مانای چییە ساسە..؟! نەء، نایزانی.. بەڵام وەرە لاساییان بکەرەوە.. چی..؟! لاسایی..؟! مەحاڵە.

دڵی بەو داڵ و سیسارکە کەچەڵانەیش دەکرایەوە، کاتێ هەر لەو دەشتەدا لەسەر کەلاکی کەری تۆپیو هەڵدەنیشتن.. ڕۆژێکیان تۆ پێت وت:

ـ ئەوە چییە باوکە..؟! ناشێ بەڕاستیت بێت..!!

ـ تۆ مەسەلەکە وا دەبینیت وەکو ئەوەی لە کتێب پێی ڕاهاتووی ساسە، بەڵام

من له شوێنێکی دیکەوه بۆی دەڕوانم.. لای تۆ سیسارکه کەچەڵ و داڵ سومبولی شەڕن و منیش پێم وایه هەتا ئەوانه مابن، مانای وایه هێشتا ئاوەدانی دەستی بەسەر هەموو زەویدا نەگرتووە.

ویستت وەڵامی بدەیتەوە، بەڵام ڕێگای نەدایت:

ــ من شتێک هەیه له ئەدەب قەت ناتوانم خۆشم بوێت ساسه.. ئەویش ئەوەیه بۆئەوەی وا پیشانمان بدات لایەنگری جوانییه، لێمان دەبێته دوژمنی شته ناشیرینەکان.. ئەوەتا تۆ ڕۆژێک له ڕۆژان باسی جوانیی داڵ و سیسارکه کەچەڵ ناکەیت.. زۆر جار نووسەر لەو پیاوانەی شارەوانی دەچێت، که له پێناوی پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵیدا، زەوی به ژەهر دەڕشێنن، گوایه مێرووی زیانبەخش دەکوژن.

دایکت وتی:

ــ ئێستا من ئەگەر شتێک بڵێم، خێرا لێم تووڕه دەبێت.. ئەو باوکەی تۆ من چاکی دەناسم ساسه.. ئەوەی دەیڵێت، تەنها خۆپەرستییه و هیچی دی.. دەمەوێ چاک بزانی ساسه، ئەوە خۆپەرستییه و بڕایەوە.. ئەو دەیەوێت دنیا هەر بەو شێوەیه بمێنێتەوە وەکو ئەوەی بۆ یەکەمین جار له گەڕەکی جوولەکان بینیویەتی.. تا ئێستایش ئاخ و داخ بۆ ئەو ڕۆژگاره هەڵدەکێشێت، که به منداڵی لەگەڵ باوکی مراویی کێوییان لەو گۆماوەی بناری قەلات ڕاوکردووە.. دەئاخر تەواو..!! وی..!! نه گۆماو ماوه و نەچییتریش قاز و مراوی وەکو ئەوسا به ئاسماندا هەڵدەفڕن.. ئەو کاتێ هەست دەکات شتەکان دەگۆڕێن، وادەزانێت تەمەنی بەسەر دەچێت و.......

هاوینان شەڕی ئەو دووانه زیاتر پەرەی دەسەند.. شەوان لەو سەربانه له باوەشی یەکتر دەنووستن، کەچی بەئاشکرا دەتزانی ڕێک نیین.. زستانان لەودیو گوێت بۆ قسەکانیان هەڵدەخست.. نەدەچووه ئەقڵتەوە دوای ئەو هەموو دەستبازی و شڵپەی ماچ و جیرە جیری تەختی نووستنەوە، لەپڕ بیکەنه ئەو

فەرتەنەیە.. جنێوی سەیر سەیریان بە یەکتر دەدا.. دواجار زانیت ئەوەی ئەو دوانەی پێکەوە هێشتۆتەوە، ڕقی هاوبەشیانە لە سیاسەت.. هەر یەکەیان بەشێوەیەک چارەی ئەو دەعبایەی نەدەویست.. دایکت ناوێکی سەیری لێ نابوو .. باوکیشت دەیوت ئەو دنیایە لەناو دەچێت و کەس نایباتەوە....

هەر زوو زووش لە گەرمەی شەڕەکانیاندا ئەمیان بەویانی دەوت:

ـ دەنگت هەڵمەبڕە، با گوێیان لێ نەبێت.

دەتزانی ئەویش لەودیو وێنەی تۆ بەخەبەرە و لەگەڵ ئەو دەمەقاڵێیە وروژاوە.. هەندێ جار وەک بیەوێت پێت بڵێت: «ئا، بەخەبەرم»، دەرگای دەکردەوە و دەچووە ناندینەکە، گوایە تینوویەتی و ئاوی ساردی ناو سەلاجە دەخواتەوە.. ئاخر ئەو لە چلەی زستانیشدا، بە بەفراو نەبا، تینیووەتیی نەدەشکا.. لە کونی کێلۆنەوە دەتڕوانیە ناو ڕاڕەو.. بە شۆڕتێکەوە دەتبینی.. جەستەی نیمچە ڕووتی دەدرەوشایەوە.. ئەژنۆکانی لە بنی ئینجانەی گوڵی ناو باخچەی بەردەرگاتان دەچوو.. نەتدەزانی بۆچی وەکو ئەوانت دەهاتە بەرچاو.. لەپڕ پەنجەی بە سویچی گڵۆپەکەوە دەنا و ئەو ناوەی تاریک دادەهێنا.. ڕقی دنیای لە گەرما بوو.. زستانی لە ڕادەبەدەر خۆشدەویست.. بە شۆرتێکی تەنکەوە دەنووست و خۆی دانەدەپۆشی.. تۆ لێفەکەت پێدا دەدا.. بەدەم خەوەوە لەسەر گیانی لادەبرد.. پێتدا دەدایەوە.. لایدەبردەوە.. بەخەبەر دەهات.. چاوانی هەڵدێنا:

ـ دام مەپۆشە ساماڵ..!! گیانی خۆمە.. خۆم دەزانم گەرمایەتی، یان سەرما.

ـ نەخێر، هی خۆت نییە.. من دەزانم سەرماتە.

ـ دەی باشە سەرمامە و دەمەوێت ڕەق ببمەوە.

نایەوێت لێم بپرسێت: «ئەی هی خۆم نییە، هی کێیە..؟!»، چونکە دەزانێت چ وەلامێکی دەدەمەوە.. ماوەیەکە زۆر گۆڕاوە.. خۆ لەوەتەی گەیشتۆتە دواناوەندی، هەر دەڵێی کوڕەکەی ئەوسا نییە.. کەم لە ماڵ گیر دەبێت.. ڕۆژی وا

هەیە چوار وشـەم لـەگـەڵدا ناڵێت.. هـەر بە «سـامـاڵ» بانگم دەکـات و پێم نـاڵێت «سـاسـە».. هەست دەکەم بـەلاوەی ناوم.. لە پشت ئەو پێنج پیتـەوە ئەودیوم تەواو لێ شـاراوەیە.. وەکو مـشێکێکی نابـووتم لێ هاتووە.. بەڵێ، ناومی کردۆتە گۆڕ و ڕۆحمی بە زیندوویی تیادا ناشـتووە.. عـەریفی ئەو فیلمـانـەی لەبارەی جـەنگەوە دەدوێن چۆن ناوی دیلـەکان دێن، کاتێ لە لیسـتـەکاندا دەیانخـوێننەوە، ئەویش ئاوا بێزەوقانە بانگم دەکات.. نارەزاییم دەربڕی.. پێی وتم:

ــ من هـیچ لە تۆ تێناگـەم.. خـۆت وات لێ کـردم پێت نـەڵێم سـاسـە، گـوایە منداڵەکەی جاران نییت، کەچی هەر خۆشت....

زوو زوو خـەیاڵی دەڕوات.. لـە بنمـیـچـەکـە ڕادەمـێنێت.. هـەندێ جـار بزە دەیگرێت و هەندێ جـار ڕووی گـرژ دەبێت.. وادەزانم دەیەوێت بگریت.. چاوەڕێم فرمـێسکەکـان بەسـەر ئەمـلا و ئەولای ڕوومـەتیـدا بێنە خـوارێ.. من بـەدزییـەوە سـەرنجی لێ دەدەم.. هەر دەڵێی کۆمەڵێ گیانلەبەر بە ئاسمانی ژوورەوە دەبینێت و بە ئاماژە لـەگەڵیان دەدوێت.. نامـەوێت هیچ پرسیـارێکی ئاراستـە بکەم، چونکە لام ڕوونە لە لایەک وەڵامی ڕاستم ناداتەوە و لە لایەکی تر هـەر شتێک لە دەمیەوە دەربچـێت، تێکشکانێکی گـەورەیە بۆ مـن.. دەچمـە ژوورەکـەی و بەفـێـڵـی پاککردنەوە و ڕێکخستنی نوێن و کەلوپەلەکان، بەدوای زۆر نهێنیدا دەگەڕێم.. وەنەبێ ئەمە مایـەی ئاسوودەیی بێت بۆ من.. نەخێر، هـەر دەڵێی سـەری گۆڕەکان هەڵدەدەمـەوە و بە دوای مـردوودا دەگـەڕێم.. ئینجـا بۆیە دڵنیـا نیـم، ئاخـۆ پێم خـۆشـە نهـێنیـیـەکـانی بدۆزمـەوە، یان نا.. ئـەمـە تـەخـتی نووسـتنـەکـەیەتی.. چەرچەفـەکان دەبەمـە بەردەرگا و دەیانتەکێنم.. مێزەکە بۆ لای دیوار پاڵدەدەم.. کـورسـیـیـەکـە بۆ شـوێنی خـۆی دەبەمـەوە.. هەردوو ناولـەپم لە یەکـتـر نزیک دەکـەمـەوە، وەکـو ئـەوەی بە منداڵی پەپوولـەم لەسـەر گـوڵە ڕەنگاوڕەنگەکـاندا دەگرت، ئـاوا چوارچێوەی وێنەی دایکی و باوکیـان پێ لە قـەدی دیوارەکە جـیـا دەکەمەوە.. لە چاومـی نزیک دەخەمـەوە.. دووری دەخـەمەوە.. نزیکی دەخەمـەوە..

دووری دەخەمەوە.. چەند جووڵەیەکی بێمانان.. نازانم مەبەستمە لە ڕێگایانەوە چی بە خۆم بڵێم.. ئەوەندە هەیە بە بینینیان گەشبین نییم.. چەند ڕۆژێ دوای شاییەکەیان «ئەبو سەباح»ی وێنەگر گرتوویەتی.. بە کلینس جامەکەی جوان جوان پاک دەکەمەوە.. وادەزانم لەودیو ڕەنگوڕوویان دەگەشێتەوە.. بزەی سەر لێوەکانیان چاکتر دەردەکەون.. وەکو هەموو جارێکی دی لە مۆدێلی جلەکانیان ورد دەبمەوە.. (مۆدێلی پەنجاکان).. پوورم عەزییەکی سپیی بێقۆڵی پۆشیوە.. سنگی تا نیوەی مەمکەکانی ڕووتە و قژی لەملا و لەولاوە هاتۆتە سەر شانی.. لەسەر کورسییەکی قایشی ڕەش دانیشتووە و قاچی چەپی خستۆتە سەر قاچی ڕاستی.. ڕووبەرێک لە ڕانەکانی بەدەرەوەن.. جووتێ پێڵاوی هاوینەی لەپێدایە.. مێردی پوورم بە قاتێکی رەساسییەوە لە پشتی وەستاوە و دەستی بەسووکی لەسەر شانی داناوە.. بۆینباغێکی ڕەشی لەسەر کراسە سپییەکەی بەستووە.. دوور نییە هەموو ئەوانە ڕەنگی تر بن و کامێرا ئاوا گۆڕیبێتنی.. «زۆر شتی تریش دەگۆڕێت».. ئاوا دەڵێم و لە پاککردنەوە و پشکنینی کەلوپەلەکانیش بەردەوامم.

ئەو بەیانییە کاتێ چووە دەرەوە، پێی وتم:

ــ سەیرکە سامـاڵ..!! لەمەودوا ڕازی نابم یەک ئیشم بۆ بکەیت.. ئەگەر هاوڕێکانم ئەوە ببیستنەوە، بە کۆنەپەرستم دەزانن.

لە دەرگا ئاوڕی دایەوە و پێی وتم:

ــ مەبەستم ئەوە نییە نەیەیتە ژوورەوە.. نەء، بەئارەزووی خۆت وەرە و....

بە ئاماژەی دەست و دەموچاوی تەواوی کرد، کە مانای نارەزایی دەگەیاند.. قسەکانی گۆڕاون.. وشە و زاراوەی سەیر سەیر بەکاردەهێنێت.. دایە گوێی لێ بێت، شێت دەبێت.. بگرە زەندەقی دەچێت.. ناهێڵێت دوو پێی بخاتە دەرەوەی حەوشە.. یەک دوو ساڵە هەر خۆیشی دەرپێکورت و فانیلاکانی خۆی دەشوات.. بەتەنیاش دەچێتە حەمام.. گوێم لێ بوو دایە لە دەرگای دەدا و پێی دەوت:

ـ ئەوە چییە فێری بوویت..؟! بیکەرەوە با بێم پتشۆم.

کاتێ نەیکردەوە، دایە پێی وت:

ـ دەرپێکورتەکەت دامەکەنە، مادام شەرم دەکەیت.. ناشزانم بۆچی شەرم دەکەیت.. دێم پشتت دەشۆم و خۆت ئەوی تری تەواو بکە.

ئەوسا دەنگێکی لە دەم دەرچوو، بەڵام بەتەواوی نەمبیست.. یاخود لێی تێنەگەیشتم.. نازانم دایە بەڕاستی بوو، یان بە گاڵتە، چەند جارێ وتی:

ـ پیاو قەت نازانن خۆیان بشۆن.

تێنەگەیشتم بۆچی ئەو قسەیە ئاوا ڕقی هەستاندم.. کاتێ هاتە دەرەوە و بە قژی تەڕەوە بۆ ژوورەوە چوو، نەمویست لێی بڕوانم.. بۆنی «سابوونی جەمال» و شامپۆ لووتیان کزاندمەوە.. حەمامەکە هاڵاوی لێ هەڵدەستا.. ڕەنگە هەر لە بەرچاوی منیش وابووبێت.. دڵم تێکهەڵدەهات.. چووم پەنجەرە بچووکە چوارگۆشەییەکەی سەرەوەم کردەوە.. ئاوە ساردەکەشم بەردایەوە، بۆئەوەی هاڵاوی ئەو گەرمایە، کە نەمدەزانی بۆچی هێندەم ڕق لێیەتی، بڕەوێتەوە و لەوە زیاتر قێزم نەکاتەوە.. دیم وا دەرپێکورتەکەی شتووە و بە عەلاگەی هەڵواسیوە.. نەمزانی چۆن دەستم بۆی درێژ کردووە.. ئەوەتا وەکو لیمۆ دەیگوشم.. هاودەم ئەویش دڵی من دەگوشێت.. ئاوێکی ڕوونی لێ دەتکێت.. دڵۆپ دڵۆپ دەکەوێتە سەر کۆنکرێتەکە، کە هێشتا دەتوانێت بنی پێیە پەتییەکانم داخ بکات.. بەبێ ویست لووتم دەخەمە ناویەوە.. جارێکی دی بۆنی تیژی سابوون و شامپۆ تا ناو قوڕگم دەچێت.. ئاڵووەکانم دەکزێنەوە.. دەکۆکم.. لەگەڵیا هێڵنج دەدەم.. بەم حاڵەیشەوە واز ناهێنم.. هەڵیدەگێڕمەوە.. دەیدەمە بەر تیشکی گڵۆپ و هی ئەو ڕووناکاییەی لە دەرەوە دەخزێتە ژوورەوە.. نازانم لە چی دەگەڕێم.. ترسیشم هەیە بمبینێت و تا ماوم نەتوانم لە ئاستیدا سەر هەڵبڕم.. لە لایەکی تر هیچ لەوە تێناگەم بۆچی نامەوێت ئەو دەرگایە دابخەم.. نەخێر، ئەم هاڵاوە دەمخنکێنێت.. کۆنکرێتەکە سارد نابێتەوە و بنی پێیە پەتییەکانم زیاتر داخ دەکات...

بەڵام هەرچۆنێ بێت لەسەر کۆنکرێتی ئەو شۆستەیە برۆیت و جانتاکەت بەدوای خۆتدا ڕابکێشیت، باشترە لەوەی قیرە تواوەکە هەنگاوەکانت خاو بکاتەوە.. ئەوەتا بەردەوام ئارەق دەردەدەیت و جلەکانت تا دێت زیاتر تەڕ دەبن.. زیاتریش بە جەستەتەوە دەنووسێن و خراپتر ئازاری گیانت دەدەن.. بەتایبەتی سەرووی ڕان و قەراغی مەمکەکانت.. قژت لەژێر تیشکی ڕۆژی تا بڵێی گەرمدا دەبێتە لاستیک و هەست دەکەیت تک تک بەسەر پێستی ملتدا دەتوێتەوە.. ماوەیەک بۆت دەرکەوت، هەرچەند لە شوێنی گەرم بنوویت، لە خەودا خۆت ڕووت دەکەیتەوە.. لە بازاڕ و لەسەر پایەکانی قادرمەی قەڵات و لە ستایشیۆنی پاسەکاندا یەک یەک جلەکانت بە چرنووک لەبەر خۆت دادەڕنی.. دەتکردنە تیلمەی ورد ورد و بەملا و بەولاتدا فڕێ دەدان.. سەرەتا شەرمێک دایدەپۆشیت و خێرا بۆ ترسێکی گەورە دەگۆڕا.. لە سەرجەمی ئەو خەونانەشدا جووتێ پێڵاوی پاژنەبەرزت لە پێدا بوو.. هەمیشە هەنگاویان قورس دەکردی، بگرە هەر نەتدەتوانی بەهیچ شێوەیەک قاچت بەرز بکەیتەوە.. لە کاتێکدا دەبووایە ڕاکەیت، بەڵام نەتدەتوانی بەئاسانی بجووڵێیت.. یان خۆت هەڵدەیت و دەستەکانت بە لقی درەختێکەوە بگریت، بۆئەوەی پێیدا هەڵگەڕێیت و گیانت لەو دەعبایە خشۆکانە بپارێزیت، کەچی بنی بێکانتیان بە زەوییەوە دەنووساند.. دایکی یەکێ لە دەستەخوشکەکانت خۆی لێ کردیە «باقلۆڤ» و پێی وتی:

ــ تۆ ڕەنگە بە جلی ئەستوورەوە بنوویت سامال.. یاخود دوور نییە ئەو لێفەیەی خۆتی پێ دادەپۆشیت، قورس بێت.. ئەمەش وا دەکات پاڵەپەستۆ بکەوێتە سەر قاچەکانت.

لەمەوە شەوان تەنها کراسێکی تەنکت لەبەر دەکرد و قاچەکانیشت دانەدەپۆشی.. ئەو جارە لەناو گەراج هەستت کرد مارێک، مارێکی ئەستووری درێژ، لەژێر کراسەکەتەوە، وەکو ملپێچ خۆی ئالاندۆتە ملتەوە.. ترسێک ڕایتەکاندی.. نەتزانی چۆن هەر لەسەر کراسەکەتەوە سەریت گرت و بە پەنجە

لەرزۆکەکانت تا تینت تیا بوو ڕاتگوشی.. سەرەتا لە تاوا کلکی ڕادەوەشاند و مەمکە بچکۆلەکانتی لەگەڵ خۆیدا دەلەراندەوە.. ئینجا وردە وردە هێزی لێ دەبڕا و کپ دەبوو.. جلەکانت داکەنی بۆئەوەی لاشەکەی فرێ بدەیت.. هاودەم هەستی بەزەیی هەڵیقرچاندی.. ویستت بگری.. نەتتوانی.. پاسەکە کەوتە گەڕ.. بەڕووتوقووتی دوای کەوتی.. هەر چۆنێک بوو پێی گەیشتی.. دەرگا کرایەوە، یان خۆت کردتەوە.. ڕوون نییە لە خەودا کێ کارەکان ئەنجام دەدا.. گرینگ ئەوەیە شتەکان لە جووڵەیەکی بەردەوامدابن و دیمەنەکان بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو بگۆڕێن.. ئەوەتا پیاوە ڕووتەکان کز و خەمناک لەسەر کوشینەکان دانیشتوون.. بەپێوە وەستاویت و سەرنجیان لێ دەدەیت.. لە شوێنی خۆیان ناجووڵێن.. هەناسە نادەن.. پاسەکە بەخێراییەکی سەیر ڕێگا دەبڕێت.. بەڵام کام ڕێگایە..؟! دیار نییە.. نەتزانی کێیە پێت دەڵێت: «ئەوانە دەچن باوکت دەنێژن».. تا ئەو کاتە پاچ و خاکەنازی بەردەمیانت نەدیبوو.. لەودیوی جامەکانیشەوە سەدان پیاوی ڕووتی دیکەت لەمبەر و لەوبەری شەقامەکەدا دەکەوتە بەرچاو.. بێدەنگ بێدەنگ هەنگاویان دەنا.. زیاتر لە دیلی جەنگ دەچوون.. کەواتە بەرەو گۆڕستان بەڕێکەوتوون.. نەتزانی بۆ سەرت هەڵبڕی.. پۆل پۆل حاجی لەقلەقەکانت بەئاسمانەوە دەبینی، بە دەنووکی درێژیان جلی پیاوەکانیان گرتبوو و بەتیژی تێدەپەڕین.. لەگەڵ دەنگی گریانت بەئاگا هاتیتەوە و لەو سەربانە گەرمەدا چاوت لەناو تریفەی مانگەشەوی ئابی پڕووکێنەردا هەڵهێنا.. ئارەقت لێ دەچۆڕایەوە.. ویستت بچیتە خوارێ و گلاسێ ئاوی ساردی ناو سەلاجە بخۆیتەوە، دایکت و باوکتت بەخەوتوویی لە باوەشی یەکتردا بینی.. قاچی ڕووتیان لەژێر چەرچەفە پەمەییەکەوە هاتبوونە دەرێ و لەگەڵ هەناسەکانیاندا دەلەرینەوە.. بینیت وا ئەویش لەو سووچەی ئەوسەر لەسەر پشت نووستووە.. هەر جارێ خەبەرت ببێتەوە و بتەوێت بچیتە خوارێ، دەچیت هەڵیدەستێنیت و لەگەڵ خۆتی دەبەیت.. دەستت خستە سەر شانی.. چەند جارێ ڕاتتەکاند.. دەنگە دەنگێکی ناڕۆشەنی

لە دەم دەرچوو.. لێی تێنەگەیشتی.. لەگەڵیا باری نووستنەکەی گۆڕی.. سەرەتا بەلای چەپ و دوایی بەلای ڕاستدا.. بەزەحمەت هەناسەی دەدا.. لێوەکانی مۆر هەڵگەڕابوون.. پەنجەکانت خستە سەر ناوچەوانی.. گەرم گەرم.. بەژێر ئارەقەدا کەوتووە.. قژی تەڕ تەڕ.. ئەویش تینوویەتی، بەڵام تۆ خەریکە دەخنکێیت.. چاوت بەو دەشتەدا گێڕا.. زیکە زیکی سیسەرەی ژێر گیای قەراغ گۆماوەکە پەردەی گوێچکەت دەلەرێنێتەوە.. سەگە بەڕەڵڵاکان لە هەموو لایەکەوە دەوەڕن.. منارەی مزگەوتەکە لە گەردەلوول، یان لە دووکەڵێکی خۆڵەمێشی دەچێت.. لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا سیما و ئاڕاستەی گۆڕاوە.. نازانرێت لە زەوییەوە بەرەو ئاسمان هەڵچووە، یان لە ئاسمانەوە بۆ زەوی ڕۆچووە.. ڕەنگە دوای تاوێکی دی «دەروێش برایم» بە دەنگی ئێجگار بەرزی کۆترە کێوییەکانی سەری لە خەوێکی قووڵ بێدار بکاتەوە و هەر یەکەیان پەرتەوازەی لایەک بکات.. ژنە ڕەشپۆشەکانت بیر هاتەوە، کە لە خەوەکەتدا پۆل پۆل بەناو کۆڵانێکی درێژی تەموومژاویدا دەڕۆیشتن و دەفی سپییان دەژەنی.. تا ئێستایش دەنگی دەفە گەورەکان و زەنگوڵی جۆراوجۆری قەراغیان لەناو سەرتدا دەزرینگێنەوە.. بەڵام یەکەمجارە هەست بە لەزەتی ترس بکەیت.. لەزەتی ترس..؟! مەبەستم ئەوەیە ناتەوێت وەکو جاران بۆ لابردنی دیمەنەکانی بەرچاوت، یان با بڵێین بۆ پەرتبوونی زنجیرە خەیاڵەکان، گیانی خۆت لەژێر لێفەدا گرموڵە بکەیت و پەنا بۆ دەیان فێڵ و تەکنیکی سەیر سەیر بەریت.. سەرنجەکانت تا گۆڕستانی «سەید مەعرووف» ڕەوانە کرد.. خەو تەواو بەری نەداویت و بیر لە جیاوازیی نێوان گۆڕستان و گەراج دەکەیتەوە.. ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بیکەیتە بابەتی یەکەمین چیرۆکت.. خۆ تۆ شەیدای ئەو تێکستانەیت، کە باس لە گەراج و سەفەر دەکەن.. بەوردی لە جووڵەی ئەو ئەکتەرانە ڕادەمێنیت، کە ڕۆڵی گەشتیار دەبینن و لە ئۆتۆمۆبیلەکان دادەبەزن، یان سەردەکەون.. سەرخستن و داگرتنی جانتاکانیش چەند جووڵەیەکن، کە زۆر جار سەرنجت ڕادەکێشن و لاساییان دەکەیتەوە.. هەرچەند

باوکت دەڵێت: «تا ئەو گـۆڕسـتـانەمـان لێ دیار بێت، مـانـای وایە شـوێنێکی چاکمان هەیە»، دایکت شێت و هار دەبێت.. یەخەی خۆی دادەدڕێت.. ئەو گوێی ناداتێ و دەڵێت:

ــ ئێمە بەو مردووانە دەزانین زیندووین.

ــ چی..؟! بەو مردووانە..؟!

ــ ڕاستییەکەی مەبەستم ئەو دەشتەیە، کە ئێمە و ئەوان لە یەکتر جیا دەکاتەوە.. دەبا سبەینێ خانووی گەورە گەورەی لەسەر بکرێت و گۆڕستانت لێ بشارنەوە، بزانە هەمـوو کـاتێ وا هەست ناکەیت مـردووێکت بە باوەشەوەیە، یاخود بە باوەشی مردووێکەوەیت.

لەپڕ ئاوڕت دایەوە ناو سەربانەکە و وردتر لە جاری پێشوو لێت ڕوانین.. هێشتا لە باوەشی یەکدی دان و باری نووستنەکەیان نەگۆڕاوە.. «کامیان مردووە و کامیان زیندوو..؟!» پرسیارێکی ترسناکە.. یان ئازاربەخشە.. نەخێر، ئاڵۆزە.. خێرا بەلاوەی دەنێیت.. پیاوە ڕووتەکانی ناو پاسەکە و ئەوانەی تریشت هێنایەوە بەرچاوت، کە بەهێمنی بەملا و بەولای شەقامەکەدا دەڕۆیشتن.. دەتەوێت بچیت گوێچکەت بە سنگی باوکتەوە بنێیت، تا دڵنیا بیت لەوەی زیندووە، ئەگەرچی ئەو هەناسانەی بەردەوام پێت دەڵێن: «ئا، زیندووە»، بەڵام باری نووستنەکەیان ڕێگرە لەوەی وا بکەیت.. ناشزانی مەبەستت لە باری نووستنەکەیان چییە.. ئەویش لەو سووچە لەناو ئارەقەدا شڵپەی دێت.. تای گەرم هەموو گیانی کوڵاندووە.. جارێکی دی چوویتەوە نزیک پێخەفەکەی.. سەرنجی قووڵترت لێی دا.. لە خەودا شێوەی زۆر دەگۆڕێت.. لە کوڕی هەرزەکار ناچێت.. وەکو پیاوێکی تەواو دێتە بەرچاو.. «ئەمە قسەیەکی زۆر بێمانایە ساسە».. جارێکیان وای پێ وتی.. دەستت خستەوە سەر ناوچەوانی.. «ئاگرە..!! ئاگر..!!» ئەمەت بەدەنگ وت.. پێیە پەتییەکانت لەسەر ئەو کۆنکرێتە داخ دەبوون.. چاوانت دەکزانەوە.. بیناییت ڕەش هەڵدەگەڕا.. سەرت دەخولایەوە..

هەستت کرد ئەوەی تای لێیە و نەخۆشە، هەر خۆتی.. دەمارەکانت دەیانتریواند.. دەتوت لە خوارێ، لەناو ژوورەکاندا بە فەردە خەڵووز دەسووتێن و وا کۆنکرێتی سەربانەکە وەکو هی حەمامی بازاڕ گەرم دەکەن.. داخ داخ دەبێت.. تا دێت زیاتر پێیەکانت ئازار دەدات.. نەخێر، چیدی بەرگەی ئەو هالاوە ناگریت....

ئێستا پێڵاوەکانت دادەکەنی.. قەیتانیان لەیەکدی گرێ دەدەیت و وەکو ملوانکە لە ملیان دەکەیت.. دەکەونە سەر ئەم مەمک و ئەو مەمکت.. لە کاتی هەنگاونانەدا دەیانلەرێننەوە.. گۆکانیان ئازار دەدەن.. قاچەکانت بەتوندی دادەنێیت.. مەبەستتە پاشپانی و کەلێنی پەنجەکانت زیاتر گەرمای سەر ئەو شۆستەیە هەڵمژن.. ڕێگایەکی باشیشە بۆ کوشتنی ئەو خورووەی ماوەیەکە تەواو پەرێشانی کردووی.. شەوان خەبەرت دەکاتەوە.. یاخود لەناو خەیاڵەکانتت دەردەهێنێت.. بە چمکی بەتانییە خورییەکە دەیخورێنیت.. تا ئەو ئاستەی سوور سوور هەڵدەگەڕێن.. ئەرێ بۆ لەجیاتی هەردوو وشەی «سوور سوور» تەنها وشەی «تۆخ» بەکار نەهێنین..؟! یاخود بۆچی نەڵێین برینەکان قووڵتر دەبن، چونکە لەو تاریکاییەدا ئاسان نییە ڕەنگەکان ببینی، تا بتوانی لەیەکدیان جیا بکەیتەوە.. بەڵام ئەگەر بە زمانی شیعری بینووسیتەوە، ئەوا دەبێت بڵێیت «بریندواربوونی برین».. گۆڕینی ئازاری خوران بۆ ئازاری برین لە پێشدا فێڵێکە و دوایی دەبێتە چێژ.. چێژێکی بێسنوور.. پنتکی سوور سووری سەر پێستی سپی، سووک و ئاسان عەزیە گوڵگوڵییە شیفۆنەکەی دایکتت بیر دێنێتەوە.. تاقە شتێک بوو فریێی نەدەدا.. زۆر جار لە کانتۆر دەریدەهێنا و پێی دەوتی:

ــ بۆ تۆم هەڵگرتووە ساسە.. پێم خۆشە لە حەفتەی یەکەمی بووکێنییت بیپۆشیت.

ــ چی چی دایە..؟! من جلی بیست ساڵ لەمەوپێش لەبەر بکەم..؟! هی پەنجاکان..؟! ئاوا کچی خۆت دەناسیت..؟!

ـ ئەمە ئەو مۆدێلە بوو ساسە، کە ژنانی وەکو لەیلا فەوزی و مەدیحە یوسری و فاتن حەمامە حەزیان لێ دەکرد.. هەر جارێ دەستەخوشکەکانم بەبەریانەوە دەبینیم، پێیان دەوتم لە زووزوو شەکیب و زووزوو مازی و زووزوو نەبیل و زووزوو حەکیم دەچم.

ـ بەسەرچوو.. شت ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆڕانە.. ئەو زووزووانە هی زوو بوون.

ـ دەتوانین هەندێ دامێنی درێژ بکەینەوە و دوو قۆڵی پێوە بدوورین.. ئەوسا وەکو مۆدێلی ئەم ڕۆژگارەی لێ دێت.

ـ من تێناگەم تۆ بۆچی ئەوەندە لەسەر شتی هیچوپووچ دەڕۆیت..!!

درەنگ درەنگ زانیت دایکت چ مەبەستێکی لەوەدا هەبوو و دەیویست چییت پێ بڵێت.. باوکت هەر زوو زوو دەیوت:

ـ من بۆیە دەتوانم لەگەڵی بژیم ساسە، چونکە دەزانم هەمیشە شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە.. وەکو ئەوە وایە ئەم بەردەوام مەتەڵم بۆ بڵێت و منیش بیر لە هەڵهێنانیان بکەمەوە.. بەلاتەوە سەیر نەبێت ساسە، ئەگەر بڵێم ئەو یارییە لەزەتی خۆی هەیە.

ـ لەزەت..؟!

ـ نازانم چۆنت تێبگەیەنم ساسە.

جارێکیان لە کاتێکدا قژیت بۆ دادەهێنا، پێت وت:

ـ دایە ئەم گوڵگوڵییە دەمێکە باوی نەماوە.

ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:

ـ ئەمانە گوڵ نین ساسە.. داخن..!! داخ..!!

بەجۆرێک وتی «داخن..!! داخ..!!» وەک بڵێی بیەوێت وشەکان لەشێوەی دوو تۆپەڵ ئاگر لە دەمیەوە دەربچن...

ئێستا پێیە پەتییەکانت لەسەر ئەو کۆنکرێتە چاکتر لەو کاتەی لەناو پێڵاودا بوون، گەرما هەڵدەمژن.. گوڵە سوورەکان بەردەوام داخ دەبن، بەڵام نازانی ئاخۆ

کاڵ دەبنەوە، یان بەئێجگاری دەسڕێنەوە.. نەخێر، ئەمانە جیاوازن لە گوڵی سەر کراسی دایکت.. هەرچۆنێ بێت لەم ساتەدا گەرما لەزەتێکی زۆر تایبەتی هەیە.. وادەزانی ڕۆژ تەنها بۆ ئەوە خولقاوە، تا تیشکەکانی بە تۆ ببەخشێت.. ئەمە بیرکردنەوەیەکە، تەواو لە هی کارەکتەری چیرۆکە میتۆلۆژییەکانی پێش تۆفانی گەورە دەچێت.. ئەوانەی بە زمانی ئەکەدی و سۆمەری نووسراونەتەوە.. هەستێکی ئاواش سووک و ئاسان دەتوانێت ڕۆحت لەم شوێنە دوور بخاتەوە و بیەگەیەنێتە ناو شارێکی وەکو «لاراک» یەکێک لە شارە گرینگەکانی میزۆپۆتامیای پێش تۆفان.. نەخێر، ئێستا وا خۆت دێتە بەرچاو لە شاخی «ماشۆ» بیت، ئەو شاخەی وەکو لە کتێبەکانی باوکتدا دەتخوێندەوە، دەکەوێتە ئەوپەڕی دنیا.. ڕۆژ لەوێوە هەڵدێت و تیشکەکانی بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە.. لەوێ پیاوان لە شێوەی دووپشکن و ئەو شاخە دەپارێزن:

ـ باوکە من لە سەربان بووم.. جلە تەڕەکانی تۆ و هی خۆمم لەسەر تەنافێکی ئەستووری ڕەق هەڵدەخست، کە هەر لە کلکی تیمساح دەچوو باوکە.. هێندەیش گەرم بوو، جلەکان هالاویان لێ هەڵدەستا.. لێم مەپرسە چۆن تەناف لە کلکی تیمساح دەچێت باوکە، چونکی باوەڕ بکە وا دەکەوتە بەرچاوم.. کاتێ بە پەنجەکانیشم دەمگرت، ختووکەی دەدام.. ئا، بەسەری تۆ ختووکەی دەدام.. درۆ ناکەم..!! وی..!! لە ترسا دڵم دادەچڵەکی باوکە.. وامدەزانی بەڕاستی کلکی تیمساحم گرتووە.. تیمساحێکی ئاگرین.. ئا، تیمساحی ئاگرین باوکە..!! بۆچی ئاوا بەسەرسوڕمانەوە لێم دەڕوانیت..؟! بەلاتەوە سەیرە..؟! دەئاخر خەونە باوکە..!! وی..!! بوەستە با بۆت بگێڕمەوە.. تۆم بینی وا لە حەوشە لەسەر پشت ڕاکشاویت و دووپشکێکی گەورەش لەسەر سنگتە باوکە.. دەمی نووساندووە بە قوڕگتەوە و دەیەوێت پێتەوە بدات.. خۆم هەڵدایە خوارەوە و توند توند گرتم.. تا تینم تیا بوو گوشیم باوکە.. دوایی دەرکەوت بۆینباغەکەتە.. ئا، بۆینباغەکەت..!! بەڵام هێشتا دەترسام باوکە.. ڕامدەکێشا و دەمزرووکاند.. دوایی وامزانی

خنکاوی باوکە.. جلەکانتم هەمووی داکەند.. هەستایت و چوویتە دەرێ.. بەو دەشتەدا ڕاتکرد و منیش دوات کەوتم باوکە.. دایە لە بەردەرگا قژی دەڕنیەوە و دەیوت: بگەڕێوە ساسە.. تۆ بە ڕووتی بۆ کوێ دەچیت..؟! بگەڕێوە، ئەگینا خۆم دەکوژم..... دوایی من....

ئا ئێستا پێت خۆشە هەموو جلەکانت لەبەر خۆت داڕنی و بەڕووتی ئەم ڕێگایە ببڕیت.. ئەمە شێوەیەکە لە شێوەکانی بێزوو.. چ حاڵەتێکی سەیرە، کاتێ هەست بکەیت بەربەست نەماوە لەنێوان جەستەت و سەرنجی ئەوانی دیدا..!! ئەمە وەکو ئەوە وایە لەسەر تەختەی شانۆدا خەونێک لە خەونە ڕووتەکانت بە تەمسیل بۆ جەماوەرێکی زۆر بگێڕیتەوە.. ئەگەرچی ئێستا هیچ چاوێک نابینی، نە دوور و نە نزیک، لێت بڕوانێت.. بەڵێ، ڕێک لەشێوەی خەونەکان.. یان ڕوونتر بڵێین وەکو ئەوەی هەموو ئەو شتانە دوور لە ویستی خۆت لەودیوی چاوە بەستراوەکانتدا ڕوو بدەن.. ئەوسا گرینگ نییە دەوروبەرت تاریکە، یان ڕووناک.. لەسەر پشت پاڵکەوتوویت، یان لەسەر سک.. ماوەی نێوان قاچە ڕووتەکانت چەندە و دەستە تەزیوەکانت بە کام ئاڕاستەدا درێژ کراون.. ئەوەندە بەسە، کە لە ڕێگای ئەو ئەندامە ڕەق و کرکراگەدارانەی جەستەیان، کە هەر لە کلکی تیمساحی ناو خەونەکانی سەردەمی هەرزەکاری دەچن و بە بۆنی ئارەقەی بنباڵ و سەر سنگیانەوە، یان بە تووکی زبر و هەناسە ماندووەکانیانەوە تێبگەیت، یاخود هەست بکەیت سەرنجەکان نێرینەن...

«دکتۆر یاسەمین ئاکرەیی» لە کاتێکدا لە حەمامی ماڵەکەی بە کرێمێکی سپیی تایبەتی دەیشتی، پێی وتی:

ــ هەندێک هەن لە ناوەوە پیـــر دەبن و هەندێکی تر لە دەرەوە.. تۆ لەوەی یەکەمیانی ساماڵ.. بەلاتەوە سەیر نەبێت، ئەگەر بڵێم لەچاو ئەوسا شتێکی وا نەگۆڕاویت.. یان ئەگەر حەزت لێ بێت بەو زمانەی جاران بدوێین، ئەوا پێت دەڵێم تا ئێستایش لە گەردەلوول دەچیت.

ویستت شتێکی پێ بڵێیت، بەڵام ئەو ڕێگای نەدایت:

ــ دەزانم دەڵێی چی.. خەمت نەبێت من هەموو ئەو شتانەم لێ دەرکردووە و حیسابێکی پاکم خستۆتە بەردەمت.. ئا، دەتەوێت بڵێی ئەی ئەگەر ئەو ڕۆژەی لە بەردەرگا گەورەکەی ئەوێ چاوەڕێم دەکردی و بمدیبای، چییم پێ دەوتی.

لەناو ماڵەکاندا دەنگی بنیادەمێک نابیستیت.. تەنانەت کزەبایەک لقی درەختەکانیش نالەرێنێتەوە.. ئەوەی دەیبینی، تەنها جلوبەرگی شۆراویانە، لەسەر دیواری حەوشە و ستارەکاندا هەڵیانخستوون.. تک تک دڵۆپە ئاویان لێ دەچۆڕێتەوە.. دیسان دەڵێم ڕەنگە هەر لە بەرچاوی تۆدا ئاوابێت.. ئێستا ئەم کپییە تەواو لەو ئەتمۆسفێرە دەچێت، کە بەردەوام هەوڵ دەدەیت لە چیرۆکەکانتدا بیخوڵقێنیت.. سەرەتا خێرا و بەهەڵپە ڕێگا دەبڕی.. ڕۆژانە زیاتر لە چوار لاپەڕە دەنووسیت.. ئینجا وەک بڵێی هیچ ڕووداوێک پێوەندیی بەوی دیەوە نەمابێت، لەپڕ دەوەستیت.. لەگەڵتا هەموو شتێک دەوەستێت.. خۆت لەناو ڕێگومکەدا دەبینیتەوە.. بەربینابیت تەواو لێڵ دەبێت.. ماتەمینی داتدەگرێت.. نە دەستت تێدەچێت ئەوەی نووسیوتە بیسڕیتەوە و نە دەشتوانی شتێکی تری بخەیتە سەر.. بەڵام ئێستا ناتەوێت بگەڕێیتەوە.. «لە گەراجێکی دۆزەخییەوە بۆ (یان بەرەو) گەراجێکی بەستەڵەک».. دێڕێکە و لەو دێڕانە دەچێت، کە هەمیشە لە نووسینەکانتدا دەیانخوڵقێنیت.. لە ڕۆژانی زانکۆ لە «بەغداد» خۆت لەسەر زمانێکی سەیر ڕادەهێنا.. ئەو زمانەی مرۆڤ لە ساتەکانی پێش خۆکوشتندا بەکاری دەهێنێت، بەبێ ئەوەی بزانێت مەبەستی لەو گوتە پچڕ پچڕانە چییە.. لەنێوان وڕێنە و ڕاستیدا، وێنەی نەورەسە چڵێسەکان وشەت ڕاو دەکرد.. دیمەنەکانی منداڵییت دەهێنایەوە بەرچاوت.. ئەو ڕیشۆڵە سەرگەردانانەی لە ئێوارەی بەفرە زۆرەکەدا لەسەر دارپرتەقاڵەکانی باخی ماڵی نەنکت هەڵنیشتبوون و دەیانزیقاند.. تاو ناتاوێ خۆیان دەتەکاند و بۆ ساتێکی کورت چەند خاڵێکی ڕەشیان لەسەر ئەو فەزا سپییە دەنەخشاند.. بەڵام هەر

خـێـرا کـڵـووە بەفـرەکـان بۆ جـارێکی دی دایاندەپۆشـین و لە بەرچاوان بزر دەبوونـەوە.. دەتـوت ڕەنگـی ســـپی لـەوەتـەی هـەیە ئـاوا لـەم شـــارە دێرینـە نیـمچـەگـەرمـەدا دەرفـەتی بـۆ هـەڵنەکـەوتووە، تا بەجـارێ دەست بەسـەر هـەمـوو شتـێکدا بگرێت.... ئەو بەردانەی بەیانیـانی زسـتـان لەو دەشـتـەی سـەر ڕێگای قـوتابخـانە سەرنجیـان ڕادەکێشـای.. بۆیان دادەهـاتیـتـەوە و بەزەحمـەت لە قـوڕە بەستـووەکەت جیـا دەکردنەوە.. دەیانتوانی سـووک و ئاسان پەنجـەکانت لەودیوی دەسکێشـە خـورییەکانەوە بتەزێنن.. ئەو گـەرماییـەیان هـەڵدەمژی، کـە بەدرێژاییی شـەو لۆکـەی لێفـەکـەت پێی دەبەخـشیـت.. بەڵام ڕێیـان لەوە نەدەگـرت لەزەت لە گوشـینیـان ببینیت.. هـەڵتدەدانە ناو گـۆمـاوەکە، کەچی واتدەزانی هێشـتـا هـەر لەناو پەنجەکانتدان.. ئەو هـەستی تەزینە دەیتوانی هـەموو جوڵەیەک بشێوێنێت.. بینینەکان بەلارێدا بـەرێت.. نەخێر، بەردە تەزیوەکان دەگـەیشتنە ناو گـۆمـاوەکە.. بازنەیەکی بـچـووکیـان بەدەوری خـۆیاندا دەکێشـا.. بازنـەکان وردە وردە گـەورە دەبوون.. ئەوسـا ڕەنگی ئـاوەکـەیش دەگـۆڕا.. لە ملوانکە شـەختـەییـەکەی دایکت دەچوو.. ئەرێ بۆچی ئەو ناوەت لێ نابوو..؟!

ڕێک و ڕەوان، بە هـەسـتـێکی زۆر سـاردوسـڕەوە پێی دەوتم چیرۆکەکانی من ناخـوێنێتەوە، چـونکی وەکـو ئـەوە وایـە خـۆی نـووسـیـبێتنی.. یـان وەکـو ئـەوەی بنیادەم بەسـەرهـاتی ژیانی خۆی بۆ خـۆی بگێڕێتەوە، ئاوایە، گوایە من باسـی ئەو شتانە دەکەم، کە ئەو لە پێش منەوە بینیویەتی، یان بیستویەتی.. دەیوت:

ــ بـاشــە تۆ بـاسـی باخـی گـڵـکەندم بـۆ دەکـەیت ســامــاڵ.. لە بیـرتـە خـۆم یەکـەمـجـار تۆم بردە ئەوێ..؟! تـاقـە دارخـورمـاکـەی باداوە..؟! هـەمـوو هـاوینان لەگەڵ هاوڕێکانی منداڵییم دەچوومە سەری.. کوێی تر..؟! چی تر..؟!

هـەمیشـە لە گفتوگۆکانیشماندا بەشێوەیەک لـە شێوەکان بیری دەخستـمەوە، کە ئەو سـاڵێک و چەند مانگێک لە من گەورەترە.. دەمزانـی ئەمانە تەنهـا بیانوون و بابەتـەکـانمی بەدڵ نـیـیـە.. کـاتـێ نارەزاییم دەربڕی، ئەو ڕوونتـر نـاخی خـۆی

دەرخست:

ـ ڕاستیت پێ بڵێم من نووسینی تەمومژاوی ناخوێنمەوە.. چاکترە بڵێم هەر باوەڕم پێی نییە.

ـ هەموو تەمومژی ئەدەبی دنیا ئەوەندەی چوار دێڕی مارکس.....

ـ دەئاخر ئەوەتا.. کاری ئەدەبیش ئەوەیە ئەو فەلسەفەیە بە زمانێکی ڕۆشەن بگەیەنێتە خوێنەری......

وتم:

ـ لە نووسیندا شتێک نییە بەناوی زمان، بەڵکو شتێک هەیە بەناوی وێنە، بۆیە زمانی ڕۆشەن واتە وێنەیەکی ساکار.. ئەو وێنەیەی لە هەموو کات و شوێنێکدا دەتوانین زۆر بەئاسانی بیهێنینە بەرچاومان.

ئەوسا ڕەخنەی لە من گرت، گوایە لە چیرۆکەکانمدا هێندەی باسی «شت» دەکەم، نیو ئەوەندە بە لای «مرۆڤ»دا ناچم.. دەستی بە قەدی گوڵەکانی ناو ئینجانەی سەر تاقی پەنجەرەکەی گرت و گەڵاکانی هەژاندەوە.. بۆنێکی خۆش بە ژووردا بڵاو بووەوە.. ئینجا وتی:

ـ تۆ هەموو کردارەکان دەدەیتە دەست هێزێکی میتافیزیکییەوە.. گوڵەکان وەرین.. پردەکان ڕووخان.. دەمەکان جوولان.. سەرەکان لەقان... ئەمانەن ڕستەکانی تۆ ساماڵ.. بەهەموو شێوەیەک دەتەوێت مرۆڤ بێدەستەڵات پیشان بدەیت.

ویستم شتێکی پێ بڵێم، بەڵام ڕێگای نەدام:

ـ زەمەنیش لای تۆ تەنها مانایەکی میتافیزیکیی هەیە.. گەراجێک لە سەری ساڵ دەیبەستێت.. ئاشکرایە بۆ لەو هەموو شوێنە گەراجت هەڵبژاردووە و دەزانم مەبەستیشت لە سەری ساڵ چییە.. ئەوە واز لەوە بێنە خۆت ناوی کۆتاییی ساڵی لێ دەنێیت.. هەرچی مرۆڤ و ئۆتۆمۆبیل و گیانلەبەر هەن، لەپڕ لەوێ لە جووڵە دەکەون.. توانەوەشت داوەتە دەست قەدەر.. لەولاوە هاتوویت

باسی بۆق و مار و نازانم چی و چییمان بۆ دەکەیت، بۆئەوەی پیشانمان بدەیت، کە مرۆڤیش وەکو ئەوانە.......

ئەوسا لای «سەنیە خان»ی پووری (خوشکی باوکی) لە گەڕەکی «تۆپچی» لە ژوورێکدا دەژیا و جار جار سەرم لێی دەدا.. بەتایبەتی ئێواران دوای دەوام.. زۆر جار یەک دوانێ لەو کچانەی دەستەخوکیشمم لەگەڵ خۆمدا دەهێنا، بۆئەوەی بە پارەیەکی هەرزانتر لە هی سالۆنەکان قژیان لای «سەنیە خان» ببڕن.. یان بە دەستەقێکی کەم جلوبەرگیان بۆ بدروێت.. دواجار لەوێش نانیان دەخوارد.. ئەوانم لای ئەم جێدەهێشت و دەچوومە ژوورەکەی.. کتێبەکانی، چ ئەوانەی پرۆگرامی کۆلیژ و چ ئەوانەی دیکەی، بەمەلا و بەولادا پەرشوبلاو بووبوونەوە.. کاغەزی سەر مێزەکەی سەرنجیان ڕادەکێشام.. بە دەستوخەتێکی ئەوەندە سەیر دەینووسین، بۆم نەدەخوێنرانەوە.. یاخود با بڵێم هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم.. ئەوەندە هەبوو دەمزانی سەرنجەکانیەتی و لەکاتی گفتوگۆی لەگەڵ هاورێکانیدا بەلاچاو لێیان دەڕوانێت.. ئاخر «سەنیە خان» پێی دەوتم شەوان تا بەیانی لەگەڵ سێ چوارێکی دیکەی وەکو خۆی دادەنیشێت و هەمیشە مشتومڕیانە.. هەندێک جار لێیان دەبێتە شەڕ.. ئەویش ئیشی ئەوەیە چێشتیان بۆ لێبنێت و مەزەیان بۆ ئامادە بکات.. بەڵێ، ئەو بەردەوام وێسکی و شامپانیای دەخواردەوە.. زوو زووش داوای لێ دەکردم بەشداریی بکەم، بەڵام وابزانم تەنها دوو جار ڕەزامەندییم پیشان دا.. دەیوت:

ــ هەرچی بێت بۆ من ئێرە لە ماڵی قوتابییان چاکترە.. لەوێ خواردنەوە قەدەغەیە.. من تێناگەم چۆن کتێب بەبێ خواردنەوە دەخوێندرێتەوە.

کاتێ هەستی کرد من هەندێ مەستم، زیاتر دەرفەتی هێنا و کەوتە هێرشکردن.. بەڵام ئەوسا پێم وت:

ــ ناویان لێ ناویت فیلمی کامێرا.

لە لایەک پێی ناخۆش بوو و لە لایەکی تر حەپەسا.. هیچیانی بەسەر خۆی

نەهێنا و بەدەم بزەیەکەوە، کە دەمزانی بۆ ئەوەیەتی پیشانم نەدات کاری لێ کردووە، پرسی:

ـ فیلمی کامێرا..؟! ئەم ناوە چییە..؟!

ـ ئا، فیلمی کامێرای فۆتۆگراف.

بەقەستی ڕستەکەم درێژ کردەوە و نەمویست یەکسەر وەڵامی بدەمەوە، بۆئەوەی هەندێکی دی شپرزە بێت و تێکشکانی سەر دەموچاوی ڕوونتر دەرکەوێت.. بزەیەکی جیاوازتر لەوەی پێشووی خستە سەر لێوی و وتی:

ـ ڕۆژانە شت زۆر دەوترێت، بەڵام بابزانین ئەمەیان چییە.

ـ دەڵێن وەکو فیلمی کامێرا وایت.. هەر ڕووناکییت بەرکەوێت، دەسووتێیت.

لە شوێنی خۆی مت بوو.. دوای تاوێک، بە پیشەی هەمیشەی چاوی بە بنمیچەکەدا گێڕا و وتی:

ـ ئینجا خۆ ڕاستیت دەوێت ژوورەکەم لە ستۆدیۆ دەچێت.

هەر خێرا ئەولام لێ گرتەوە:

ـ دەتەوێت بڵێی ڕۆژێک دێت لە نەگەتیڤەوە دەگۆڕدرێیتە سەر پۆزەتیڤ و دەکرێیتە وێنەی ڕاستەقینە..؟!

ـ نەخێر، دەبمە وێنەی ڕاستەقینە.. باشە تۆ هەر دەبێت بکەر لە شێوەی پاسیڤ بەکار بهێنیت..؟!

ـ تۆ بۆچی ئاوا تێکچوویت..؟!

پێش ئەوەی دەم بکاتەوە، بەدەم قاقایەکی بەرزەوە پێم وت:

ـ ئەوەتا بکەر لەو ڕستەیەدا، کە جەنابتی، ئاکتیڤە.

خۆی هێمن نیشان دا و کاسەکەی تا ئاستی وێنەی دایک و باوکی بەرز کردەوە، کە بە قەدی دیوارەوە هەڵواسرا بوو.. هاودەم بە ئاماژەی دەموچاو تێیگەیاندم منیش وا بکەم.. لێوی کاسەکانمان لە یەک دا و وتی:

ـ بەخۆشیی ئەو وێنە ڕاستەقینەیەی سبەینێ دەیبینین.

وتم:

ـ بەخۆشیی ئەو وێنە وەهمییەی سبەینی دەبینرێت.

دوایی «سەنیە خان» پێی وتم:

ـ من ئەگەرچی تەواو لە قسەکانتان تێنەدەگەیشتم، بەڵام دەمزانی تۆ دەتەوێت چی پێ بڵێیت.

(ئاخر ئێوە هەمیشە بە زمانێکی سەیر و ئاڵۆز لەگەڵ یەکتر دەدوان، بەڕادەیەک سەرم لە گوتەکانتان دەرنەدەچوو.. ناچار پەنام بۆ مەزەندە و لێکدانەوە دەبرد.. لە کاتێکدا وامدەزانی ئێستا نا ساتێکی دی دەست دەنێنە یەخەی یەکترەوە، کەچی لەپڕ قاقاتان لێ دەدا.. یان وەختێ دەتانخستمە سەر ئەو باوەڕەی وا ئاوێزانی یەکدی دەبن، هاودەم بە جنێوێک، قیژەیەک، هاوارێک، دۆخی ماڵە چۆڵەکەمتان دەشێواند.. لەودیو گوێچکەم بۆ هەموو چرپە و سرتەیەکتان دەخستە بۆسەوە.. نازانم بۆچی دەمویست ورد و درشتی نێوانتان بزانم.. لە گەرمەی قسەکردنم لەگەڵ میوانەکان، یاخود لەگەڵ ئەوانەی دەهاتن جلیان بۆ بدرووم، یان قژیان ببڕم و بە پەت دەموچاویان هەڵگرم، ئاگام لەوە نەدەبڕا، ئاخۆ ئێوە لەو کاتەدا دەتانەوێت چی بکەن.. یان چی بە یەکدی بڵێن.. ئەگەرچی ئێوە هەرگیز سەرنج و ڕامانی منتان بە هەند هەڵنەدەگرت.. نەتاندەتوانی لە بەرگدرووێکی میللی و دەلاکێکی میللی زیاتر شتێکی ترم تێدا ببینن.. بەڵام من تا ئێستایش، کە هەشتا ساڵی تەمەنم بڕیوە، بەقەدەر هەموو دنیا ڕقم لەوەیە بە ژنێکی میللییم بزانن.. ئاواتم دەخواست لەناوجەرگەی شاردا شوێنێکم هەبێت، جا چ بۆ جلدرووین چ بۆ قژبڕین.. ئەگەرچی هەمیشە دووەمیان دەخەمە پێشترەوە.. ئەوەم بە گرینگ دەزانی جوانترین نەخش بۆ دیوارەکانی بکەم و جامخانەی پێشەوەی بدرەوشێتەوە.. چ دەستەڵاتێکی گەورەت هەیە، کاتێ شێوەی خەڵک دەگۆڕیت.. ئەوان ئەگەر ناوی هەرچیی لێ دەنێن، ئارەزووی خۆیانە، بەڵام لای من مەسەلەکە تەواو جیاوازە.. بەڵێ، ئەمە

جـۆرێکی دیکەی خـەڵەتاندنەوەیە.. لێـرەوە تۆ بەئاسـانی ئەوان دەخـەیتـە ژێر دەسـتـەڵاتتـەوە.. چاکـتـر بەناخـیـاندا ڕۆدەچیت.. لە لایەکی دی بمانـەوێت و نەمانەوێت ئەمە کفرێکی گەورەیە.. مەبەستم ئیشی جوانکارییە.. وەکو ئەوەی تۆ لە چیرۆکەکانتدا دەیکەیت.. منت خستۆتە مەراقێکی گەورەوە.. پێم ناڵێی ئەو گەراجە کەی دەتوێتەوە..؟! ئەو خەڵکە کەی دەکەونەوە جووڵە..؟! من لـە سەرما دەترسم.. لە شـەختـە زەندەقم دەرژێت.. چ هەتاوێکی گەرم دەتوانێت ئەو دۆخە بگۆڕێت..؟!)

بەفری چەند ڕۆژێ لەمـەوبەر لقی درەختـەکانی ماڵی نـەنەی سـپی کردووە.. کاشییـەکانی حەوشەی داپۆشیوە.. دنیا ساماڵە و بەستـوویەتی.. ئێوارەیەکی درەنگە و من هێندە نابێت لە قـوتابخـانە گـەڕاومـەتەوە.. دایە پرێمـزی داگیرساندووە.. دەسکی سـەر تانکییـەکەی گرتووە و دەمە پڕ لە ئاگرەکەی لە شـەختـەکـە نزیک دەکاتەوە.. بست بە بسـتی دەتوێنێتەوە.. نەخشی ڕەشی کاشییـەکان وردە وردە دەردەکەونەوە.. لەگەڵ هەمـوو ئەمانەیشدا ئێستا دایە دیمەنێکی تا بڵێی پێکەنیناویی هەیە.. ئینجا ئەگەر من قاقا لێ نادەم، ئەوا تەنها لەبەرئـەوەیە هیچ لەم ئێـوارە سـپـییـە تێناگەم و نازانم بۆچی وا حـەپەسـاوم.. نیشانەی سـەر دەمـوچاوەکانم هەرگیز بەم شێوەیە نەبینیوە.. باوکە بە ڕۆبێکی ئەسـتـووری درێژەوە کـز کـز لە هەیوان وەسـتـاوە و دیار نیـیـە لە چ لایەک دەڕوانێت.. نـەنـە خورما بە قەلەموونە ڕەشەکانی دەدات، بەڵام وەکو ڕۆژانی دی گۆرانییان بۆ ناڵێت.. ئێستا مووروو و گوڵنگە سوورەکانی ملیان هەر لە گڕی پرێمـزەکـە دەچن.. نەنـە هـەمـوو جارێ گـوێی لەمن دەبێت ئاوا بەو گـۆپکانەیان دەڵێم مـووروو یان گوڵنگ، پڕ بەهـەمـوو قـوڕگی قـاقـا لێدەدات، بەڕادەیەک زۆری نامێنێت بەدەما یان بەپشتـا بکەوێتـە سـەر چیـمـەنەکە و خـۆی بە درەختـەکان دەگرێتەوە.. دەکۆکێت و دەڵێت:

ــ ئەمانە نە مووروون و نە گوڵنک ساسە، بەڵکو پۆپلاغن.

ئەو ناوە سەیرە تەزوو بە سەرتاپای گیانمدا دەهێنێت.. دەمم پڕ دەبێت لە لیک.. حەز دەکەم گاز لە قورقوڕاگە و دەنووکی قەلەموونەکان بگرم و ئەو پۆپلاغە سوورانەیان وەکو نوقڵ بمژم.. کاتێ گوێیان لە دەنگێک دەبێت، خێرا ملیان درێژ دەکەن و علیو علیویان دەگاتە ناو ژوورەکانی سەرەوە.. ئەوسا پۆپلاغیان دەلەرێتەوە و گەورەتر دەردەکەون.. هالاو لە پەڕە گیفەکانیان هەڵدەستێت و زیاتر ختووکەم دەدەن.. شتێکی درێژکۆڵە لەسەر دەندووکیان هەیە لە گۆشت دەچێت و گۆشتیش نییە.. هەرگیز نەموێراوە دەستیان لێ بدەم، بەلام دەزانم ڕەق ڕەقن.. مووی ورد وردی وەکو ڕیشی پیاوانیان پێوەیە.. سەرەتا بچووکن، بەلام هەر ئەوەندە خۆیان گیف دەکەنەوە، ئەوانیش درێژ دەبن و تا ئاستی چەناگەیان دێنە خوارێ.. ئەوسا سوورتریش خۆیان نیشان دەدەن.. تا دایکم دێت بمشوات، من خێرا لەو حەمامە گەرمە، لەناو هالاوێکی چڕدا جلەکانم یەک بەیەک دادەکەنم.. سەتڵەکە قلۆپ دەکەمەوە و دەچمە سەری، بۆئەوەی چاوم بگاتە ئاستی پەنجەرە بچووکەکەی سەرەوە.. ئاخر ئەوسا دەڕوانمە ناو حەوشە و باخەکە و هەموو شتێکم لێ دیار دەبێت.. لەوێوە لە قەلەموونەکان ڕادەمێنم و لە پۆپلاغی قورمزییان ورد دەبمەوە، کە لەژێر تیشکی هەتاودا جوان جوان دەدرەوشێنەوە.. بەلام ئێستا ئێوارەیە.. ڕۆژ هێندەی ڕەنگی بەفر هەڵمژیوە، سپی هەڵگەڕاوە و لەو ئاسمانە سیمای دیار نەماوە.. «سەنیە خان» لەو ژوورەی ئەودیو لەسەر پشت ڕاکشاوە.. نازانم کەی هاتووە بۆ ماڵمان.. هەمیشە بەدزییەوە دێت.. تەنانەت جارێکیان نەنە پێی وت:

ــ تۆ وەکو بەفر وایت سەنیە، کەس نازانێت کەی ڕوومان تێدەکەیت.

وتم لەسەر پشت ڕاکشاوە و چاوی بڕیوەتە بنمیچەکە.. وانییە..؟! بەلام ڕەنگە ئێستا هاتبێتە بەرامبەر پەنجەرەکە و وەکو من لەو حەوشە بەستەڵەکە بڕوانێت.. ئاخر من نەمتوانی زۆر لەو ڕابمێنم.. بۆیە جێمهێشت و هاتمە دەرەوە.. ئا، چاوەکانی سوور سوور هەڵگەڕاون.. قژە ڕەشە درێژەکەی ژاکاوە..

لەسەر بەرگی سپیی سەرینەکەی بۆتە نەخش.. وابزانم جارێکی تریشم بەو شێوەیە بینیوە، بەڵام دەزانم نابێت ئەوسا وەکو ئێستا زەوی بەفر داپۆشیبێت.. نەنە پێی وتم من لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ سارد و بەستەڵەکدا هاتوومەتە دنیاوە، بۆیە ئەو ناوەیان لێ ناوم.. دەسا ئێستاش شتێکی ناخۆش ڕوویداوە و من لێی بێئاگام.. سیمایان شێواوە.. وانییە..؟! تەنانەت قەلەکانی نەنەیش هەستیان بەوە کردووە.. بۆیە وەکو ڕۆژانی پێشوو بە علیو علیو ئەو ناوە ناهەژێننەوە.. نا، نا، لەبەرئەوەیە هیچ دەنگێ، نە کز و نە بەرز نابیستن.. زۆر جار پێی وتووم عەلیشیشەکانی بۆ ئەوە ڕاگرتووە، تا لە دەنگی هەموو شتێکی ئاگادار بکەنەوە.. دەڵێ:

ــ ساسەی ماڵەکەم ئەمانە لە قەلەموونی هەموو دنیا جیاوازن.. وا نەزانی وەکو ئەوانەی ناو کتێبی تۆشن.. نا، نا، لە دەنگی ورد و درشت تێدەگەن.. هەر خێرایش بە منی دەڵێن.. ئەی چی..!!

بۆی گێڕامەوە چۆن لە شەوێکی ئەموستەچاودا خێوەکان هاتوونەتە قەڵات و باپیریان لە خەوێکی قووڵ قووڵدا دزیوە.. بە ئاسماندا فڕیون و لە شاخێکی بەرز بەرز نیشتوونەتەوە.. لە ئەشکەوتێکی دوورەدەستدا شاردوویانەتەوە و دەرگایان لەسەر داخستووە.. عەلیشیشە زلەکانی بەرەو ئەوێ هەڵفڕیون.. لقی درەختەکان لەگەڵ بای باڵیان لەراونەتەوە.. گەڵاکانیان هەڵوەریون.. جلی شۆڕاوی سەر تەنافەکان و دەیان شتی دیکەی سەر زەوییان وەکو پەڕەموووچ بەرەو ئاسمان ڕاپێچ داوە.. شوێنەکەیان دۆزیوەتەوە.. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بە قاچی درێژ و بەهێزیان چین چین بەفریان لاداوە، تا دەرگای ئەشکەوتەکەیان دۆزیوەتەوە.. بە دەنووکی تیژیان چاوی خێوەکانیان هەڵکۆڵیوە و باپیرەیان ڕزگار کردووە.... دەیوت ئەمانە بێچووی ئەوانن، بۆیە ئاوا زیت و وریان.. پێستی بنی پێکانیان هێندە قایمن، نە زوقمی چلەی زستان و نە گەرمای ناوەڕاستی هاوین ناتوانن بیانبڕن....

نەخێر، مەسەلەکە ئەوە نییە پێستەکە تەنکە یان ئەستوور، ئەوە ئەگەر دوای ئەو هەموو بێنەوبەرەیە شتێک مابێت بەناوی پێست، بەڵکو گرینگە لەناوەوە تۆ هەست بکەیت بەقەدەر شۆستەکە گەرمییت هەڵمژیوە.. هەرچۆنێک بێت ئێستا گۆڕانەکان لە بەرهەتاو و بەبەرچاوی خۆتەوە ڕوودەدەن.. ئەوسا لەو تاریکاییەدا دوای چەند تەکانێکی وەکو یەکی ئەو دەعبایە قورسەی سەرت هەستت کرد وا ناوگەڵت تەڕ دەبێت.. شلەیەکی مەیلەو خەستی پێدا دەڕژێت.. سەرەتا گەرم و دوایی ئاسایی.. کاتێ دەڵێم ئاسایی، مەبەستم شیرتێنە.. دەنگێک، لەو دەمە دەردەچوو، کە تاوێ لەمەوبەر، لە دۆخێکی مەیلەو چەسپاودا، لچ و لێوتی دەمژی، لەزەت و هەناسەی ماندوویش تەواو گۆڕیبوویان، وتی:

ــ کچ بوو..!!

دەنگێکی دی بۆی سەندەوە:

ــ بلێ پیرەکچ بوو، بەڵام باوەڕیش ناکەم.

ــ ئەها سەیری بکە..!! ئەمە خوێنەکەیەتی..!!

ئەوەی دیکەیان بەدەم قاقایەکی بەرزەوە:

ــ لەوێ کردوویانە بە کچ، ئەگینا کاتێ لێرە دەرچووە، ژن بووە.

دەنگە ماندووەکە بەردەوام دەیوت:

ــ ئەمە خوێنەکەیەتی..!!

* * * *

بەهەردوو دەستی لەرزۆکم لەملا و لەولاوە تایەکانی کورسییە چەرخەدارەکەم لەسەر قەراغی ئەم شەقامە گەرمەدا دەخولێنمەوە.. ئەگەرچی لام ڕوونە پێی ناگەم، بەڵام نازانم بۆ کۆڵ نادەم.. زۆر بەتیژی بەلامدا تێپەڕی.. لە تارمایی، یان لە سەراب دەچوو.. لە ڕۆژێکی ئێجگار گەرمی وەکو ئەمڕۆدا ئاساییە هەموو شتێک لە شێوەی سەرابدا ببینی.. بەتایبەتی ئەم چاوە کزانەی من و لەودیوی ئەو جامە ئەستوورانەیشەوە.. هەر دەتوت بە بیابانێکی چۆڵدا تێدەپەڕێت، لە

هیچ لایەکی نەدەڕوانی.. یان با بڵێم حیسابی بۆ کەس نەدەکرد.. نەمویست بانگی بکەم.. لەوە ترسام پێم بڵێت:

ــ نەنکم ڕاستی دەکرد، تۆ وەکو بەفر وایت، هەرگیز لە کاتی خۆی نایەیت.

نەخێر، نەمتوانی باوەڕ بهێنم ئەو بێت.. دوو ساڵ لەمەوبەر، ڕێک لە ڕۆژێکی ئاوا گەرمدا بە تەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم وا دەکەوێتە ڕێ.. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین من بەئێجگاری «بەغداد» جێبهێڵم و بۆ ئەم شارە بگەڕێمەوە، بەو مەبەستەی هەردووکمان لە خانووە کۆنەکەی «تەعجیل»، کە هەموو تەمەنی منداڵییم تیایدا بەسەر بردووە «بژین!!».. بەڵام دیار نەما.. نە ئەوەتا گەیشتەوە و نە جارێکی دیکەیش لەوێوە پێوەندیی پێوە کردمەوە.. نەخێر، ئێستا بەبێ هیچ گومانێک دەڵێم ئەو بوو.. بەپێی پەتی بەسەر ئەوشۆستە گەرمەدا هەنگاوی خێرای دەنا.. ئەم جەمسەر و ئەو جەمسەری قەیتانی پێڵاوەکانی لە یەکتر گرێ دابوو و وەکو ملوانکە کردبوونیە ملیەوە.. جانتایەکی گەورەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا.. تەواو لە کارەکتەری چیرۆکەکەی دەچوو.. چیرۆکی «گەراجێکی بەستەڵەک».. هەستێک پێم دەڵێت پیرەژن بەرەو ئەوێ بچۆ.. هەرچۆنێک بێت بە دەستی لەرزۆکت لەملاو لەولاوە تایەی ئەم عەرەبانە چەرخەدارەت بخولێنەوە، تا دەگەیتە ئەوێ.. هەردووکیان لەوێ چاوەڕوانی تۆن.

## ڕۆژژمێری چاڵدێران

«پێشکەشە بە هاوڕێم: کرمانج عومەر دەشتەکی،
ئەو ڕۆڤانەی لە تێکشکاندا وزەی لێ بەرهەم دێت...
ئەو خوێنەرەی هەموو بەرهەمەکانی منی لەبەرە»

هەڵەی جارانی پێشوومم زانی.. دەچووم لە خاڵی ناوەڕاست، یان لە کۆتاییەوە دەستم پێدەکرد.. ئینجا لەوێوە ڕێگام بە خەیاڵەکانم دەدا بەئارەزووی خۆیان پەل بە هەموو لایەکدا بهاوێن.. دواجار پێش ئەوەی بۆ لیژنەکەی بنێرم، ورد ورد دەمخوێندەوە.. هەستم دەکرد ئاسان نییە لەو هەموو بازبازێنەیەی سەر کات و شوێنەکان تێبگەم.. زۆر لە کارەکتەرەکانم نەدەناسینەوە، یاخود نەمدەزانی ئاخۆ چ پێوەندییەک لەنێوان و ئەم و ئەویاندا هەیە.. گوتەکانیان بەشێوەی ناڕۆشەن و پچڕپچڕ دەکەوتنە بەر گوێچکەم.. سەیر ئەوەیە لەجیاتی پەند لە ساڵانی ڕابردوو وەربگرم و بە هەڵەکانمدا بچمەوە، کەچی بەپێچەوانەوە هەمان شێوازم دەگرتەوە بەر، بگرە زیاتر مەسەلەکانم دەشێواند.. بە زمانێکی قورستر دەمنووسی.. مەبەستە ڕاستەقینەکەم فەرامۆش دەکرد و وامدەزانی تەنها لەپێناوی چێژێکی ڕووتدا ئەو کارەم دەستداوەتێ.. لێرەدا نابێت شتێکم بیر بچێت.. ئەویش ئەوەیە من بەپێچەوانەی هەموو ژنە دیلەکانی دیکە، ڕابردوویەکی سادەم نییە، تا بەئاسانی سەرجەمی ژیانم بنووسمەوە.. پیشەکەیشم هەمیشە ڕێگر بووە لەوەی ڕاستگۆیانە و بێترس ڕووداوەکان بگێڕمەوە.. مەبەستم ئەوەیە نەمدەویست لەو بارەیەوە هیچ زانیارییەک بەدەستەوە بدەم، چونکە وامدەزانی ئەمە هێندەی دی ڕقیان هەڵدەستێنێت و تا ئەبەد ڕێگای دەرچوونم نادەن.. ئەمەیش وای لێ دەکردم

چیرۆکێکی خەیاڵی هەڵبەستم و کۆمەڵێ کەسی وەهمییش خەڵق بکەم، هەر بۆیە کاتێ لەگەڵ چیرۆکی ئەوانی دیکەدا بەراوردیان دەکردن، خێرا بە فێڵەکەمیان دەزانی و دەریان نەدەچواندم، چونکە هیچ یەکێ لەو ناوانەی من لە کارەکتەرەکانمم دەنان، رۆژێ لە رۆژان لەو شوێنەدا نەژیاون.. درەنگ درەنگ راستییەکی لەوە گرنگترم زانی، دەبوایە تۆ دوای ئەو هەموو ساڵەی لێرەت بەسەر بردوون، لایەنی کەم هەندێ ئەقڵ و هۆشت مابێت و بتوانی بەراوردێک لەنێوان ئێرە و دەرەوەدا بکەیت.. با بە مانایەکی دی بڵێین کاتێ دەچیتە ئەودیو، لە ئاستی بینینی شتەکاندا حەیران و سەراسیمە نەبیت، کە ساڵەهای ساڵە، لەودیوی ئاگاییی چاوانی تۆدا «گۆڕانیان!!» بەسەردا هاتووە.. بەڕادەیەک شۆکێکی گەورە لە پەلوپۆت بخات و ببیتە بار بەسەر ئەوانی ترەوە.. «گوڵبەهاری گۆرانیبێژ»یش لەو ڕووەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە تۆ دەچوو، بۆیە نەیدەتوانی ڕابردووی خۆی بەئاسانی بگێڕێتەوە.. ئەو ساڵانێکی زۆر هیچ چیرۆکێکی نەنووسی و دەیوت ئەمە کارێکی بێهوودەیە.. کەچی جاری پێشوو تەنها لەبەر یەک خاڵ گەڕایەوە و ئەمەساڵیش سووک و ئاسان «دەرچوو!!».. کاتێ چیرۆکەکەی تۆی ورد ورد خوێندەوە، سەرێکی بادا و پێی وتی:

ــ پێت ناخۆش نەبێت شاناز، تۆ هەندێ ( ئەوە ئەگەر نەڵێم زۆر) حەزت لە خۆهەڵکێشانە، ئەگینا پێم ناڵێی تۆ بەتەمای چیرۆکێک بنووسیت و پێی بپەڕیتەوە، یان چی تەکنیک و فێڵ هەن، تێیدا بەکاریانبهێنیت..؟! واز لەو کەللەڕەقییەت بێنە دادە.. من لە ئێستاوە پێت دەڵێم ئاوا بڕوات تۆ ئەمساڵیش دەرناچیت.

ــ مەسەلەکە ئاوا نییە گوڵێ.. خۆت دەزانی من ناتوانم باسی پیشەکەمیان بۆ بکەم.

ــ ئەها..!! ئێستا تێگەیشتم.. هەوڵ بدە پەنا بۆ ڕەمز ببەیت.. منیش هەموو ئەو جارانەی پێشوو نەمدەویست باسی ئەوە بکەم، کە گۆرانیبێژ بووم و عوودم ژەندووە، بەڵام ئەمجارە پێچوپەنایەکم بۆ کردووە، بۆیە باوەڕم وایە دەربچم.

«گوڵبەهار» دەیویست فێرم بکات چۆن بنووسم، بۆیە بە دەنگی خۆی چیرۆکەکەی بۆ خوێندمەوە.. دەیخوێندەوە و یەک بەیەک دێڕەکانیشی بۆ لێکدەدامەوە.. دەیوت بزانە «شازە» بۆچی ئەم وشەیەم لەجیاتی ئەوەیان بەکار هێناوە.. بۆچی ئەم ڕستانەم

خستۆتە نێوان دوو کەوانەوە.. بۆچی لەم شوێنەدا تەنها ڕۆژ و مانگم نووسیوە و بەلای ساڵەکاندا نەچووم.. دەبێت لەوە تێبگەیت چی پاڵی پێوە ناوم لێرەدا کارەکتەرەکانم بەڕۆژ بشارمەوە و شەوان دەریانخەم.. ئەگەر ئەو ڕووداوانەی لە ڕاستیدا هی شاخن و من لە چیرۆکەکەدا هێناومنەتە ناو شارەوە، ئەوا زۆر گرینگە بزانی مەبەستم چییە.. جوان ورد بەرەوە و بزانە حیکمەت لەوەدا چییە هەموو ڕەنگێک بەکارناهێنم.. کاتێ ڕووداوێکی هەندێ جیاواز و لاوەکی دەخوێنیتەوە، مەڵێ ئەمە چ پێوەندییەکی بەوانی دیکەوە هەیە.. ڕەگەزی تەفرەدان و تامەزرۆیی گرینگن لە چیرۆکدا «شازە».. با ئەوانەی دەیخوێننەوە هەر چییەک بن، هێشتا شتێک دەمێنێتەوە بەناوی چێژ.. چاوت بکەرەوە دەستەخوشکەکەی سەرتاپای تەمەنم..!! چاوت بکەرەوە..!!

«گوڵبەهار» سەرەتای چیرۆکەکەی ئاوا دەگێڕایەوە:

من ئەگەر لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤دا لە شەڕی «چاڵدێران» لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی «ڤان»دا بەدیل گیراوم، ئەوا پیاوانی ئاسایشی سەفەوی بەزۆر لەگەڵ دەیان ژنی دیکەدا ڕاپێچی ئەوێیان کردبووم.. تەنانەت ئامادەم شوێنی ئەو قامچیانەشتان پیشان بدەم، کە تا ئێستایش بەسەر پشت و سمتمەوە ماون.. ئەگەر لە چیرۆکەکانی پێشوومدا، کە سالانێکی زۆر بەر لە ئێستا دەمنووسین و بەلایاندا نەدەچووم، ئەوا لە ڕووم نەدەهات.. ئەوسا کچێکی گەنجی جوانی شەرمن بووم، بەڵام ئێستا من کە پیرم و دەزانم ئەو لەشە پڕ لە چرچولۆچەم سەرنجی هیچ نێرینەیەکتان ڕاناکێشێت و تووشی گوناحتان ناکات، ئەوا ترسێکم لە بینینی هەر شوێنکم نییە، کە پێویست بکات ئێوە لێی بڕوانن.. دەزانم ئەو ناوگەڵە ڕەقهەڵاتووە و ئەو مەمکە چەقانەم قێزتان دەکەنەوە.. نەخێر، من باکم نییە خۆم ڕووتبکەمەوە و کون بەکونی جەستەمتان نیشان بدەم.. منیان بۆ فریاکەوتنی بریندارەکانیان هێنابوو، بەڵام خۆم لەتاوی ئازاری برینەکانم دەمناڵاند.. چاوانم بەحاڵ دوروبەریان دەبینی، یاخود هەر نەیاندەبینی.. بۆیە نە ئاوم دەدانێ و نە دەرمان.. برینی کەسیشیانم تیمار نەدەکرد.. من لە خێزانێکی بچووکی شاری «ورمێ» بووم، کە باوەڕم وایە زۆر لەمێژە هەموویان مردوون و نەوەکانیان نامناسن.. شتێک لەبارەی ژیانمەوە نازانن.. ئەگەرچی ئەو

کاتەی ماڵەکەیان سووتاندین، نەمزانی باوکم لە ژوورەکەی بووە و گیانی بۆتە خۆڵەمێش، یان نا، بەڵام لەوساوە چاوم پێی نەکەوتەوە و لە هیچ لایەکەوە هەواڵێکیم نەزانی.. تەمەنی مرۆڤی ئێرە زۆر درێژترە لە هی ئەوانەی لە دەرەوەن.. بەڵگەشم ئەوەیە تا ئێستا چەند جار بەڕێوەبەر و پاسەوانان گۆڕاون و ئێمە هەر ماوین.. من حەزم لە عوود و لە بوخورد بوو.. بەو دوانە دەگەشامەوە، بۆیە ئەگەر لێرە دەربچم، ئەوا ئەوەندەی ژیانم ماوە، لە گۆڕستانەکانی بەسەر دەبەم و بۆنی عوود و بوخورد بەوێدا بڵاو دەکەمەوە.. تکایە کاتێ گوێتان لە ناوی بوخرد دەبێت، وا تێمەگەن من پیشەم ئەوە بووە کاری زاواکانم لە شەوی یەکەمیاندا ئاسان کردووە.. ڕاستە من دەیان جار ئەمەم بە چاوی خۆم بینیوە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان ئارەزووم نەچۆتە سەری.. بوخردانێکیان دەهێنا و پڕیان دەکرد لە بوخورد و گیای وشک وشک.. ئینجا دایاندەگیرساند.. کورسییەکیان لەسەر دادەنا، کە شوێنی دانیشتنەکەی کونێکی تیا بوو.. پێش ئەوەی بووکی ڕازاوە بەرن بۆ ژووری زاوا، ڕووتیان دەکردەوە و لەسەریان دادەنا، بۆئەوەی ئەو دووکەڵ و گەرمییەی لەو بوخردانەوە بەرز دەبێتەوە، بەر شەنتووز و ناوگەڵی بکەوێت و دەمارەکانی خاو بکاتەوە.. چینێک ڕۆنی بۆنداریشی لەسەر دەنیشت.. ئەمەیش لە لایەک زیاتر هەوەسی زاوای دەبزوواند و لە لایەکی تریشەوە بەئاسانی شەبزووزەکەی دەبردە ناوەوە.. هێندەی نەدەبرد پەڕۆ خوێناوییەکەی دەگەیاندە پشت دەرگا و لەودیو دەنگی هەلهەلە بەرز دەبووەوە.. شەڕیش ئاوایە بەڕێزان.. پێش ئەوەی هەڵبگیرسێت، دەبێت دەیان ئاسنکاری و فێڵی لەپێناودا بکرێت.. کاتێ ئاوا دەدوێم، تکایە وانەزانن من دەمەوێت خۆم بخزێنمە ناو سیاسەتەوە و دەست لە کاروباری گەورەکانەوە وەربدەم.. نەخێر، تەنها وەکو چیرۆکنووسێک ئەو گوتانەم دەردەبڕم.. «سوڵتان سەلیم»، کە لە ٢٤ی نیسانی ١٥١٢دا حوکمی گرتە دەست، دەیزانی «ئەحمەد»ی براگەورەی جێگای مەترسییە، بەبێ دوودڵی کوشتی و کوڕەکانی ئاوارەی ئێران و میسر بوون.. ئینجا لە «ئەنازۆڵ» ٤٠٠٠٠ی لەو کەسانە سەربڕی، کە لە ئاین هەڵگەڕابوونەوە.. وای لە «شێخی ئیسلام» کرد فەتوایەک دەربکات بۆ ئەوەی خوێنی هەموو لایەنگرانی «شا ئیسماعیلی سەفەوی» حەڵاڵ بکات و ژن و منداڵی ئیمپراتۆریەتەکەیان بە دیل

بگرێت.. ئایا ئەو کارەی «شێخی ئیسلام» لە هی ئەو ژنانە ناچێت، کە بوخردان لەژێر کورسی دادەگیرسێنن و شەنتووزی بووک نەرم و بۆندار دەکەن..؟! پێم وتن منیان بەزۆر ڕاپێچی ئەوێ کردبوو، ئەگینا.........

ئەو چیرۆکەی «گوڵبەهاری گۆرانیبێژ» و «دەرچوونەکەی!!» سەرتاپای منیان گۆڕی.. مەبەستم ئەوە نییە تەنیا ماومەتەوە و تا تەمەنم درێژەی هەیە، دەبێت ساڵانە چیرۆکی بێتام بێتام لەبارەی ژیانمەوە بنووسم، بەڵکو چەند شتێکی دیکە تەواو سەراسیمەیان کردووم.. ئەو منی لەناو لوغزێکی گەورەدا جێهێشت و ناکرێت بەو سادەییەی پێشوو بیر لە ڕابردووم بکەمەوە.. من نەمدەزانی چ تەمەنێکی درێژم بەسەر بردووە.. هەمیشە وا دەرەوەم دەهێنایە بەرچاوم، وەکو ئەو کاتەی تێیدا دەژیام.. نازانم بۆچی نەمدەتوانی باوەڕ بێنم، کە ئەودیو گۆڕانی بەسەردا دێت.. دنیام لە شێوەی چیرۆکێکی سەیردا دەبینی، کە ڕووداوەکانی تێکەڵ بە خۆیانت دەکەن و ناهێڵن بزانی کاتی ڕاستەقینە و کاتی خەیاڵ چەند جیاوازن.. ئەو قژە سپی و دەموچاوە لۆچاوی و پشتە کۆماوانەی ژنانی ئێرە، کە زۆریان دەستەخوشکی منداڵییم و دانیشتوانی شارەکەم بوون، نەیاندەتوانی بمخەنە سەر ئەو باوەڕەی منیش بەهەمان ئەندازە و بگرە زیاتریش گۆڕاوم.. وامدەزانی ئەو کچەی ئەوسام، کە نیگارکێشە گەڕۆکەکە لەو مەیخانەیەدا بینیمی و بەدەم هەڵدانی پێکە یەک لەسەر یەکەکانیەوە دوو نیگاری کێشام.. یەکێکیانی دامێ و بە قەدی دیوارەوە هەڵمواسی و ئەوی دیکەیانی لەگەڵ خۆیدا برد.. نەمپرسی بۆ کوێی دەبات.....

ئەو ڕۆژەی «گوڵێ» دەرچوو، هاوکات ساڵێکی دیکەیان بۆ من تازە کردەوە، چونکە چیرۆکەکەم هەمان ئەنجامی ساڵانی پێشووی بە نەسیب بوو.. کاتێ گەڕامەوە ژوورەکەم، خێرا تەخت و نوێنەکانیم فڕێدانە دەرێ.. منیش ئاوام نەکردایە، پاسەوانەکان دەهاتن و ئاسەواری ئەویان لێرە دەسڕیەوە.. بەڵێ، هەموویان خستنە گالیسکەیەک و بردیانن لەو چۆڵەوانییەی بەردەمی زیندانەدا سووتاندیانن.. لێرەدا هەڵوێستەیەک لە قسەکانم دەکەم و دەڵێم ئەوە تەنها خەیاڵێکی خۆمە، کە وادەزانم بەردەمی زیندان چۆڵە، ئەگینا دوور نییە بەشێوەیەکی تەواو جیاواز بێت.. لە ڕاستیدا ئەودیو ڕێک لە مردن دەچێت.. هەروەکو چۆن تا ئێستا هیچ مردووێک

نەگەڕاوەتەوە تا بە زیندووان بڵێت مردن چییە؛ بەهەمان شێوەیش ئەوەی لێرە دەرچوو‌بێت، هەواڵێکی نەگەیشتۆتەوە لام، تا بزانم من لە کوێم و دەوروبەرم چۆنە.. زەمەن چەند تێپەڕیوە و چ گۆڕانێک بەسەر ئەودیودا هاتووە.. ئەوەی دەکرێت بیکەیت، هەر مەزەندەیە.. بۆ هەموو شتێک پەنا بۆ مەزەندە دەبەیت.. تەنانەت لەو ڕاستییانەی ڕۆژگارێک لەگەڵیاندا دەژیایت و هیچ گومانێکیان هەڵنەدەگرت.. دواجار بوونیشت دەبێتە مەزەندەیەک و لە هەر شتێک زیاتر ئەو بەخۆیەوەت خەریک دەکات، بەڕادەیەک سەدان پرسیاری زۆر گرینگ گرینگ بەلاوە دەنێیت.. ئێستا ئەوەی لێم دیارە، دووکەڵی نوێنەکانی «گوڵبەهاری گۆرانیبێژ»ە، کە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت و خەیاڵە ماندووەکانم لەگەڵ خۆیدا لوول دەدات.. نازانم بۆچی بۆنی لۆکەی سووتاوم حەز لێیە، کاتێ کزەبای گەرمی ئاخروئۆخری ئاب دەیهێنێت و تا قووڵاییی لووتمی دەبات.. هەندێ جار وا دەزانم تەنها لە ڕێگای ئەو بۆنەوە دەتوانم سەرتاپای ژیانم بیر خۆم بخەمەوە، کەچی زۆری پێناچێت خەیاڵ و ڕاستییەکان تێکەڵی یەکتر دەبنەوە و سیمای چیرۆکەکەم دەشێوێنن.. هەموو ساڵێ دوای بەربوونی هەر یەکێک لە زیندانییەکان و سووتاندنی نوێنەکانیان، ئەو بۆنە هەستێکی گەشبینی سەیری پێ دەبەخشیم و دەیخستمە سەر ئەو باوەڕەی من ساڵێکی دیکە وەکو ئەمڕۆ سەد لە سەد بەردەبم.. ئەوسا ئارەزووی نووسین وەکو مارێکی سڕ لە دڵمدا بەئاگا دەهاتەوە و بە سەرجەم دەمارەکانمدا دەگەڕا.. هەربۆیە لە کاتێکدا سەرتاپای زیندانییەکان لەو ڕۆژەدا پرسەیان دادەنا و واوەیلایان بۆ حاڵی خۆیان دەکرد، کەچی من نەمدەتوانی ئەو خۆشییەی ناو دڵم بشارمەوە و بە گۆرانی و سەما دەرمدەبڕی.. ئەوان لە ٢٣ی ئابەوە، کە ڕۆژی پێشکەشکردنی چیرۆکەکان بوو، تا سەری مانگ، کە ئەنجامەکان دەخوێنرانەوە؛ زیاتر لە مردوو دەچوون.. دەمیان لە نان و ئاوەوە نەدەدا.. سەریان هەڵنەدەبڕی.. ورتەیان لێوە نەدەهات.. نەدەنووستن.. هەر یەکەی هیوای دەخواست ئەو تاقە ناوەی لە سەری ئەو مانگەدا دەخوێندرێتەوە، هی ئەو بێت.. خۆ ساڵی وا هەبوو سەرجەمی چیرۆکەکانیان بەسەردا دەدانەوە و هیچ یەکێکیان لە سەدا پەنجایان نەدەهێنا.. هەموو جارێ ژنان تێکڕا پەلاماری ئەو کەسەیان دەدا، کە چیرۆکەکەی لە تاقیکردنەوەدا دەردەچوو.. قژیان چەپک چەپک لە بێخەوە دەردەهێنا

و بەچرنووک سەدان هێڵی سووریان لەسەر گیانی دەنەخشاند.. پاڵیاندەخست و بە لەقە لەسەر سکی هەڵدەپەڕین.. ئەوێک، کە حەفتەیەکی بەبێ نان و ئاو لە چاوەڕوانیی وەڵامدا بەسەر بردبوو، لە ڕۆژێکی ئاوا گەرمی کۆتاییی ئابدا بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی نەدەگرت و دەبووڕایەوە.. ئەوە ئەگەر نەڵێم دەمرد.. پاسەوانەکان دەهاتن و لەژێر دەستیانیان دەردەهێنا.. دەیانخستە سەر گالیسکەیەک و دەیانگەیاندە ئەودیو.. ئەو کارە زیاتر لە یارییەک دەچوو، یاخود وەک بلێی پەیڕەوێکی ئاینی بێت و خواوەند لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆی هەموو ساڵێکدا بەسەریدا سەپاندبێتن، تێکرا تێیدا بەشدار دەبوون.. ئەوانەی لە کاتی ئاساییاندا بەوە دەناسرانەوە، کە زۆر بێوەین و لە گریان و پاڕانەوە زیاتر، شتێکی دیکە نازانن، کەچی لەو کاتەدا بۆ کۆمەڵێ دڕندەی ترسناک دەگۆڕان و شاڵاویان دەبرد.. هەر یەکەی دەیویست خۆی بگەیەنێتە سەری و قینی دڵی پێ بڕێژێت.. ئەو جارە «گوڵبەهار» پێی وتم:

ــ من گومان دەکەم لەوەی تا ئێستا هیچ کەسێک بەزیندوویی دەرچووبێت.. لەو ڕۆژەوە زانیم، کە نازخانیان دەبردە دەرەوە.. دەرفەتم هێنا و گوێچکەم بە سنگیەوە نا.. هەناسەی نەدەدا.. گیانی سارد سارد.. هەموو دنیا هەستێت و قسەم بۆ بکات، من هەر دەڵێم مردبوو.. ئەگەر ئەو نازخانە چوارشانەیەی لە شەڕەژندا حەوت و هەشتی بەجارێ دەخستە ژێر خۆیەوە و ئاوا دەرچووبێت، ئاخۆ کەسانی وەکو نەسرین و نەخشین و فریشتە و نازانم کێ و کێ چۆن بەزیندوویی گەیشتوونەتە ئەودیو..!! مردوون.. هەموویان مردوون.

لەو حەوت ساڵەی دواییدا دەستیان لەو کارە هەڵگرت.. «چنار» وتی:

ــ با واز بێنین.. ئێستا ماوینەتەوە هەشت کەس.. ئێمە توانیومانە ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێ بکەین، وابزانم هەر یەکێکمان لە وزەیدا هەیە ئەوپەڕی هەشت هاوینی دیکەیش دان بەخۆیدا بگرێت.

کەچی «چنار» ساڵی نەبرد و پەشیمان بووەوە.. دەیوت:

ــ من بۆم دەرکەوت ئەمەی دەمانکرد، چاکترین ڕێگا بوو، تا کاتێ دەچینە ئەودیو، ئاگامان لە خۆمان نەبێت و سەرسامییەکی گەورە بۆ هەتاهەتایە وەکو پەیکەر لەو

بەردەرگایە ڕەقمان نەکاتەوە.. لە لایەکی تریش ئەو ترسە نەیدەهێشت ئێمە بەردەوام بیر لە خۆشیی ساتی دەرچوون بکەینەوە، بەوەی هەر کاتێ ئەوەمان دەهێنایە بەرچاو، کە لە نووسینی چیرۆکەکەماندا سەرکەوتووین، هاوکات دیمەنی پەلامارداندەکەیش لە بەردەمماندا قوت دەبووەوە.. باوەڕم پێ بکەن، من ئەم چەند مانگە بەقەدەر هەموو ساڵەکان، ئەگەر نەڵێم زیاتریش، هەستم بە ترس و نیگەرانی کردووە.. تکایە ئەگەر ئەمساڵ چیرۆکەکەی من دەرچوو، ئەوا بە هەمووتان بێبەزەییانە تێمکەون.

من نەمویست ئەو ڕۆژە لە «چنار» بڕوانم، کاتێ چیرۆکەکەی لە تاقیکردنەوەدا دەرچوو.. ڕووم وەرگێڕا و بۆ ژوورەکەم گەڕامەوە.. دوایی «سنەوبەر» پێی وتم:

ــ تۆ کارێکی باشت کرد شاناز ڕۆیشتی و بە چاوی خۆت نەتبینی، کە چۆن بەدەما کەوتە سەر ئەو زەوییە داخبووە و گیانی دەرچوو.. کاتێ لەگەڵ گوڵبەهار هەڵمانگرتەوە، دەتوت لە گۆڕ دەرمانهێناوە.. هەر خۆیشمان لاشەکەیمان خستە سەر گالیسکەی پیاوە قەڵەوەکە و دەمودەست بردیە دەرێ.

لە ڕاستیدا مردنی «چنار» وەکو من بیزانم زۆر شتی لە «گوڵبەهار»دا گۆڕی.. ئەمەم لەوەدا بۆ دەرکەوت، کە جارێکیان بەڕێککەوت دەفتەرەکەیم بینی و تێیدا نووسیبووی: « چنار نەمرد، بەڵکو گەیشتە ئەودیو، چونکە ئەودیو ئەوەندەی مەرگ بۆ ئەم شاراوە بوو».. ئەم هەمیشە هەوڵی دەدا لەپاڵ ئەو چیرۆکانەی سالآنە بۆ تاقیکردنەوەکان دەیاننووسێت، بەردەوامیش لە ڕێگای خەیاڵەوە دنیای ئەودیو بخوڵقێنێت، بۆئەوەی هەر ساتێ پێی لێرە هەڵگرت، ئەوا زۆر شارەزایانە لەودیوی دابنێت، بەڕادەیەک ئەوە لە ئەقڵی خۆی دەرکات، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شوێنێکی ئاوای دیوە.. «گوڵێ» هەر کاتێ بە قووڵی بیری دەکردەوە، ئارەزووی دەچووە سەر چرینی گۆرانی، بەڵام هەر ئەوەندە دەنگی هەڵدەبڕی و یەک دوو بەندی دەوت؛ لەپڕ دەگریا و وەکو شێت دەیقیژاند.. سەرەتا نەمدەتوانی لەوە تێبگەم چۆن بەو خێراییە گریان بۆ گۆرانی دەگۆڕێت.. لەو وشانە تێنەدەگەیشتم، کە بەدەم هاوار هاوارەوە دەریدەبڕین.. وردە وردە تووڕەییەکەی تاوی دەسەند و پەلاماری قژی دەدام.. ڕایدەکێشا و ئاوی لە چاوانم دەهێنا.. کەمێ هێمن دەبووەوە و پێی دەوتم:

ــ تاقـە شـتێک لە ژێی عـوودەکەم بچێت، تاڵەکانی قژی تۆن شـازە، بەڵام نازانم بۆچی دەمـەوێت بەسـەرتیـانەوە نـەهێـڵم.. من بەبێ عـوودەکـەم هیچ گـۆرانیـیـەکم بۆ ناوترێت و دەشبێت هەندێ گۆرانی هەر بڵێم.

لەسەر پشت ڕادەکشا و زۆر ڕازی دڵی دەدرکاند، کە دەمزانی لە کاتی ئاساییدا دەیویست بەهەموو شـێوەیەک لێمیان بشارێتەوە.. ئەگەر ئەو حاڵەتە نەبوایە، کە زوو زوو بۆی دەهات، ئـەوا من نـەمـدەتوانی هیـچی لێ تێـبگەم.. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەسـتم دەکرد ئەو لە هەمووماـن ڕۆشـەنتر ئەودیـوی دەبینی.. یاخود بـا بڵێین لە ئێمـە چاکتر دەیتـوانی ئەوێ ببێنێتـە بەرچاوی.. «مام دانیـال»ی باوکی شارەزاترین کـەسی «ورمێ» و دەوروبەرەکـەی بوو لە بـواری ئەسـتـێـرەنـاسی و کـەشناسـیـیـەوە.. سـرووشـتـی ئیشـەکەی وای دەخـواست زۆربەی ژیانی لەناو شـاخـە سـەختـەکاندا بەسـەر بەرێت و ئەوی تاقـانەی دایکمـردوویشی لەگەڵ خـۆیدا دەبرد.. لـە سەفـەرە زۆرەکانیـشـیـدا لای کەسی بـەجـێنەدەهێـشت.. «گولێ» هـەر جارێ دەهـاتەوە ناو شـار، شـێـوەی دەگـۆڕا، بەڕادەیەک زۆر بـەزەحـمـەت دەمـانناسـیـەوە.. شـەرممان دەکـرد لێی نـزیکبـبـینەوە و بیـدوێنـین.. دەتوت لە دنیـایەکی دیکەوە هاتـووە.. مـاوەیەکی دەبرد تا شـەرممـان لێی دەشکا و دەمـانـتـوانـی یەک دوو وشــەی لەگـەڵدا بڵـێین.. ئینجـا لە ئاسـتی قـسـە سـەیرەکـانیـدا دەحـەپەسـاین.. وا دەچووە ئەقـڵـمـانەوە ئەو لەنـاو جنۆکـەکـانەوە گەڕاوەتەوە و لەوانەوە فێربووە ئاوا بدوێت.. چیرۆکی سـەیر سـەیری بۆ دەگێڕاینەوە.. گۆرانـیی وای بۆ دەچڕین، کە پێشـتر هـەرگیـز لە کەسـمان نەبیـستبوو.. عودەکەیشی هـەر لەوێ هـێنایەوە و بەچاکـتـرین شـێـوە بۆی دەژەنـدین.. گـوێچکەمـاسی و بەردی بەنرخـی کۆ دەکـردەوە، هەندێکی بە دیواری ژوورەکـان و هـەندێکی وەکـو خـڵـخـاڵ و بازن و ملوانکە بـە خۆیدا هـەڵیدەواسـین.. جا کـاتێ لەو حـەوشـە فراوانەیاندا عوودی دەژەند و هـاوکـات بەدەم چڕینـی گۆرانیـیـەوە سـەمـای دەکرد، ئەو گـوێچکەمـاسی و بەردانـە بەریەک دەکـەوتن و دەیان دەنگـی جـیـاواز جـیـاوازیان دەخـولقـاند، بـۆیە واتدەزانی لەبەردەم تیـپێک مـۆسـیـقـادا وەستـاویت.. تۆیشی لەگەڵ خـۆیدا دەخسـتـە سـەمایەکی حەماساوییەوە و پێیـە پەتییەکانت لەسەر ئەو چەوە داخبووەدا دەسووتان، بەڵام چێـژێکی قـووڵت دەبینی و بیرت دەچووەوە لە کوێیت.. قژی بەو گیـایانە دەشت،

کە لەوێ وشکی کردبوونەوە و بۆنی سەیر سەیریان لێ دەهات.. کاتێ پرچی لەژێر هەتاودا دەبریسکایەوە، سەدان پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگت دەبینی وەکو سەراب بەسەر سەریەوە دەسووڕانەوە.. پەنجەکانت بۆ درێژ دەکردن، تا یەک دووانێکیان بگریت و لە نزیکەوە لێیان بڕوانیت، بەو مەبەستەی لە بەشێکی نهێنییەکان تێبگەیت، بەلام هیچت بەدەستەوە نەدەهات.. ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر سەرنجی ڕادەکێشایت، ئەو مێروو و جاڵجاڵۆکە ڕەنگاوڕەنگانە بوون، کە بە بنمیچ و دیوارەکانەوە دەتبینین و واتدەزانی لە ئەشکەوتە زۆر کۆنەکاندایت.. کاتێ دەتپرسی ئەمانە چۆن دۆزراونەتەوە و چۆن گەیشتوونەتە ئێرە، وەلامێکی ڕۆشەنت نەدەبیست و دەبوایە پشت بە مەزەندە و لێکدانەوەی خۆت ببەستی.. ماڵەکەیان وا دەهاتە بەرچاو هەزاران بەردتاشی زۆر شارەزا لە شاخەکان دایانتاشیبێت و بۆ ناو شاریان ڕاگوێزابێتەوە، بۆیە نەتدەزانی ئاخۆ ئەوان شارین و پێیان خۆشە لە شاخدا بژین، یان بەپێچەوانەوە شاخین و بەسەردان هاتوونەتە ناو شارەوە.. هەر چییەک بووبێت ئەمە تەواو لەگەڵ سرووشتی پیشەکەیاندا دەگونجا.. «مام دانیال»ی باوکی زۆربەی کاتی لە ژوورێکی نیمچەتاریکدا بەسەر دەبرد و کەس لە دەرەوەی نەدەبینی.. لێرە زانیت «گوڵێ» سەری لەو مەسەلەیە دەردەچێت و بۆ تێگەیشتنی دنیای ئەودیو پەنای بۆ دەبات.. دەیوت ڕەنگی هەورەکان لە گۆڕانێکی بەردەوام دان.. جووڵەکانیان وەکو جاران نین.. ئاراستەکانیان شێواون.. باران و بەفر چارەکی ئەوسا نابارن.. باڵندەکان کەم بوونەتەوە.. هەندێک جۆریان هەر بەتەواوی لەناوچوون.. وانەزانی حاڵی ماسییەکانیش باشە.. ئاژەڵانیش بەهەمان شێوە.. ماوەیەکی زۆرە گوێم لە دەنگی پێی هەندێکیان نابێت.. سەیر نییە ئەگەر بڵێم شێر و پڵنگ تاکوتەرا ماون.. دەزانی ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە چەند بەقەدەر ئەوسایە..؟ دەزانی چەند هێکتار لە ڕووبەری زەوی بە خانووبەرە داپۆشراوە..؟ نازانی خانووەکان لە چی و چی دروستکراون..؟ پێت بڵێم مرۆڤی ئەودیو ئەوپەڕی چەند ساڵ دەژی..؟ ئەو کاتەی چاوەڕێی وەرگرتنەوەی ئەنجامی چیرۆکەکانتان بوون، لە ئاسمانی بێگەردی ڕوانی و پێی وتی:

ـ ئێمە نزیکەی پێنج سەدەیە لێرەین.

لەپڕ دانەویەوە و دەستەکانی لەملا و لەولاوە بە ئەژنۆکانیەوە گرت و بەدەنگێک، کە پێشتر هەرگیز پێی نەدوابوو، وتی:

ــ تۆ وانەزانی من کە ئەو ڕاستییانە دەزانم، شتێکی باشە.. نەخێر، ئەمە بۆ من مایەی نائومێدییەکی گەورەیە.. من بەدرێژاییی ئەو ماوەیە، هەوڵم دا ئەمانە بیر خۆم بەرمەوە و باوەڕ بە دنیایەکی دیکەی جیاواز بێنم، کە هیچی لەمە نەچێت، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووم.. ئێستا دەزانم تۆ چەند بەختەوەریت، کە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرناچیت.

دووکەڵی ئاگری نوێنەکانی لەودیو بەردەوام بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت و بۆنی لۆکەی سووتاو دەگاتە لووتمەوە.. نازانم بۆچی نەمویست لێی بڕوانم، کاتێ ئێرەی بەجێدەهێشت.. دەبوایە وام بکردایە.. دوا دیمەنیم لەبەرچاو لاناچێت و لاناچێت، کاتێ دانەویەوە و دەستەکانی لەملا و لەولاوە بە ئەژنۆ لەرزۆکەکانیەوە گرت.. باوەڕم نییە توانیبێتی ئەو لەشە بێهێز و داهێزراوەی ڕاست بکاتەوە و بۆ ساتێکی کورتیش لەسەر قاچە لەرزۆکەکانی بوەستێت.. نەخێر، بە دەما کەوتووە و پاسەوانەکان هەڵیانگرتۆتەوە.. خستوویانەتە سەر گالیسکەیەک و بەودیویان سپاردووە.. بۆ لێیم نەڕوانی..؟! بۆ..؟! ئاخر بۆ بۆ..؟! زۆر جار پێی دەوتم:

ــ نازانی چەند گرینگە بەدیقەتەوە سەرنج لەوانە بدەیت، کاتێ ناویان دەخوێندرێتەوە و دەگەنە ئەودیو..!! ئەوسا زۆر پێویستە هەموو شتێک لەبیر خۆت بەریتەوە و ورد ورد لێیان بڕوانی.. ئەمە یارمەتیت دەدات لەوەی تۆ بتوانی ساڵی داهاتوو چیرۆکەکەت چاکتر بنووسی.

ئەو کاتەی وتیشی ئێمە پێنج سەدەیە لێرەین، دەبوایە لێیم بپرسیایە بەپێی چ ڕۆژژمێرێک.. یەکەم جار ناوی «ڕۆژژمێری چاڵدێران»م لە دەمی «مام دانیال»ی باوکیەوە بیست.. ئەوسا تەمەنم لە نۆ هاوین تێنەدەپەڕی، بۆیە هیچ لەو مشتومڕەی نێوان ئەم و باوکم تێنەگەیشتم.. بە ئەقڵم ئەوە یەکەم جاریش بوو ئەو دوانە یەکتر ببینن.. ئەگەرچی خەڵک پێیان وابوو ئەوان تەواو لە یەکتر دەچن.. ئەمیان کەشناس و ئەویان مێژوونووس.. ژنی دووەمی هەردووکیان کوژراون.. ئەمیان کچە گەورەکەی جێیهێشتووە و کەس نازانێت سەری بۆ کام لا هەڵگرتووە.. ئەویان کوڕە گەورەکەی

شاربەدەر کراوە.. هەردووکیان سەرو تاقە کچیان ماوە.. هەردووکیان گۆشەگیرن و کەس نابینن، بەڕادەیەک حیسابی مردوویان بۆ دەکەن.... شەو لەگەڵ دەنگێکی سەیردا بێدار بوومەوە.. چاوە خەواڵووەکانمم لەناو ژوورە تاریکەکەدا هەڵهێنا.. تەنها تارماییەکی سپییم دەبینی.. لە قسەکانی تێنەدەگەیشتم.. بەترسەوە دەستم بۆ شانی باوکم درێژ کرد، تا بەئاگای بهێنم و بەهەر شێوەیەک بێت پێی بڵێم خێوێک هاتۆتە ژوورێ، بەڵام خێرا زانیم ئەو وا هەستاوە و گوێی بۆ شل کردووە.. چەند جارێ دەرفەتی هێنا و کۆمەڵێ شتی لەوانەی ئەو سەیرتری وت.. کاتێ تارماییەکە دەرگای ترازاند و پێی بردە ئەودیو، سیمای چاکتر کەوتە بەردیدەی لێڵم و زانیم «مام دانیال»ی باوکی «گوڵبەهار»ە.. ئەوسا وتی:

ــ تۆ لە ڕۆژمێری چاڵدێران تێنەگەیشتووی.. ئەو ڕووداوانەی دەیانگێڕیتەوە، هەموویان هەڵەن.. وانەزانی من لەمە بێ دەنگ دەبم.

بەیانی من چەند جار لە باوکمم پرسی، کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی خەونم دیوە.. بەڵام لەمەوە هەستم دەکرد سیمای زۆر گۆڕاوە و لە جاران ماندووتر دیارە.. دەفتەرە گەورە و ڕەنگپەڕیوەکانی یەک یەک لەسەر تاقەکان دادەگرت و پێیاندا دەچووەوە.. هێڵی بەژێر هەندێک دێڕدا دەهێنا و هەندێکیانی دەسڕییەوە.. لەمەوە کەمتر لەگەڵمدا دەدوا.. ئەگەر پێشان جار جار دەچووە دەرێ و بەتەنیا لە ماڵ جێیدەهێشتم، ئەوا لەوساوە دوو پێی نەدەختسە ئەودیو.. چوار کەس، دوو ژن و دوو پیاو، هەر جارێ یەکێکیان بەجیا سەریان لێ دەدا و لەو ژوورە قسەیان بۆ دەکرد.. وای بۆ دەچووم هەواڵی شوێنە دوور دوورەکانی بۆ دەهێنن.. دەموت هەر یەکەیان کۆکردنەوەی ڕووداوی وەرزێک لە وەرزەکانی ساڵی لە ئەستۆدایە.. لەو ژوورە بۆی دەگێڕنەوە و ئەویش لەو دەفتەرە گەورانەدا تۆماریان دەکات.. کاتێ نەمدەتوانی بیانخوێنمەوە، وامدەزانی هێشتا ماوەمە فێری ئەو زمانە ببم و لێیان تێبگەم، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت لە خۆی بەولاوە، کەسێکی دیکە نییە ئەو شفرانە هەڵبهێنێت.. نازانم چەند بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی بوو، کاتێ ئێوارەیەکیان بیرم خستەوە، کە چۆن ئەو بەیانییە سووک و ئاسان ڕاستیی لێ شاردمەوە و بەوە خەڵەتاندمی، گوایە خەونم دیوە.. هێشتا هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی، بەڵام هۆی دەرنەچوونەکەی

له ماڵدا بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە، کە ئەو مێژوونووسە و شێوازێکی زۆر تایبەتی هەیە لە نووسینی مێژوودا.. دەیوت نایەوێت بچێتە ناو ئاوەدانی، چونکە لەوێدا تەنها دوو جۆر خەڵک دەبینێت، چەوساوە و چەوسێنەر.. ئەمە کار لە سۆزی دەکەن و بەئاسانی هەڵیدەخەڵەتێنن.. لێرەوە ناتوانێت شتێکی جیاواز بنووسێت.. چاوەڕێ بووم هەندێ قسەی دیکەیش بکات، بەڵام لەپڕ دەمی داخست.. زۆری دەویست تا جارێکی دیکە ئەو لچ و لێوە بە مەبەستی درکاندنی بەشێکی تری نهێنییەکان دەکرانەوە.. هەزاران پرسیار نەیاندەتوانی ئەو زمانەی هەڵبهێننەوە.. بەڵام دیارنەمانی ئەو ژن و پیاوانەی هەر یەکەی لە وەرزێک دەهات و من وای بۆ دەچووم هەواڵەکانیان بۆ دەهێنا، ناچاریان کرد لە نووسینی مێژوودا پشت بە من ببەستێت.. ئەگەرچی بۆ تاقە جارێکیش نەیویست شتێک لەبارەیانەوە بڵێت.. بە تەگبیری ئەویش لەو مەیخانەیە دەستم بە ئیش کرد.. دەیوت نازانی ئەو ئیشە چ سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە.. لە هیچ شوێنێکدا وەکو ئەوێ هەواڵی ڕاست و سەیر سەیرت دەستناکەوێت.. لەسەر ئەم مێزەیاندا ئەو جەنگاوەرە ماندووانەی بە مۆڵەت لە بەرەکانی شەڕ گەڕاونەتەوە و بەقورگی پڕ لە گریانەوە بۆ بوتڵ و کاسەکانیان دەدوێن.. تا زیاتر مەست دەبن، زیاتر ئارەزوویان دەچێتە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان.. لەسەر مێزی تەنیشتیانەوە ئەو ڕێبوارانەی لە ڕێگای دوور دوورەوە هاتوون و دوای هەڵدانی یەک دوو پێک و بەدەم گوێگرتن لە گۆرانیی کچانەوە، بیریان دەچێتەوە بۆچی هاتوون و چەندی دیکەیان ماوە بگەنە شوێنی مەبەست.. بەبێ ئەوەی بیانەوێت، دنیایەک ڕووداو لە دوای خۆیانەوە جێدەهێڵن..... دەسا لەوێ نیازەکان بەشێوەیەکی دیکە دەرکەوتن.. ئاڕاستەکان گۆڕان و تێڕوانینی منیشیان لەگەڵ خۆیاندا گۆڕی.....

* * * *

هەندێک شەو بەئەسپایی دێیت و تەنیا و بێدەنگ لەو سووچە دادەنیشی.. لەوەتەی من لێرە دەستم بە ئیش کردووە، جا نازانم پێشتریش، ئەمە پیشەتە.. چراکەی پشت سەرت سێبەرەکەت بەگەورەیی دەخاتە سەر ئەو دیوارەی بە نیگاری مرۆڤی سەیر

سەیر و گیانداری جۆراوجۆر نەخشاوە و تێکەڵ بەوان دەبیت.. ئەوسا هێندەی دی دەخزێیتە ناو ئەفسانەکانەوە و زیاتر دڵم دەخەیتە ختوورەوە.. من کە جورئەت ناکەم لەنزیکەوە لێت بڕوانم، ئەوا چاوم لەسەر سێبەرت ناگوێزمەوە.. تەنانەت کاتێ دێم و خواردنەوە و مەزەت بۆ دەهێنم، وادەزانم دەیانخەمە بەردەمی سێبەرەکەت.. وەک بڵێی گیانێکی پڕ لە نهێنی لەناو سێبەرەکەتدا خۆی حەشار دابێت و من بمەوێت بیدۆزمەوە، بۆیە بەردەوام بەدوایەوەم.. دیارە ئەمە تەنها خەیاڵێکی کاتییە و ئەوەم بیر ناباتەوە، کە چ ترسێکی گەورە ڕێگرە لەوەی چاو ببڕمە چاوانتەوە.. بەڵام دەزانم تۆ چەند بەدیقەتەوە سەرنج لە هەموو جووڵەیەکم دەدەیت، بۆیە دەستەکانم دەلەرزن.. کاس و سوراحی بەر یەکتر دەکەون و دەنگێکی سەیریان لێ هەڵدەستێت.. ئەوانە لە «قوری چاڵدێران» دروست کراون، بۆیە بەو شێوە جیاوازە دەزرینگێنەوە.. بەلاتەوە سەیرە من شتێکت پێ دەڵێم، کە خۆت لە هەموو کەس چاکتری لێ دەزانیت.. وانییە..؟! من تێناگەم «قوری چاڵدێران» چ جیاوازییەکی لەگەڵ قوری هەر شوێنێکی دیکەدا هەیە، تا تۆ هێندە بەلاتەوە گرینگ بێت کڕیارەکانت باوەڕ پێ بهێنیت، کە کەلوپەلەکانت لەو قوڕە دروست کردوون.. ئەوەندەی پێ لەسەر زرینگانەوەشیان دادەگریت، هێندە باسی چاکییان ناکەیت و بەلای ئەو نەخشانەی سەریاندا ناچیت.. ئایا لات وایە دەنگ لە ناوەڕۆکی شتەکان و لە شێوەیان گرینگتر بێت..؟! من کە سێبەری تۆم لێ بووەتە خولیا، لەبەرئەوەیە جورئەت ناکەم لە خۆت بڕوانم و نامەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ کێشەیەکی گەورەدا ڕووبەڕوو ببمەوە.. ئەو کێشەیەی سەرتاپای تەمەنمی پێوە بەندە.. من کچی مێژوونووسێکم، کە وەهم سەرتاپای ژیانی داپۆشیوە.. ئەو پیاوە سەیرەی پێش ئەوەی باوکی من بێت، باوکی تۆ بوو.. ئەوەتا من ئێستا شتێکم پێ وتووی، کە تۆ نایزانی.. ڕەنگە بیشیزانی، بۆیە کاتێ کوڕانی تر بانگم دەکەن و بە مەبەستی خزمەتکردن لە مێزەکانیان نزیک دەبمەوە، سێبەرەکەت دەکەوێتە جووڵە و لەمەوە دەزانم سیمات تەواو گۆڕاوە.. دەموچاوت گرژ کردووە و گلێنەکانت زەق زەق تێبڕیوم.. ترسم هەیە لەپڕ پەلامارم بدەیت و بە خەنجەر ونجڕ ونجڕم بکەیت.. پێت ناخۆش نەبێت من ناتوانم باوەڕ بەوە بهێنم، کە تۆ دوای ئەوەی دەستت داوەتە کاری هونەری و دەتەوێت لە ڕێگای فرۆشتنی کەلوپەلەکانتەوە لەم

شـاره وەربگیـرێیتـەوە، وازت لە کـوشـتن هێنـاوە.. ئەو گـەنجـانە کـاتێ مـەست دەبن، شـەرمـیـان لێ هـەڵدەگـیـرێت.. بە بیـانووی جـۆراوجـۆر بـانگم دەکـەن.. دەسـتـەکـانم دەگوشن.. زۆڵانە پەنجـە بزێوەکانیـان دەخـەنە قژی درێژ و خـاومـەوە.. وشـەی سـەیر سـەیر دەچپێننە گوێچکەمـەوە.. ئیشـەکەشم وا دەخـوازێت ڕووم گـرژ نەکـەم و بزەی ناسک ناسکیـان بۆ بخـەمـە سـەر لێوم.. ڕەنگە تۆ بەرگەی ئەم ئازارە نەگریت و لەناو ئەو بێـدەنگیـیـەت بێـیـتـە دەرێ، کـە وەکـو جلوبەرگ پۆشـیـوتە.. گـوێ بـەوە نادەیت سزاکـەت قورسـتـر دەبێت و تا مـاوی لە ئەشکەوتەکـاندا وەکـو ئاژەڵێکی کێـوی ژیانت دەگـــوزەرێنیت، بـە قــژ هـەڵمــدەواســـیت و بـە نووکی خـــەنجـــەری تیـــژت هـەناوم دەردەهێنیت.. بەڕاسـتی پێت بڵـێم من لام ڕوون نیـیـە، ئاخـۆ لە ناخـمـدا پشـتی تۆ دەگرم، یان هـی باوکم، یان هـی ئەو یاسـایەی سـزای داویت.. بەهـەر حـاڵ من دەزانم هەر شـارێک ڕێگـایەکی تـایبـەتیی هەیە لە دەرکـردن و وەرگـرتنـەوەی کـەسـەکـانی خۆیدا.. ئەمـەیش شێـوازی شاری ئێمـەیە.. لەو کێوە سەختـانە هونەرێک بدۆزەرەوە و بە ناوێکی ترەوە بیگەیەنە ئاوەدانی.. من هیچ بەهرەیەک لـە خـۆمدا شک نـابەم، بۆیە باوەڕم وایە، ئەگـەر دەست بۆ کارێکی ئاوا بـەرم، دەبێت وەکو ورچە تەنیاکان تا مـاوم ژیان لە ئەشکەوتدا بەسـەر بەرم.. کاتێ ئاوات پـێ دەڵێم، خـەیاڵت بۆ ئەوە نەچێت، من بیـرم لە کوشـتنی تۆ کردۆتەوە.. هەقیـشـتـە ئەگـەر ترسـێکی ئاوا دڵت خـتـوورە بدات، بگرە بشـتـتـۆقێنێت، چونکە تـۆ لە هـەر کـەسـێکی دیکە چاکتـر دەزانی، کە کـوشـتن لە هیچ شتێک ناچێت.. ئەوانەی پێش تۆ، گیانێکیان لەنـاوبردووە و دوای ماوەیەکی زۆر لە ئـاوارەییی نـاو کـێـوان گــەڕاونەتەوە، وایان وتووە.. هەمــوویان پـێ لەســەر ئەوە دادەگـرن، کـە حـاڵەتێکە دوور لـە ئیـرادە.. کـاتێکیـان زانیـوە وا هـەسـتـێکی سـەیر تەفرەیان دەدات و ناچارن کەفوکوڵی دڵیان دامـرکێننەوە، بەڕادەیەک ئەگـەر ئەمـە بە ئەنجـام نەگـەیەنن، ئەوا هـەر ئەو هەسـتـە خـۆی لەناوەوە قـوڕگـیـان دەگـرێت و لە جووڵەیان دەخـات.. بەڵێ، کوشتن ئەو ڕێگایەیە، کە بۆ ڕزگارکردنی ژیانت لە چەپۆکی مـەرگ، سـووک و ئاسـان پەنـای بۆ دەبەیت.. مـادام ئەو ڕاسـتـیـە دەزانم، ئەوا ناتوانم دڵنیـات بکەم، کە شـەوێک لە شـەوان، دوای ئەوەی دەبینم تەواو مـەسـتـیت و ئاگـات لە دنیـا بـڕاوە، لەپڕ بەبـێ ویسـتی خـۆم پەلامـاری قـوڕگت نادەم و بۆ هـەتا هـەتایـە لە

جووڵەت ناخەم.. نازانم تۆ لە هونەرەکەت سەرکەوتوو دەبیت، یان نا، تا وەکو ئەوان بەئێجگاری بگەڕێیتەوە، بەڵام خەیاڵ نەکەیت باوکم لە ماڵ وەرتگرێتەوە.. وەکو بیستوومە ئەگەر ئەو نەبوایە، کەس بە تاوانەکەتی نەدەزانی.. هەر خۆی لە دادگا پەردەی لەسەر ڕووی ڕاستییەکان لادا و وەکو بکوژێک بە سزای گەیاندی.. ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی تۆی نەهێناوە.. شتێک نابینم لەناو ماڵمان، ئەوە پیشان بدات، کە تۆ لەوێدا ژیاویت، یان هەر بۆ ساتێکیش پێت خستبێتە ئەمدیویەوە.. ناوە ڕاستەقینەکەت و ڕووداوەکانم پچڕ پچڕ لەم و لەو بیستوون.. «ئیدریسی حیکایەتخوان»یش چیرۆکێکی لەبارەی تۆوە هەڵبەستووە.. لە دیوەخانی بەگەکان و لەسەر سەکۆکاندا لەبری برێک پارە، یان هەندێ خۆراک لەپاڵ دەیان چیرۆکی دیکەدا دەیگێڕێتەوە.. دەڵێن هەر ئەو چیرۆکەی گەیاندۆتە شوێنە دوورەکانی وەکو «ئەستەمبۆڵ» و «بەغداد»یش و لەوێ بە زمانی تورکی و عەرەبی گێڕاویتیەوە.. من دەزانم ئەو ڕقی لە باوکمە و دەیەوێت لەناو خەڵکدا بیشکێنێت.. هەر ئەویش مەلای شارەکانی ئەوبەری هاندابوو فەتوای کوشتنی دەربکەن، چونکو لەجیاتی وشەی «عەرەبستان»، «عەرەبخانە»ی بەکارهێناوە و وتووشیەتی ئەگەرچی عەرەبەکان لە هاویندا سوود بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەگەیەنن، کە چەند سەدەیەکە بۆی هاتوون، بەوەی هەموو کولله و بزنمژەکان ڕاو دەکەن و دەیانخۆن، بەڵام زستانان دەبنە بار بەسەر خەڵکەوە..«*» بۆیە من زۆر پشت بەو چیرۆکەی نابەستم.. ئەگەرچی «دادە گوڵزار»، کە ئامۆزای دایکی خۆتە و هەر ئەویش پێش ئەوەی دایکی من بێتە ئاراوە، دایکت و باوکمی بەیەکتر ناساندووە، باوەڕی وایە بەشێک لەو بەسەرهاتانە ڕاستن.. ئەویش تۆی ناسیوە.. ئەگەرچی ئەو کێوانە دەتوانن تەنها لە ماوەی مانگێکدا سیمای شارییەکان بگۆڕن و بەزەحمەت بیانناسیتەوە، بەڵام ئەو دوای بیست ساڵ تۆی ناسیەوە.. دەیوت لەگەڵ ئەوەشدا ڕووخسارت تەواو گۆڕاوە و کوڕە هەژدە ساڵانەکەی ئەوسا نەماویت.. شێوەی ڕۆیشتنیشت ئەوەی جاران نییە، چونکە خەڵکی شاخ بەحوکمی ئەوەی بە هەورازاندا هەڵدەزنێن، هەندێ کووڕ دەبن.. دەنگت ئەوەی ئەوسا نییە، هەر لەبەرئەوەی زۆر کەم پێی دواویت، یان هەر پێی نەدوایت و تەنها گۆرانیت پێ وتووە و پێی گریاویت، بەڵام بە شتێک دەزانێت تۆ «زەردەشت»یت،

کەچی چەندی هەوڵم لەگەڵی دا، پێی نەوتم ئەو شتە چییە.. ئێستا تۆ ناوت لە خۆت ناوە «کرمانج»، بەڵام ئەوەی نازناوی «چاوچیمەن»ی پێ بەخشیوی، «گوڵبەهاری گۆرانیبێژ»ە.. ئەو کچە جووەی هەمیشە لەناو خەڵکدا بە کەلوپەلەکانتدا هەڵدەدات.. نەخشەکانی سەریان بۆ ئەم و ئەو لێکدەداتەوە و بۆ مێژووی هەزاران ساڵیان دەگێڕێتەوە.. دەڵێت چاوەکانی تۆ وەکو چیمەن لە بەهار و هاویندا سەوزن و لە پایز و زستاندا بۆ زەردێکی کاڵ دەگۆڕێن.. لەگەڵ هەر گۆڕانێکیشدا، شتەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەبینن.. من ناوێرم لێیان بڕوانم، تا بزانم ئەمە ڕاستییە، یان غەزەلی کچێکی هاری بێشەرم.. کەچی لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر بیرت لێ دەکەمەوە و مەبەستمە لە نهێنییەکانت تێبگەم.. دەتوانم بڵێم کاتێ بۆ یەکەمین جاریش گەڕایتەوە، کەس لەپێش منەوە نەیبینیت.. بەبێ ئەوەی بزانم کێیت و چ پێوەندییەکت بە منەوە هەیە.. لە کوێوە هاتوویت و بە چ مەبەستێک ئەو ڕێگایەت گرتۆتە بەر، لێت ڕادەمام و سەیر دەکەوتیتە بەردیدەی لێلم.. «بۆ زانینت من وشەی سەیر بۆ ئەو شتانە بەکار دەهێنم، کە لێیان تێناگەم و لە شێوەی مەتەڵێکی ئاڵۆز ڕووبەڕووم دەبنەوە».. لە منداڵییەوە وا ڕاهاتووم، هەر بەیانییەک زوو بەئاگا بێم، دەچمە سەربان.. نازانم چ لەزەتێک لەوە دەبینم لەوێوە بە چاوی خەواڵووەوە بۆ ئاسۆ دوور دوورەکان بڕوانم.. نەخێر، ئەمە خووێکە و ناتوانم دەستی لێ هەڵگرم.. ئەوسا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر هەست بە منداڵیی خۆم دەکەم.. لە ئەنجامی ڕامانی زۆردا، بەربینایی لێڵ دەبێت.. خەیاڵەکان لەناو سەرمدا تێکدەقڕقێن.. خەونەکان تێکەڵ بە ڕاستییەکان دەبن.. نازانم نووستووم یان بەئاگام، یان حاڵەتێکە و لە هەردووکیان پێکهاتووە.. کێوەکان لەناو تەمێکی چڕدا، کە دەزانم هی ناو چاوەکانمە، نەک هی ئاسمان، بەحاڵ دیارن.. لە منداڵدانێکی گەورە دەچن.. تا ئێستایش نەمتوانیوە باوەڕ بە خۆم بهێنم، کە ئەمە گەمژەییە و دەبێت دوای ئەم تەمەنە ئەو دیمەنە بگۆڕم.. ئاخر بۆچی ناتوانم چیتر نەڵێم: «کێوەکان لەناو تەمە چڕەکاندا وەکو منداڵدان دیارن..؟!» شوێنی ماڵەکەشمان زۆر لەبارە لەوەی نیگاکانم بەئاسانی و دوور لە بەربەست بگەیەنمە شاخەکان.. خەڵکێکی زۆر هەن لەناو شار حەزیان لە قەراغ نییە.. دەڵێن لەوێ هەست بە ترس و غوربەت دەکەن.. هەر بۆیە نرخی خانوو

لێرە لەچاو ئەوێ هێندە هەرزانە.. کەچی خەڵکی ئێرە بەگشتی لە هی ناوجەرگەی شار وریاتر و دەستڕەنگینترن.. زیاتر لەوان حەزیان لە شتی نوێیە.. ئەوانن دەبنە هونەرمەند.. بەڵگەشم ئەوەیە، زۆربەی جووەکان لە قەراغ دەژین، لە کاتێکدا هەر ئەوانیشن بازاڕ بەڕێوە دەبەن.. هەر بۆیە کەلوپەلەکانی تۆیش لەم گەڕەکە زیاترین ڕەواجیان هەیە.. ئەوان تاقی ناندینەکانیان پڕ کردووە لە قاپ و کەوچک و گیاندارەکانتیان لەناو جامخانەی کانتۆری ژوورەکانیان داناوە.. سوراحی و کاسەکانیشت لە مەیخانەکاندا بەکاردەهێنن.. من ئەگەرچی هیچ ماڵێک لە پشت ماڵی خۆمانەوە نابینم، بەڵام تا ئێستا نازانم ئەو هەستی ترس و غوربەتە لە ناخمدا هەن یان نا، بەڵام دڵنیام ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، کە ئێستا تەمەنم هەژدە ساڵە، وازم لەو خووە نەهێناوە بەیانییان بچمە سەربان و شێتانە لەو فەزایە بڕوانم.. وامزانی لەناو هەورەکاندا هاتیتە دەرێ.. ئەسپێکی سپی گالیسکەیەکی ڕەشی ڕادەکێشا.. بەجلێکی سوورەوە قاچەکانت لەنزیک تایە گەورەکانەوە لە هەوادا دەلەرینەوە.. لە دوو لوولەی ئاگر دەچوون.. چۆنت دەزانی من ڕەنگی سوور لەنێوان سپی و ڕەشدا ببینم، گەشکە دەمگرێت و موچوڕکە هەموو گیانم دەهەژێنێت..؟! لە هەر کاتێکی دی زیاتر هەست بە کچێنیی خۆم دەکەم.. لەزەتەکان لە ناخەوە هەڵدەفڕن و تا سەر زمانم دێن.. ئێستایش بەدڵنیاییەوە دەڵێم چ خۆت و چ ئەسپ و چ گالیسکەکەشت دەتوت سێ پارچە هەوری ڕەنگجیاوازن و دەترسام وردە وردە بتوێنەوە.. لە ئاستی جۆگەلەکەی پشت ماڵمان هێواشت کردەوە و دواییش لەپڕ و بەخێراییەکی سەیر پەڕیتەوە.. قازەکانم ترساو و زارەترەک بڵاوبوونەوە.. ئەو دیمەنە بینینی منی بە لاڕێدا برد.. وامزانی ئەسپەکەت بەر هێزێکی غەیبی کەوت و بووە دەیان پارچە.. باڵیان لەملا و لەولا لێک کردەوە و قیڕاندیان.. سنگیان بەر زەوی کەوت و قایمتر قیڕاندیان.. هەستانەوە و زیاتر قیڕاندیان.. ئەو قیڕەقیڕە لەگەڵ دەنگی قاچی ئەسپ و تایە ئاسنەکانی گالیسکەکەت لەسەر ئەو چەوە و هاوکات لەگەڵ زرینگانەوەی ئەو هەموو ورچ و ئاسک و شێر و پڵنگ و قاپ و کەوچک و سوراحییەی، کە دواتر بە خەڵکت وت لە «قوڕی چاڵدێران»ت دروستکردوون؛ تێکەڵ بوون و هەر خۆم دەزانم چ ئاوازێکی سەیریان دا بە گوێچکەمدا.. دیمەنەکەم

بەشێوەیەکی جیاواز دەبینی.. هەی دڵڕەقی هار بە ئاگر ڕاوی قازەکانمت دەنا و دەتویست بیانسووتێنیت، یاخود بیانتوێنیتەوە.. ئەرێ چی نەیهێشت بەسەرتا بقیژێنم و بڵێم: «کورە سووک..!! سووک..!! کوڕەکە سووک..!! لەگەڵ تۆمە..!! ئاگات لە قازەکانم بێت..!! بۆچی ئاوا بێبەزەییانە تێیانکەوتوویت..؟! وریا بە..!! ئەوە بۆ کوێ ئاوا ملی ڕێگات گرتووە..؟! ئای..!! ئای..!! ئەوە لەگەڵ تۆم نییە..؟!» ڕەنگە خێرا زانیبێتم، کە ئەم وشانە بە دەنگی بەرز ناوترێن.. یاخود دەوترێن، بەڵام ناتوانن مەبەستی خۆیان بگەیەنن.. ئەو هەناسە شێواوانەی لەگەڵ دەنگەکاندا دەردەچن، ناتوانن بەهەمان خێرایی بڕۆن و بگەنە گوێچکەتەوە.. چاوت لێیە زرینگانەوەی وشەکانیش وەکو کەلوپەلەکانت گرینگن..!! نەخێر، بینینی ئەو دیمەنە و تێکەڵبوونی ڕەنگەکان و تێکقژقژانی دەنگەکان لەزەتێکی وایان خستە دڵمەوە، نەیانهێشت گوێ بە ترسانی قازەکانم بدەم.. تۆ دەبێت بزانی یەکەمین بینین چەند گرینگە و وەکو ئەسپەکەت هەموو شتەکان بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت.. باوکم دەڵێت: پێغەمبەر ئەوسا لە سەرەتای گەنجێتیدا بوو.. ئاوەدانیی جێهێشت و چووە کێوەکان.. ژنەکەیشی برد.. لە ئەشکەوت دەژیان.. ڕۆژێکیان بورکان هەڵایسا.. شاخ گڕی گرت.. ئەو ئاگرەی زۆری نەمابوو بیانسوتێنێت، دواتر هەر چۆنێک بوو کوژایەوە، بەڵام لەناو خەیاڵی ئەودا بەردەوام کڵپەی دەسەند.. فەلسەفەکەی لەسەر داڕشت.. ئاگری کردە بنەمای ژیان و لە بەرامبەر تاریکیدا وەکو سومبولی چاکی و پاکی و ڕووناکی ناساندی.... من تێناگەم، ئاخۆ تۆ بە ئاگر و ڕووناکی دەزانم، یان بە تاریکی، بەڵام ئەوەی لام ڕوونە، ئەوەیە ناتوانم لە خەیاڵمت دەربکەم.. بڕوانە من و باوکم چەند لەیەکتر جیاوازین.. ئەو سووک و ئاسان، بەبێ هیچ دوودڵییەک شاربەدەری کردی، کەچی من مەحاڵە بڕیارێکی ئاوام بۆ بدرێت.. بەڵام نازانم ئەگەر دەرت ناکەم و لەناو خەیاڵمدا دەتهێڵمەوە، چ نیازێکم هەیە و بە چ ئەنجامێکت دەگەیەنم.. ئەوەندەم لا ڕوونە وازم لە هەموو شتێ هێناوە و بەدواتەوەم.. ئەگەر ئەو ترسە نەبێت، کە ڕێگرە لەوەی لێت نزیک بکەومەوە و لە چاوانت بڕوانم، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا هەڵتدەوەشێنمە و لە هەر پارچەیەکتدا دەیان نهێنی دەدۆزمەوە.. باوکە مێژوونووسە پەککەوتووەکەم لە ماڵەوە چاوەڕێیە هەواڵەکانی بۆ کۆبکەمەوە،

بەڵام من بەهۆی تۆوە ئاگام لە دنیا بڕاوە.. ناتوانم پێی ڕابگەیەنم، کە تۆ بەناوێکی ترەوە ڕووت کردۆتەوە ئاوەدانییەوە.. بەرگەی کارەساتێکی ئاوا ناگرێت و دوور نییە هەر خێرا گیانی دەربچێت.. هەندێ جاریش وای بۆ دەچم زانیبێتی، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنەوەی تۆدا، ئەویش بەئێجگاری خزایە کونجی ژوورە تاریکەکەی و نایەوێت ڕووناکی ببینێت.. پێشان پێی نەدەخستە ئەودیوی حەوشە و بێجگە لە من، کەسی دیکەی نەدەدی، ئێستا نایەوێت چاوی بە چاوی منیش بکەوێت و هیچم لەگەڵدا ناڵێت.. لەوساوە نەمدیوە.. من کە بە درێژاییی شەو لەو مەیخانەیەدا کار دەکەم، ئەوا بەیانییان پێش هەتاوکەوتن وەکو مردوو بۆ ماڵ دەگەڕێمەوە.. بەر لەوەی بچمە سەر جێگاکەم و بنووم، ئەو لەشە ماندووەم دەگەیەنمە سەربان و لەو چۆڵەوانییە دەڕوانم.. گەرەکمە تۆ ببینم، کاتێ بەو ئەسپ و گالیسکەیەت لە جۆگەلەکە دەپەڕیتەوە و قازەکانم پەرشوبڵاو دەکەیتەوە، بەڵام ئەوان وەکو ئەوسا ناترسن و ناقیڕێنن.. دەزانم بەپێچەوانەی من دڵت بەو دیمەنە خۆش دەبێت، چونکە وا هەست دەکەیت لە ئاوەدانی ناسراویت و بە سیمات ئاشنا بوون.. نازانم زانیویشتە کێیە خاوەنی قازەکان، یان نا..؟! ئەو خەیاڵە لەگەڵ خۆمدا دەبەمە سەر جێگا و لە باوەشما دەیخەوێنم.. بەڵام ئەوە خەو نییە، بەڵکو بوورانەوەیە.. ئیشی شەو زۆر زەحمەتە.. ئەی چۆن..!! تا ئێوارە بێدار نابمەوە و ئاگام لە دەرەوە بڕاوە.. نازانم لە پشت ئەو چاوە نوقاوانەمدا چی لەناو ماڵ و لە دەرەوە ڕوو دەدات.. هەندێ جار وای بۆ دەچم ئەمە فێڵێکە و باوکم لێی کردووم.. بەشەو مەیخانە و بەڕۆژیش خەو.. ڕێگایەکی چاکی دۆزیوەتە بۆئەوەی نەهێڵێت من ئەو ڕاستییانە بزانم.. زۆری پێ ناچێت مەسەلەکە بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا دەبەم و دەگەمە باوەڕێکی تری تەواو جیاوازەوە.. دەڵێم شەڕی ئەو لە دژی تۆیە.. هەمووو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە تۆ نەتوانی بگەڕێیتەوە.. ڕقت هەڵدەستێنێت.. گڕ لە دڵت بەردەدات، بەوەی خوشکەکەتی ناردۆتە ئەو مەیخانەیە و بەبەرچاوتەوە کوڕان ماچی بۆ هەڵدەدەن.. پەنجەکانی دەگوشن.. مەمکەکانی دەگرن.. ئەو وایزانیوە دەستت ناچێتە خوێنی منەوە، بەڵام شەوێک دەگاتە تینت و یەک دوانێ لەو گەنجانە بە خەنجەری تیژت ونجڕ ونجڕ دەکەیت.. ئەوسا سزاکەت قورستر دەبێت.. ئەنجام وەکو هەر ئاژەڵێکی کێوی لەو شاخانە، بەبێ ئەوەی کەس

بزانێت، گیانت دەردەچێت و لاشەت دەبێتە خۆراکی داڵ و کەمتیار.. بەڵام من نازانم بۆچی وا لە دڵم چەسپیوە، کە ئەوەی بە دەستی تۆ خوێنی دەڕژێت، هەر خۆمم.. باوکم بیری لە شتێکی دیکەیش کردۆتەوە.. ئەو دەزانێت ئەگەر ئەو ئازارەی بە هۆی منەوە دەیچێژیت، نەگاتە ئەوەی هیچ کەسێکیش بکوژیت، ئەوا خۆ بەئاسانی دەتوانێت ناخت داڕزێنێت و نەهێڵێت خەریکی کاری هونەری بیت.. ئەنجام بەرهەمت نابێت و چاوت بە ئاوەدانی ناکەوێتەوە.. بزانە من بەبێ ئەوەی ئاگام لێبێت، یان ویستبێتم، چ کێشەیەکی گەورەم بۆ خوڵقاندووی.. پێم وتی باوکم هەموو هەوڵێک دەدات نەگەڕێیتەوە ناو ئاوەدانی.. کەللەڕەقییەکەی بێسنوورە.. باوەڕی بە تۆبە نییە.. زۆر دەمێکە فەلسەفەی خۆی لەم بارەیەوە ڕاگەیاندووە.. ئەوسا دەنکە تەرزەکان لە ئاسمانێکی ڕەشی تاریکەوە دەبارینە ناو حەوشەوە و هەندێکیان بەر پلێتی سەر کولانەی قازەکان دەکەوتن، دەنگێکی ترسناکیان لێ هەڵدەستا و دڵیان دادەچڵەکاندم.. لەودیوی پەنجەرەکە دەستەکانی گرتبوو بەملا و بەولای دیوارەوە و وتی:

ـ تۆبە هەر خۆی گوناهێکی دیکەیە، چونکە زەمەنی تۆبە لە دوای زەمەنی گوناهەوە دێت.. تۆبە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوویێکی پێش سەردەمی گوناه، بەڵام لەبەرئەوەی تەمەنی مرۆڤ تەنها بریتییە لە گوناه، ئەوا هەر دەبێت بۆ گوناه بگەڕێتەوە.

باوەڕ بکە هیچ لەو شانە تێنەگەیشتووم و نەشمزانی بۆچی وای پێ وتم، وەکو چۆن قازەکانم زۆر جار لە من تێناگەن و نازانن چییم لێیان دەوێت، بۆیە هەندێ بۆی ئاسانکردمەوە.. ئەوەی لێی تێگەیشتم هەر ئەوەیە: زەمەن کاتێ تێدەپەڕێت، خۆشەویست دەبێت.. وەکو شتێکی پیرۆز لێی دەڕوانین.. ئەو گوناهانەیش بە پاک دەزانین، کە ئەوسا بە ترسەوە دەستمان بۆ بردوون، بۆیە ئێستا بەبێ دوودڵی دووبارەیان دەکەینەوە و ناویان لێ دەنێین تۆبە.... بزانە ڕابردوو چ شوێنێکی ئاسوودەیە بۆ ژیانمان.. هەرگیز خۆمان لە ئاست ئەو گوناهانە بە بەرپرسیار نازانین، کە ئەوسا کردوومانن.. ئەوەی مایەی ترس و دوودڵییە، ئێستایە.. نەخێر، تۆ وا بیر ناکەیتەوە.. من هەر کاتێ بۆ ڕابردوو بگەڕێمەوە، خەیاڵم لەو ڕۆژە دەئاڵێت، کە

بە ئاگر ڕاوی قازەکانمت دەنا.. ڕەنگەکان تەفرەم دەدەن.. ئێستا چاکتر لەوە تێدەگەم چۆن قازەکان دایکمیان کردۆتە نیگارکێشێکی شارەزا.. ئەو باڵندە خەمناکە لە زۆربەی نیگارەکانیدا دەبینرێت، کە لەم دواییەدا «دادە گوڵزار» پیشانیانی داوم.. پێم دەڵێت ئەو بەکچێنی و دواتریش هەمیشە جلێکی ڕەشی سادەی دەپۆشی و شاڵێکی سووری تۆخی بەسەر شانە گۆشتنەکانیدا دەدا.. قازێکی سپی سپیی دەخستە ژێر باڵی چەپیەوە.. هەردوو چمکی شاڵەکە لەملا و لەولاوە بەسەر سنگیدا دەهاتنە خوارێ.. لە ئاستی سکیدا جووتدەبوونەوە و بەشێکی قازەکەیان دادەپۆشی.. بە باوەڕی ئەم قاز باڵندەی کچانە و زۆر لە تاوس سەرنجڕاکێشترە، کە دەیان ڕەنگی جیاوازی بەخۆیەوە گرتووە و لە بەرتیشکی هەتاودا دەبریسکێنەوە.. کاتێ بە بازاڕدا دەڕۆیشت، زوو زوو کوڕان دەچوونە بەردەمی و لێیان دەپرسی، ئاخۆ قازەکەی نافرۆشێت، یان لەگەڵ هەر باڵندەیەکی دیکەدا نایگۆڕێتەوە، بەڵام ئەم وەڵامی کەسیانی نەدەدایەوە.. نە دەیویست بیفرۆشێت و نە لەگەڵ چینوماچین و تاوسەکانیشدا ئاڵوگۆڕی پێ بکات، بەڵکو هەمیشە بیری خۆی دەبردەوە، کە ئەم باڵندەیەکی پێیە.. ئەو مەبەستی بوو هێندە بەبەرچاواندا بێت و بچێت، تا هاوکات ئەوانیش لەسەر ئەوە ڕابهێنێت، کە ئەو دیمەنە شتێکی ئەزەلییە و ئەم هەر ئاوا هاتۆتە دنیاوە، یاخود وەکو جلوبەرگ ئاساییە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پۆشین.. هەر بۆیە نیگاری هیچ کچێکیشی بەبێ ئەو باڵندە شەرمنە نەدەکێشا.. وەک بڵێی ویستبێتی تەواو لە دڵاندا بیچەسپێنێت، کە ئەوان بەبێ قازەکان ڕووتن.. نهێنییەکانیان لە هەموو لایەکەوە دەکەونە بەرچاوە نێرە ئیبلیسییەکان و بەئاسانی دەیانخوێننەوە.. ئەنجام لێیان تێر دەبن و بۆ هەتاهەتایە بەلایانەوە دەنێن.. هەرگیز لەبارەی قازەکەیەوە نەدەدوا.. ڕۆژی بوکێنییەکەیشی داینەنا.. بردیە سەر جێگاکەیشی.. جلەکانی یەک بەیەک داکەند و بە قازەکەیەوە لەسەر ئەو تەختە ساجە ڕاکشا.. چ کچێکی سەیر بووە.. ئەو هەموو گەنجە قۆزە سەرنجی ڕاناکێشن، کە ڕۆژانە بە بیانووی قازەکەی ژێر باڵی چەپیەوە دەیانەوێت لێی نزیک ببنەوە و بیدوێنن.. بەسەر هەر هەموویاندا باز دەدات و پیاوێک هەڵدەبژێرێت، کە لە تەمەنی باوکیەتی و کوڕکەی لەو گەورەترە.. بەڵام ناکرێت ئاوا ساویلکانە و خۆشباوەڕانە لەو

مەسەلەیە بڕوانین، بەتایبەتی کاتێ دەزانین ئەو وەکو بە «دادە گوڵزار»ی وتووە، پێی وابووە «ئارەزووی گەیشتن بەوەدیوی ڕەنگەکان» هەموو ڕووداوەکان ئاڕاستە دەکات.. هەر بۆیە کوشتنیشی بە تاوان نەزانیوە.. بەڵێ، وتوویەتی ئەگەر گورگ پەلاماری مەڕی سپی دەدات و لە چاوترووکانێکدا بە کەڵبەی تیژی سکی هەڵدەدڕێت، ئەوا تەنها بۆئەوەیەتی ڕەنگی سووری تێدا بدۆزێتەوە.. دەتوانم بڵێم ئەو شووی نەکردووە، بەڵکو لە پیاودا بەدوای ڕەنگدا گەڕاوە.. بزانە من دیسان دەمەوێت بەسەرهاتێکت بۆ بگێڕمەوە، کە تۆ لە من و لە هەر کەسێکی تر چاکتری لێ دەزانیت.. پێویستە من گوێ بگرم و تۆ ورد ورد لە نووکەوە هەموو شتێکم بۆ بگێڕیتەوە.. بەتایبەتی ئەم مەسەلەیە، کە ژیان و چارەنووسی هەردووکمانی پێوە بەندە.. بەڵام تۆ بەو بێدەنگییەت هەموو شتێکم لێ دەشێوێنیت.. لە خاچم دەکێشیت.. هێندەی دیکە خۆتم لێ ئاڵۆز دەکەیت و زیاتر دەبیتە مەتەڵ.. گەمژەییی منیش لەوە دایە، لە کاتێکدا ناتوانم تۆزقاڵێک نهێنی لە خۆتدا بدۆزمەوە، کەچی تەمام وایە لە سێبەرتەوە بە ڕاستییەکان بگەم.. لەوپەڕی مەستیدا ئاگات لە زمانتە و ناهێڵیت یەک وشەی بەسەردا تێپەڕێت.. دەشزانی کەی هەستیت و بچیتە دەرێ.. خۆت هەڵدەدەیتە سەر گالیسکەکەت و لەناو تەمەکاندا غار بە ئەسپی هەورینت دەدەیت.. من بەیانییان تاوێ دوای تۆ دەگەڕێمەوە و شوێنەوارت بەسەر ئەو ڕێگایانەوە دەبینم.. بەژێر درەختی گوێژەکاندا تێپەڕیوی، کە ڕێواوڕێ لەو قەراغەدا خۆڕسکانە ڕواون.. پایز دوای بێنەوبەرەیەکی زۆر سەرجەمی گەڵاکانیانی هەڵوەراندوون و گوێژە سوورەکانیان هەر پێوە ماون.. تەنها خۆت دەزانی بیر لە چی دەکەیتەوە و چ چێژێکی سەیر لەو دیمەنە دەبینیت.. جێگای سەرسوڕمانە درەختێکی ڕووت، کە هەر لە مردوو دەچێت و بەرەکەیشی ئاوا لیک لە ناودەمەکان دەڕێژێت.. دوور نییە ئەمە تەنها گەمەی ڕەنگەکان بێت و هیچی تر.. لەژێر قاچی ناڵکراوی ئەسپ و تایەی ئاسنی گالیسکەکەتدا گەڵا وشکەکان ورد ورد دەبن.. جا نازانم دەتگریەنن، یان گۆرانیی خەمناکت پێ دەڵێن.. یان هەردووکیان پێکەوە.. گریان و گۆرانی لە یەک کاتدا.. من بەدەم ڕێوە چنگ چنگ ئەو گەڵایانە کۆ دەکەمەوە و قووڵ قووڵ بۆنیان هەڵدەمژم، بەبێ ئەوەی چاو لەسەر شوێنەواری تۆ هەڵبڕم.. بەسەریدا هەنگاو

بەرەو گەڕەکمان هەڵدەنێم.. تا سەری کۆڵانم دەگەیەنیت.. لەوێ، ڕێک لەبەردەم ماڵی «گوڵبەهاری گۆرانیبێژ»دا جیا دەبینەوە.. لەوە زیاتر نایەیتە پێش و ڕێگای خۆت دەگریت.. لە پیرەمێردێکی پەککەوتە دەترسیت، کە تەنها ناوی ماوە.. جا بۆ نەترسیت..!! قازەکانم لەپێش تۆوە دەگەنە جۆگەی ئاوەکە.. فریا ناکەوم لە گەڕانەوەدا بتبینم، کاتێ دەپەڕیتەوە، تا بزانم چ هەستێکم لە دڵدا دەخولقێنیت.. زۆر جاریش خەیاڵم بۆ ئەوە دەچیت تۆ لە ماڵی «گوڵبەهار» دەژیت.. بەدزیی چاوە زیتەکانەوە ئەسپ و گالیسکەکەت لەو حەوشە گەورەیە ڕادەگریت و بەئەسپایی دەچیتە ژوورێ.. چاکت دۆزیوەتەوە.. بەڵام ئاوا بەئاسانی بۆت ناچێتە سەر.. با زیاتر لەو ڕاستییە دڵنیا بم، ئەوسا دەزانیت چۆن بە خەونیش ئاوەدانی نابینیتەوە.. من کە تا ئێستا نازانم لایەنگری تۆم یان هی باوکم، بەڵام کارێکی ئاوا پاڵم پێوە دەنێت ببمە دوژمنێکی سەرسەختت.. لەمەوە هیوای گەڕانەوەت بەتەواوی نامێنێت.. شتێکی دیکەم پێ نەوتووی.. باوکم باوەڕی وایە مرۆڤ وەکو شوێن نییە، ئەگەر لە بنەڕەتەوە بە پیرۆز لێی بڕوانن، ئەوا تا سەر ئاوا بمێنێتەوە.. دەیوت بەدەگمەن بنیادەمی پیرۆز هەڵدەکەوێت و ئەو پیرۆزییەش زۆر بەئاسانی لە دەست دەچێت.. شەوێکیان لەگەڵ یەکێ لەو ژنانەدا، کە بە باوەڕی خۆم لەپاڵ سێ کەسی دیکەدا هەواڵیان لە شوێنە دوورەکانەوە بۆ دەهێنا، گفتوگۆیەکی گەرمیان دامەزراند و تا بەرەبەیان نەیانبڕیەوە.. ڕاستە من لە زۆربەی تێنەگەیشتم و تا بۆشیان بکرایە نەیاندەهێشت گوێم لێیان بێت، بەڵام توانیم ئەو ئەنجامە لە سەرجەمی گوتەکانیاندا هەڵهێنجم، کە ئێستا بە تۆم وت.. باوکم سەرەتا بەردی ڕەشی موسڵمانانی بە نموونە هێنایەوە، کە دوای هاتنی پێغەمبەریان هەر بە پیرۆزی مایەوە، بەڵام هەزاران عەرەب لەوانەی ئەو بەردە ڕەشەیان بە پیرۆز دەزانی و دەیانپەرست، لە زنجیرە شەڕە خوێناوییەکاندا کوژران و ناوی تۆپیویان لێنان.. ئینجا بابە هاتە سەر باسی مزگەوتی ئومەوی، کە لە سەرەتا پەرستگایەکی ئارامی بوو.. یۆنانییەکان کردیانە پەرستگای خواوەندی جوپێتەری دیمەشقی.. بێزەنتییەکان کردیانە کەنیسە و دواجار ئیسلامەکان کردیانە ئەو مزگەوتە.... باوکم دەیوت مرۆڤ هەرچی بێت، ناگاتە ئەو شەیتانەی لە ئاسمان مامۆستای فریشتەکان بوو و وانەی زانست و مەعریفەی بە فریشتەکانی قوتابیی

دەوت.. دوای بێدەنگییەکی زۆر، ئەمەیشی خستە سەر: «مرۆڤ لەمێژ نییە وەکو میوان پێی خستۆتە ناو شوێنەوە و زۆریشی نەماوە بۆ هەتاهەتایە لێی دەربچێت، چونکە ئەو دوانە پێکەوە هەڵناکەن».. تۆ ئاسنی سارد دەکوتی.. تا ئەو باوکەم لە ژیاندا بێت و ئەمانە بیروبۆچوونی بن، ئەوا دوو پێت نایەتەوە ماڵ.. منیش تا تەواو لێت تێنەگەم، ناتوانم هیچ بڕیارێکت لەسەر بدەم.. تۆ لە هەموو ئەو بکوژانە جیاوازی، کە لە کێوان گەڕاونەتەوە، بەوەی ئەوان کەسوکاریان هەموو هەوڵێکیان دەدا بیانهێننەوە، بەڵام تۆ کێشەی یەکەمت لەگەڵ خانەوادەکەی خۆتە.. ئاخر قوربانییەکەی دەستیشت لە هی ئەوان ناچێت.. من چاک دەزانم مەبەستی یەکەمت هاتنەوەیە بۆ ناو ماڵ.. لەوە دڵنیای شار هیچ ئاسوودەییەکت پێ نابەخشێت و بۆ تۆ لەگەڵ کێوە سەختەکاندا جیاوازیی نییە، ئەگەر نەگەڕێیتەوە ئەو شوێنەی تێیدا لە دایک بوویت.. ئەو شوێنەی پیاوەتیی خۆتت لەناودا سەلماند.. ئەوسا بە هەندێ جووداوازی لەو گورگە دەچوویت، کە دایکم دەیوت لەپێناوی گەیشتن بە ڕەنگی سوور، پەلاماری بەرخی سپی دەدات.. تۆ قازێکت خنکاند.. بەڵام لەپێناوی چی..؟! ویستت هەموو نهێنییەکان بشاریتەوە.. باوەڕت نەدەکرد ئاوا دەبیتە چیرۆکێکی لەزەتبەخش و شارە و شار دەگەڕێیت.. لە هەر ماڵێک شتێکت دەخرێتە سەر و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تیژتر ڕێگا دوورەکان دەبڕیت.. ئەو ناوبانگەی باوکە مێژوونووسەکەشم بەهۆی بیروباوەڕە سەیر و نامۆکانیەوە بەدەستی هێناوە، بۆ تۆ خراپ شکایەوە و چیرۆکەکەت زیاتر دەنگی دایەوە.. لە گەڕانەوەشتدا، پێش هەموو شتێک پۆلێک قاز هاتنە پێشوازیت.. وەک بیانەوێت پێت بڵێن: «ئارەزووەکان نامرن.. ڕێگای هەموو شوێنەکانیش لە ئێمەوە دەست پێدەکەن».. بەڵێ، تۆ لە کێشەیەکی گەورە دایت.. هەر ڕۆژێکە دەزانی ئەو فیز و لووتبەرزییە دادت نادات و بەپێی پەتی، نەک بە ئەسپی هەورین و گالیسکەی ڕازاوت، دەگەڕێیتەوە.. ئەوسا تەواو لەو ئاژەڵە کەسنەدیوە دەچیت، کە زۆر دەمێکە هاوڕەگەزەکانی لەناوچوون و خۆی تەنیا لە کێوە سەختەکاندا ماوەتەوە.. بە دەنگی کز و ماندووت دەپاڕێیتەوە.. کەساس و هیوابڕاو دەست بە شوورای شار و دیواری ماڵاندا دەگریت و وەکو منداڵێکی ساڵەوەخت، کە دەیەوێت پێ بگرێت، ئاوا هەنگاوی لەرزۆک و ناڕێک ناڕێک دەهاوێیت.. ناولەپەکانت

پڕ دەبن لە قەوزەی شـێدار.. خـۆڵ تا قـوڕگت دەچێت.. هێندە لەسـەر ئەو زەوییـە دەخشیت، تا جلەکانت دەدڕێن و دەبنـە تیلمەی ورد ورد.. ڕەشـەبای ناوەخت بەملا و بەولادا دەیانبات و ڕووتوقووت و زەلیلانە دەکەویە بەردیدەی ڕێبواران.. منداڵان دوات دەکەون و هووهـات بۆ دەکێشن.... ئەو ئێوارەیە خەونێکی نزیک لەوەم پێتـەوە بینی.. لەگەڵ دەنگی گریانم بەئاگا هاتمەوە.. هێشتا فرمێسکەکانم نەدەوەستان و بەردەوام بەسـەر سەرینەکەمدا دەڕژان، کە لە پەڕی قازم دروست کردووە.. تەنها خـۆم دەزانم چ بۆنێکی سـەیر دەچێت بە قووڵاییی لووتمدا، کاتێ پەڕی قـازەکان بە فرمێسکم تەڕ دەبن.. ئەوسا شێتانە دەست بۆ چەقۆی ناو تاقەکەی پشت سـەرم دەبەم، کە تەنها بۆ ئەو مـەبەسـتـە لەوێم داناوە و سـەرینەکـەم دەدڕێنم.. چنگ چنگ ئەو پەڕانە بەسـەر خـۆمدا دەکـەم.. دەزانم ئەمـە حاڵەتێکی کـچانەیە و لێی تێناگـەیت.. ئەگـەر بێیتـە ژوورەوە و لووتت بخـەیتە نـاو سەرینەکەمـەوە، بەو مەبەسـتـەی قووڵ قـووڵ بۆنی پەڕی قـازەکان و فرمێسکی من هەڵمژیت، هێشـتا هەر لەسـەر باوەڕەی خۆت دەمێنیتـەوە، کە ئەوەی من دەیکەم، کارێکی هیچوپووچ و بێمانایە.. بەسەرێکیش ڕاستە.. منێک لە مـاڵێکی ئاوا پڕ لە لوغـزدا چاوم هەڵهێنابێت و باوکێکی هێندە سـەیر گـەورەی کردبێتم، چاوەڕێی چییم لـێ دەکەیت.. زۆر جار ویسـتوومـە لەجیاتی سـەرینەکەم، ورگی خـۆم هەڵدڕم، بەڵام نازانم چی پەشیمانی کردوومـەتەوە.. ڕەنگە هەر ئەوە بێت، کە نامەوێت لەپێناوی شتێکی هیچدا کۆتایی بە ژیانم بهێنم.. من دەمێکە لە «دارای شاعیر» تێگەیشتووم، کاتێ لێیان پرسیوە: مادام هەمـوو شتێکی ئەم دنیـایە بە هیچ دەزانێت، بۆچی خـۆی ناکوژێت..؟! وتوویەتی: هەمان ئەو شتانەی شایانی ئەوە نین بۆیان بژیم، شایانی ئەوەیش نین بۆیان بمرم.. «دارا»یش وەکو خۆی بەردەوام دەیوت و دەیوتەوە هەر لە ڕێگای قازەکەی ژێر باڵی چەپی دایکمەوە بووبووە شاعیر.. «قازی هەورین»، «قازی بەفرین»، «قازی تواوە» و «قازی خوێناوی»، ئەو وشانەن بەردەوام لە شیعرەکانیدا بەر گوێچکە دەکەون.. هەر لەبەر ئەوەیش بوو نەدەچووە دڵی باوکمەوە.. دەیوت ئامـادەیە لەپێناوی کێش و سەروادا ڕاسـتییـەکان بەئاوەژوویی دەربخـات و دەیان چیرۆکی درۆ بۆ خۆی هەڵبەستێت.. دوور نییە هەر لە داخی ئەویش ئـەو تیۆرە سەیرەی لەو بارەیەوە داهێنابێت.. دەڵێت کاری نووسەر و شاعیران لەو فێڵە دەچێت،

کە ئەو خۆی بە منداڵی لە زەماوەندەکاندا پەنای بۆ دەبرد، کاتێ دەیبینی هەموو منداڵان لەسەر کورسی و سەکۆکان دانیشتوون و ئەم جێگای نییە.. یەکێکیانی بانگ دەکرد، گوایە بەدزیی ئەوانی دیکەوە قسەیەکی نهێنیی پێ دەڵێت.. هەرکە ئەو هەڵدەستا، خۆی لە شوێنەکەی دادەنیشت.. دەیوت لە کاتێکدا زۆربەی خەڵک بە پاشا و سوڵتانەکاندا هەڵدەڵێن، ئەوان لە دژیان دەوەستن، تا وایان لێ دەکەن پشتیان تێبکەن و بەگژیاندا بچنەوە، ئینجا خۆیان سووک و ئاسان جێگایان دەگرنەوە.... بڕوانە چۆن بۆ هەر یەکێ لە ناحەزەکانی بیردۆزێک دادەتاشێت و کەسیش نازانێت چۆن ئاوا بەخێرایی دەیگەیەنێتە گوێچکەکانەوە.. پێم وتی تۆ لە شەڕێکی قورس دایت.. هیچ بە دووری مەزانە ئێستا کە ئاوا خزاوەتە کونجی ژوورەوە و لێی دەرناچێت، مەبەستی ئەوە بێت بیر لە داڕشتنی تیۆرێکی تایبەت بە ئیشەکەی تۆ بکاتەوە، بۆئەوەی لەبەر چاوانت بخات و بەهەرەکەت بێنرخ پیشان بدات.. ئەنجام ڕیسوا دەبیت و تا ماوی ڕوو لە ئاوەدانی ناکەیتەوە.. تۆ خۆت بە چاوانت «دارای شاعیر»ت دەدی چۆن کاتێ دەگەیشتە حاڵەتی مەستی، شێتانە دەکەوتە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژگارەی، کە لەگەڵ دایکمدا بەسەری بردبوو.. هەڵدەستایەوە و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش تەمسیلی ڕووداوەکانی دەکرد.. هەر ئەو جووڵە سەیر سەیرانە زیاتر دەیانبردە ناو دنیای بێئاگایی و لێرەوە گوتەکان پچڕ پچڕ و بێ ویستی خۆی لە دەمی دەردەچوون.. بەیانییان هەڵمدەگرتەوە و تا بەردەمی کەلاوەکەیم دەگەیاند.. بەم حاڵەیشەوە بیری نەدەچووەوە پێم بڵێت:

ــ ئێستا دەزانم من شاعیرم، بەوەی جاران هیوام دەخواست لەگەڵ دایکت ماڵێک پێکەوە بنێم، کەچی ئەوەتا تۆ بەسەرخۆشی بە کەلاوەیەکم دەسپێریت.

هەستێک پێی دەوتم لەم نزیکانە «دارا» گیانی دەردەچێت، بەڵام نەمدەزانی ئەو کاتەیە، کە دەستی لە ملم ئاڵاندووە.. بۆنی لۆکەی سووتاو دەگەیشتە کوڵانەکانی سەروو.. دەچوو بە قووڵاییی لوتماندا.. لەپڕ وتی:

ــ گریان لە کتێبەکانم بەرداوە.

دەتوت بەدەم خەوێکی قووڵەوە دەدوێت:

ــ هەر دەمزانی بەم دەردەیان دەبەن.. بەڵێ، چاکم دەزانی.

بەبێ ئەوەی شانم لەژێر سەری دەربهێنم، وتم:

ــ بۆنی لۆکەی سووتاوە.. لەوە دەچێت ماڵێک لەم نزیکانە.....

ــ ماڵ نییە، کەلاوەکەی منە.. خۆت نازانی کتێبیش هەر لە لۆکە........

* * * *

لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کچان ساڵانە بۆ تاقیکردنەوەکانیان دەنووسی، دووکەڵ وەکو سومبولی ناخۆشی و نائومێدی نیشان دەدران، بۆیە لە ئەنجامدا دەڕەوینەوە و ڕووناکی جێگای دەگرتنەوە.. یاخود تیشکی ڕۆژ بەناویاندا ڕۆ دەچوو و پەرشوبڵاوی دەکردنەوە.. بەڵام تۆ ئێستا ترسی گەورەت نەمانی ئەو دووکەڵەیە، کە لەودیو لە نوێنە سووتاوەکانی «گوڵبەهاری گۆرانیبێژ»دا بەرز دەبێتەوە.. «دارای شاعیر» دەیوت لە شیعردا دووکەڵ لە ئاگر گرینگترە، چونکە ئاگر دەنگێکە و خۆی دەدوێت، بەمەیش هەموو ماناکانی ئاشکرا دەکات و شتێک بۆ لێکدانەوە و تێفکرین جێناهێڵێت، بەڵام دووکەڵ بەو هەموو ئازار و نهێنییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بێ دەنگ دەبێت و ڕێگا بە ئێمە دەدات بۆی بدوێین.. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مردنەکەی (لایەنی کەم بۆ تۆ) زیاتر لە ئاگر دەچوو هەتاوەکو دووکەڵ، بەوەی لە باوەشتا گیانی دەرچوو و نەبووە مەتەڵێکی زۆر ئاڵۆز.. واتدەزانی منداڵە و لە سکتایە.. لە سکتایە و وا لەبار دەچێت.. بۆیە چرکە بە چرکەی ئەو حاڵەتەت هەست پێ دەکرد، بگرە نەتدەزانی کامتانن دەمرن.. تۆ یان ئەو، یان هەردووکتان پێکەوە.. دەتویست هاوار بکەیت: «پیاوێکم لەناودا مردووە»، یان: «وا شاعیرێک لە هەناومدا گیان دەدات»، بەڵام دەنگت دەرنەدەچوو.. یاخود نەتدەویست ئەو وشە بێتام و بێمانایانە بەسەر زمانتدا تێپەڕن، کە ئەوەندەی ئازار دەبەخشن، دوو هێندەیش قێز دەکەنەوە.. دەتوانم بڵێم تۆ لەو ڕۆژەوە وەکو مردووێک، دوای هەزاران ساڵ لە گۆڕستان هاتبێتەوە، ئاوا دەوروبەرت دەبینی.. شتەکان بەشێوەیەکی سەیر دەکەوتنە بەر دیدەت.. تەنانەت ئەوانەیش، کە پێشتر هیچ گومانێکیان هەڵنەدەگرت.. مەودای زەمەنەکانت لێ تێکچوو.. تێنەدەگەیشتی کات خێرا یان سست تێدەپەڕێت.. بەسەرهاتەکان تێکەڵ بە یەکدی

دەبوون.. نەتدەزانی کام بەشەی تەمەنت ڕاستییە و کام بەشەی خورافەیە.. سەرت لەو چیرۆکانە دەرنەدچوو، کە بەردەوام دەخزانە ناو ژیانتەوە.. هەر جارێ بەشێوەیەک ڕابردووت بیر دەهاتەوە.. هەموو ڕووداوێکی دوای ئەو ساتە لای تۆ لە خەون و لە دووکەڵ دەچوو.. هەر کاتێکت دەزانی شتەکان گڕیان دەگرت.. ڕەشەکان دووکەڵی سپی و سپییەکان دووکەڵی ڕەشیان لێ هەڵدەستا.. لەپڕ دەتقیژاند.. جلەکانت لەبەر خۆت دادەڕنی و دەتویست گیانی شتەکان لە سووتان بپارێزیت.. سوراحی و کووپی سەر مێزەکانت پێکدا دەدا.. قاپی مەی لێرە و لەوێ بەسەر ئەو زەویەدا دەڕژان.. کاسی سەر تاقەکانت دەخستە خوارەوە.. ئەنجام گڕی سوور سوور لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقەیان دەدایت.. ڕووتوقووت بەو ناوەدا ڕاتدەکرد.. زمانت دەگیرا.. ئەنجام دەبووڕایتەوە.. لە باوەشی «گوڵبەهاری گۆرانیبێژ»دا چاوانت هەڵدێنا.. لەوێوە نیگات دەگەیاندە لای «کرمانجی چاوچیمەن».. تەنها ئەوسا دەتتوانی بە جورئەتەوە لێی بڕوانی، بەڵام لەوێت نەدەبینی.. کەمێ پێش ئەوە تەنیا و خەمبارانە پێکەکانی هەڵدەدا.. قژی «گوڵبەهار»ت ڕادەکێشا:

- بۆ کوێ چوو..؟

- کێ بۆ کوێ چوو..؟

- چاک دەزانی مەبەستم کێیە.

هەرگیز نەتدەویست ناوی بهێنیت.. شکستێکی گەورەش بوو، کاتێ خۆت لە باوەشی ئەودا دەبینیەوە.. خێرا هەڵدەستایتەوە.. سەرت گێژی دەخوارد.. جارێکی تر جلە دڕاوەکانت لێرە و لەوێ هەڵدەگرتەوە و لەبەرت دەکردن.. چاوە مەستەکان لە هەموو لایەکەوە چڵێسانە ئابلۆقەیان دەدایت.. گوێت پێ نەدەدان.. وردە وردە ئارام دەبوویتەوە.. لە شتەکانت دەڕوانی.. پەرشوبڵاو، بەڵام ئاسەواری سووتانت بە هیچ شوێنێکەوە نەدەبینی.. بۆنی دووکەڵ نەدەچوو بە لووتی هەستیارتا.. ئەی ئەو چی بەسەرهات..؟! ڕووی کردە کوێ..؟! ڕەنگە نەیویستبێت لەناو ئەو هەموو پیاوە خوشکە ڕووتەکەی ببینێت.. چ نەهامەتییەکی گەورەیە..!! ئێستا بۆ ئەم لە سایەی خانەوادەکەیەوە ئاوەدانی لە کێوە سەختەکان دڵڕەقترە.... ئەوا جارێکی تر شتەکان گڕیان گرتەوە و دووکەڵیان لێ هەستا.....

کێشەی تۆ ئەوە بوو نەتدەتوانی جیاوازی لەنێوان ئاگری ڕاستەقینە و ئاگری ناو خەیاڵتدا بکەیت.. ئێستایش لێرە، کە تەنها لە ڕێی ئاگر و دووکەڵەوە ڕابردووت بیر دێتەوە، ئاسان نییە چیرۆکێکی ڕاستەقینە بنووسیت و دەربچیت.. دوای خامۆشبوونەوەی ئاگری نوێنەکانی «گوڵبەهاری گۆرانیبێژ»یش، چییتر نابینی شتێک بسووتێت.

بۆنی دووکەڵ بەردەوام دەچێتە لووتتەوە و خەیاڵت بۆ ئەو بەیانییە زووە دەگەڕێنێتەوە، کە شەکەت و ماندوو لە مەیخانە دەهاتیتەوە و گڕ لە ماڵتان هەڵدەستا.. قازەکان دەسووتان و بۆکڕووزیان دەگەیشتە سەری کۆڵان.. بەڵام نەتزانی باوکت لەوێیە، یان جێیهێشتووە.. ئەوەندە هەیە لەوساوە نە ئەم و نە براکەشتت نەبینیەوە.«**»

دانمارک/ مارتی ٢٠٠١

* ئەوانەی لە نزیکەوە ئەو مێژوونووسەیان ناسیوە، باوەڕیان نییە ئەو شتانەی وتبێت، بەڵکو «ئیدریسی حیکایەتخوان» بۆی هەڵبەستووە.. ڕاستە وتوویەتی عەرەبەکان دەگەیشتنە هەر ناوچەیەکی دەرەوەی دوورگەکەیان، پێیان دەوتن مەبەستمان ئێوە نییە و یارمەتیمان بدەن با پێکەوە بگەینە «ئەوان!!».. پێشیان نەدەوتن ئەو «ئەوان!!»ە کێین و لە کوێن.. بەم شێوەیە هێزیان کۆ دەکردەوە و لەو دەسکەوتانەی بەدەستیان دەهێنا، بەشیان دەدان... «هەموو ئەوانەیشی بە زمانێکی لوغزاوی دەربڕیوە».

** یەکێکە لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەی «خەوننامەی دادە سۆزی»، کە بۆ چاپ ئامادەیە.

# کاروان عومەر کاکەسوور

# خەوننامەی دادە سۆزی

ئابڵۆقەیان داوم.. داوام لێ دەکەن بەزووترین کات خۆم بەدەستەوە بدەم.. مەبەستیانە بە زیندوویی بمگرن، ئەگینا هێندە لێمەوە نزیکن، دەتوانن سووک و ئاسان نارنجۆکێک بخەنە ژوورەکەمەوە و لە چاوتروکانێکدا بەسەر دنیاوەم نەهێڵن.. تاوێ لەمەوبەر لە پەنجەرەکەوە ڕوانیمە دەرەوە، لاشەی یەک دوو لە پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆمم بینی، کە بەسەر شوورای کۆشکەکەمدا کەوتبوون.. گوێتان لێ بێت چەند بەئاسانی زمانم لەگەڵ ئەم وشانە ڕاهات: «پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆم..!!».. «شوورای کۆشکەکەم..!!».. «دادە سۆزی» ناهەقی نەبوو لەم دواییە پێی دەوتم:

ــ کێشەی تۆ ئەوەیە هەردی زوو خۆت بەدەست واقیعەکانەوە دەدەیت.

بەڵام ئێستا نازانم خۆم بەدەست ئەو چەکدارانەوە بدەم، یان نا، کە تەنها گوێم لە تەقەی تفەنگیانە، نازانم شێوەیان چۆنە و لام ڕوون نییە چییان لێم دەوێت.. وا لە دەرەوە بە مایکرۆفۆن هاوار دەکەن:

ــ هەموو ڕێگاکانمان لێ تەنیوی.. بواری ڕاکردنت نەماوە.

سەرەتا دەنگەکە، چونکو هەندێک لە دوور بوو، کزتر خۆی دەخزاندە گوێچکەمەوە.. من وەکو ئەوەی بەدرێژاییی ژیانم لە «ماڵ!!»ی خۆمان ڕاهاتووم، هیچ ڕووداوێک بەهەند هەڵناگرم، لێرەیش هەر ئاوام کرد.. تەنانەت نەمدەزانی ئەو کارەساتە پەیوەندیی بە منەوە هەیە.. ئەوسا لەگەڵ تەقاندنی هەر فیشەکێکدا، دەیانوت:

ــ چەکەکانتان دانێن و بەرگریی لێ مەکەن، ئەگینا ئێوە لەپێش ئەمەوە بە دۆزەخ دەسپێرین.

تەمز ئەمانەیان لەگەڵ «پاسەوانە تایبەتییەکانم!!» بوو.. ئێستا کە قڕیان خستۆتە ئەوانەوە، ڕووی دەمیان لە منە و هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە بەزیندوویی دەستگیرم بکەن.. لەوە دەچێت وایانزانیبێت من چەکێکم پێیە و دەمەوێت بەر لەوەی بگەنە سەرم، فیشەکێ بە سەر گۆی

دڵمەوە بنێم.. ئەوسا ئەوان هەموو هەوڵەکەیان بە فیڕۆ دەچێت.. بەڵام من لەم «ژوور!!»ە چۆڵوهۆڵەدا نە چەکم پێیە و نە شتێکی نووکتیژیشم دەستدەکەوێت، تا کارێکی ئاوا ئەنجام بدەم.. تەنانەت ئەگەر بۆشم بلوێت، هەر بیر لە دەبەنگیی ئاوا ناکەمەوە.. من کە تا دوێنێش لەو «ماڵ!!»ەی خۆماندا جیاوازییەکی ئەوتۆم لەنێوان ژیان و مردندا نەدەبینی، کەچی ئەوەتا ئێستا لێرە زەندەقم لە مەرگ چووە.. ئەمەیش لەوەوە هات، کە من کاتێ زانیم ئەوان لەم هەموو بێنەوبەرەیە مەبەستیانە لەناوم بەرن، بە خۆمم وت: «تەنها لەبەر یەک شت دەمەوێ دەرباز بم، ئەویش ئەوەیە.....».. بیرم نەماوە ئەو شتە چییە، کە ئەوسا بە خەیاڵمدا هاتووە و دەبێ بیکەم، بەڵام بێگومان کارێکی گرنگە و دڵنیام ئەوە دەهێنێت هەموو هەوڵێک بدەم، بۆئەوەی پێی بگەم.. تا ئێستاش من هەر بیر لەوە دەکەمەوە، ئاخۆ چی بووە بەسەر زمانمدا تێپەڕیوە و ئەم ترسە ناکاوە بیری بردوومەتەوە.

ئەوان بەردەوام فیشەک بە ئاسمانەوە دەنێن و وشەکانیان دەڵێنەوە، بۆیە زەحمەتە من بتوانم لە ئەتمۆسفێرێکی ئاوا ترسناکدا ئەو مەتەڵە هەڵبێنم.. هەر دەبێ من ئەوسا بیرم لە مەسەلەیەکی گرنگ کردبێتەوە.. خۆزگە دەمزانی بۆچی ئاوا بەپارێزەوە دەیانەوێت لەم «ژوور!!»ە چۆڵەی من نزیک ببنەوە.. ئاخر ئەمە هەر خۆی ترسێکی کوشندەیە و وردە وردە ڕۆحم دەتوێنێتەوە.. لەوەتەی لاشەی «پاسەوانە تایبەتییەکان!!»ی خۆمم بەسەر ئەو «شوورا!!»یەوە بینیوە، ناوێرم بەئەسپایی درزێ بکەمە ئەو پەردەیەوە و لە دەرەوە بڕوانم، بۆئەوەی بزانم چەندیان ماوە بگەنە سەر سەرم.

«دادە سۆزی» لەم چەند ساڵەی دواییی تەمەنیدا بۆی دەرکەوت جۆرێک ناتەبایی لەنێوان تۆ و کاتدا هەیە.. ئەو چونکە فەیلەسوف نەبوو و نەیدەویست بە زمانی فەلسەفە شتەکانی دەربڕێت، بۆیە هەمیشە بە نموونەی ئاسان بیرۆکەکانی دەخستە بەرچاوت.. وا سەرنجی لێ دەدایت، کە نەفامێک بیت و لە هیچ شتێک تێنەگەیت.. لە بەرچاوی ئەم نەدەگۆڕایت.. گەورە نەدەبوویت.. بیری دەچوو، یاخود بیری خۆی دەبردەوە، کە تۆ ڕۆژگارێ نیگارکێش بوویت و کەم و زۆر پەیوەندییت بە ڕۆشەنبیرییەوە هەبووە:

ــ تۆ بڕوانە هەردی.. پار واتدەزانی شتێکت نەماوە بۆی بژیت، کەچی ئەمساڵ بۆت دەرکەوت هەتبووە.. کاتێ هەست دەکەی تۆ وزەیەکت هەیە، کە لێتی دەسەننەوە.. ئایا ئەوسا ئەگەر بتزانیایە ئەو وزەیەت تیایە، دەتتوانی بەکاریبهێنی..؟! ئەمانە وات لێ دەکەن تۆ تەنها لە ڕابردوو بژی.

جاران هەمیشە بەرپەرچییت دەدایەوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوواییدا تەنها گوێت لێی دەگرت، بەبێ ئەوەی لەگەڵیدا بکەویتە مشتومڕەوە، بگرە وات پیشان دەدا، کە هیچ نرخێکت بۆ قسەکانی دانەناوە.. چ پشووێکی درێژی هەبوو.. حەزی دەکرد هەمیشە ڕووداوەکانت بۆ بگێڕێتەوە.. تەنانەت ئەوانەیش، کە تۆ خۆت لە خەون و زیندەخەوندا لەگەڵیاندا ژیابوویت و لەو

چاکتـر سەرت لێیـان دەردەچوو.. بەمـە نەدەوەسـتـا، بگرە سـەربـردەی ژیـانی دایکت و بـاوکت و نازانم هـی کێ و کێیشی بۆ دەگێڕایتەوە.. ئەمـە لە کاتێکدا وەکـو دوایی دەرکەوت تەنـها چـوار سـاڵ لە تۆ گـەورەتـر بـوو.. بەهـەرحـاڵ نەدەکـرا نکـووڵی لەوە بکەیت، کـە ئەم توانـایەکی سـەیری لەو بوارەدا هەیە و وشـەکانی کـاریگـەرن.. هـەر لە منداڵییـەوە ئەمـە پیشـەیەتی، بۆیە زۆر زوو چوار پیـتی «دادە»ی پێوە لکا.. سـەرەتا تۆ بە هیچ ناوێک بـانگت نەدەکـرد، بەڵکو پێش ئەوەی ئەم لـە «مـاڵ!!»ـەکـەت دەرکـەوێت، وشـەیەکت نەدەزانی.. هـەر لـەم و لەو ژنە ڕەشـپـۆشـانەی بەیانییـان بە سـەتڵێکی تایبـەت شـیـریان بۆ دەهێنایت و لە «هـەیوان!!»ـەکە زیاتر نـەدەهاتنە پێش، فێری زمـان بوویت و ئەو «دادە»یەشت لە دەمی ئەوانـەوە بیست.. هێشـتا کـەس نازانێت پێش ئەوەی لە «کوردستـان»ـەوە بگاتە «بەغدا»، بە چ ناوێکی تر بانگ کراوە، بەڵام گومـانی تیا نییـە «دادە سـۆزی»، بە چاوپۆشین لەوەی چ مـانایەک دەگـەیەنێت، نەغمـەیەکی دڵگیـری هـەیە.. ئەو ڕۆژەت بەحـاڵ بیـرە، کە گـەیشـتـە لات.. ئەوسـا تەمـەنی لە هـەشت سـاڵ تێنەدەپەڕی.. جـا چونکە هـەرچەند یادەوەرییت هـەڵکۆڵی، ڕووداوێکی تری پێش ئەوە نادۆزیتـەوە، بۆیـە زۆر جـار وا دەچێتـە ئەقـڵـتـەوە ئەم مـەخلووقێکە لـە یەکێ لە خـەونەکانتـەوە بـۆ دیوی دەرەوەی ژیانی تۆ ڕاگوێزراوەتەوە.. یاخود دوور نییە بەجووتە لە دنیـایەکی ترەوە هـاتبن و لێرە گیـرسابێتنەوە.. ئەم خـۆی تـاقـە کـەسێک بـوو بتـوانێت هـەمـوو ڕاسـتیی تەمـەنت بۆ دەرخـات، بەتایبـەتی چوار سـاڵی سـەرەتات، بـەڵام بەپێـچـەوانـەوە بەو زمـانـە پڕ لـە لوغـزەی زیاتر شـتـەکـانـی لێ دەشێواندیت.. ڕووداوەکانی تـەنها لە شێوەی چیرۆک دەگێڕایەوە و بۆ هەریەکەیان ناونیشـانی گونجاوی دەدۆزیەوە.. «خێزانێکی بەختەوەر» دواین داستان بوو لە دەمی ئەوت بیست:

سـەردەمـێ ئەم ژوورە تاقـە شـوێنێکی ئـەم دەوروبەرە بوو، ئاژاوەی تێـدا نەبێت.. دایکت و باوکت لەناویدا دەژیان.. لەسـەر یەک دۆشـەگ دەنووستن و بە یەک لێفە خـۆیان دادەپۆشی.. بە یەک قـاپ و کـەوچک دەیانخـوارد.. کـرێکار بـوون لە کـارگـەیەکی گـەورەی قـەراغی شـار.. بەیانییـان بـاوکت لە ئیـشـی شـەو دەهاتـەوە و شـەکـەت و مـاندوو لەسـەر دۆشـەگـەکـە لێی دەنووست، کە دایکت سـەعاتێ لەمـەوبەر جێیـهێشـتبوو.. شـەوان هـەڵدەسـتا و پێخـەفـەکەی ڕێکدەخستـەوە، چونکو دەبوایە دوای برێکی تر دایکت بێتـەوە و لەسـەری بخـەوێت.. بەڵام ئەو جارە هەموو شتێک گۆڕا، کاتێ دایکت ماندوێتی خستی و نەیتوانی هەستێتەوە.. بۆ یەکەمین جـار لەوێ یەکتـریان بینی و تێکئـاڵان.. لەمـە بەدواوە دایکت لەشی قـورس بوو.. ڕۆژ بە ڕۆژ تەندرووسـتـیی زیاتر تێکدەچوو، کـەچی دەیویست هـیچ نەبێت بۆ مـاوەیەک تـارمـاییی تۆ لە خاوەنی گارگە بشارێتەوە، نەوەکا دەریکەن.. هەوڵی زۆری دا لە بارت بەرێت و سەری نەگرت.. ئەنجام زانرا و بەدەریان نا.. هەر ئەوسا شـەڕی پێشـوو هـەڵگیرسا و باوکتیـان بۆ سـەربازی ڕاپێچ کـرد.. هێندەی نەبرد تەرمـەکـەی گـەیشـتـەوە بەردەرگـا.. وەرزێک دوای ئەوە تۆ چاوت هەڵێنا و......

هەرگیز چیرۆکەکانی تەواو نەدەکرد و ئاوا بەنیوەچڵی جێیدەهێشت.. کاتێ پرسیارێکت دەکرد، ئەم لە سزای ئەوە چوار ڕۆژ لەگەڵت نەدەدوا، بگرە هەر بەلاوەی دەنایت و لە چاوانتی نەدەڕوانی.. تەنها یەک جار قژی ڕنیەوە و بە تووڕەیی پێی وتی:

ـ من لەم دنیایەدا تەنها لەزەت لە گێڕانەوەی چیرۆکدا دەبینم و شێتی لوغزەکانم، بۆیە لە پێستی خۆم دەچمە دەرێ، ئەگەر پێم بڵێی ئەمە بۆ ئاوا و ئەوە مانای چییە.

ئەوسا تەمەنی بە پێی ئەو سالانەی تۆ لەو «کەلاوە!!» لاتەریک و دوور لە ئاوەدانییەدا دەتژماردن، دەگەیشتە سیانزدە چواردە ساڵ.. بەیانییان زوو دەچووە دەرێ و ئێواران شەکەت و ماندوو دەگەڕایەوە.. نەتدەزانی خەریکی چ ئیشێکە.. خۆیشی پێی نەدەوتی.. باسی هەموو شتێکی دەکرد، ئەوە نەبێ، کە ئەم چۆن پارەی دەستدەکەوێت و خۆراکی ڕۆژانەی پێ دەکڕێ.. هەندێ جار شەوان دەچوو و بەیانییان دەگەڕایەوە.. چەند سەعاتێ دەنووست.. سەرەتا واتدەزانی بووراوەتەوە، یاخود مردووە.. دواتر بەحاڵ دەجوولا و دەنگی هەناسەکانی لە شێوەی گمەگمی کۆتر دەگەیشتنە گوێچکەت.. ئینجا وڕێنەی دەکرد.. سەرەتا لێی تێنەدەگەیشتی.. لەبەرئەوە نا وشەکان پچڕ پچڕ لە دەمیەوە دەردەچوون، بەڵکو لەبەرئەوەی بە زمانێکی تری زۆر نامۆ دەدوا.. دوایی وردە وردە فێری بوویت.. ئەو ڕووداوانەی دەگێڕایەوە، کە ڕۆژانە بەسەری دەهاتن.. باسی خەڵکانێکی سەیری دەکرد.. دەیتوانی دەنگی یەک بە یەکیان لە قوڕگی هەستێنێت و لاسایی قسەکانیان، هاوار و تووڕەبوون و قاقای پێکەنین و پرمەی گریانیان وەکو خۆیان بکاتەوە.. لەشولاری لە گۆڕانێکی بەردەوامی سەیردا بوو.. تا دەهات پتر شێوەی ئەو ژنە ڕەشپۆشانەی بە خۆوە دەگرت، کە جاران بە سەتڵێکی تایبەت شیریان بۆ دەهێنایت و لە «هەیوان!!»ەکە زیاتر نەدەهاتنە پێش.. زیپکەی ورد وردی سەر کوڵمەکانی، ئەستووربوونی پێستی ناوچەوان و چەناگەی، قەڵێشە باریکەکانی لێوی، هەموو ئەمانە گەورەتریان دەردەخست.. جەستەی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشای.. بۆنێکی سەیری لێ دەهات.. زۆر ناخۆش نا، بەڵام نامۆ.. نە لە بۆنی گۆرەویی بۆگەن دەچوو و نە لە کەڕووی نان.. تەنانەت وەکو هەناری ڕزیویش نەبوو.. ئەوەندەت دەزانی هەستێکی نامۆی لە دڵتا دەخوڵقاند.. هەر بۆیە مەمکەکانیت لە یاخەی کراسی دەهێنانە دەرێ و مژی قووڵ قووڵت لێ دەدان.. سەرەتا نەتدەزانی ئەو ترسە چی بوو لەو کاتەدا هەستت پێی دەکرد.. بە زەحمەت هەناسەت بۆ دەدرا.. ئارەقەت لێ دەچۆڕایەوە، بەڵام دواتر ڕاهاتی و هەر ئەمە لەزەتی مژینەکەی زیاتر دەکرد.. بگرە هیوات دەخواست بێدار بێتەوە.. لەمەشیان تێنەدەگەیشتی.. ئاخر بۆ بێدار بێتەوە و ئاوا بتبینێت..؟! بەڵام، نا.. ئەم بە شێوەیەک دەچێتە خەوی قووڵەوە، تەواو ئاگای لە دەوروبەر دەبڕێت.. تۆ بڵێی ئەمە شتێکی ئاسایی بێت..؟! ئاخۆ ئەم حاڵەتە لە هەموو کچێکی تردا هەیە..؟! نایزانی.. ئاخر ئەو یەکەمین مرۆڤە بێجگە لەو ژنە ڕەشپۆشانەی جاران بە سەتڵێکی تایبەت شیریان بۆ دەهێنایت و لە «هەیوان!!»ەکە زیاتر نەدەهاتنە پێش،

دیبێتت.. ڕەنگە ئەوانیش بۆنێکی تایبەتیان لێوە هاتبێت، وەکو ئەو بۆنەی لە گیای وشک، یان لە خوریی مەڕەوە دێت، کاتێ بارانی بەخوڕ دەیخووسێنێت.. تۆ هیچ یەکێ لەم شتانەشت نەبینیوە، بەڵکو تەنها لە دەمی «دادە سۆزی»یەوە بیستووتن.. ئەم ساڵەهای ساڵە ورد و درشتی دەرەوەت بۆ باسدەکات و لەگەڵیا وێنەی یەک بە یەکیان لەسەر کارتۆنەکان دەکێشێت، کە بەردەوام لەگەڵ دەستی خۆیانی دەهێنێتەوە.. دواتر تۆیش بە شێوازی خۆت نیگارت دەکێشانەوە.. گۆڕانیان بەسەردا دەهات.. بێجگە لە ژن و لەو یەک دوو کەلوپەلە سادەیەی لە «ژوور!!»دا دەتبینی، هەموو شتێک دەگۆڕا.. هەندێ جار لێت تووڕە دەبوو.. پێی دەوتی:

ـ نازانم تۆ بۆچی دەتەوێ سەر لە خۆت بشێوێنی..؟! بۆچی سیمای شتەکان دەگۆڕی..؟! من چۆنت پێ دەڵێم، ئاوایە و تێکیان مەدە، ئەگینا ڕۆژێ دێت تۆ بەتەواوی لێم جیا دەبیتەوە و تۆزقاڵێکیش لە دەرەوە تێناگەیت.

دەشێ فێڵی لێ کردبێتی و هیچیانی بەڕاستی پێ نەوتبێتی.. چ نەهامەتییەکە، ئەگەر بۆ یەکەمین جار پێت خستە ئەودیو و دنیایەکی پێچەوانەی ئەوەی لە خەیاڵتە، ببینی.. هەر ئەم ترسەیە تا دێت زیاتر دەتخاتە سەر ئەو باوەڕەی، کە زەحمەتە ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرێ لە دەرەوەی ئەم «کووخ!!»ە دەربێنیت.. دوور نییە هیچ کەسێکی تر بەم زمانەی ئەم نەدوێت.. ڕەنگە ناوی شتەکان بە جۆرێکی تر بن.. وای لەوێ چ تراژیدیایەک چاوەڕێیە..!!

وەکو ئەوسا وتم لەوەتەی لاشەی «پاسەوانە تایبەتییەکان!!»ی خۆمم بەسەر ئەو «شوورا!!»یەوە بینیوە، ناوێرم ئەم پەردەیە لەسەر ڕووی ئەو پەنجەرەیە لادەم و بڕوانمە کۆڵان.. ئەوانیش هەروا لە دەرەوە بەو زمانەی «دادە سۆزی» لە خەودا وڕێنەی پێ دەکرد، وشەکانیان دەڵێن و دەڵێنەوە.. بەڵام من وەڵامیان نادەمەوە، وەکو چۆن وەڵامی ئەویشم نەدەدایەوە، کاتێ دەیویست بەو زمانە بمدوێنێت.. دەمزانی مەبەستیەتی بزانێت ئاخۆ من گوێم لە وڕێنەکانی گرتووە و لێیان تێدەگەم.. زۆر لەوە دەترسا.. ئەو جارە وێنەیەکی ئەوم بە هەندێ دەسکارییەوە لەسەر کارتۆنێک کێشا، لە حاڵێکدا بە کراسێکی شیفۆنی شەفافەوە لەسەر پشت ڕاکشاوە.. پەنجەکانی ئەم دەست و ئەو دەستی لە یەکتر هەڵکێشاون و خستوونیەتە ژێر سەریەوە.. نازانم بۆچی لە شوێنی مەمکەکانی جووتێ کۆترم دانا.. قاچە باریکەکانیشیم زیاد لە پێویست درێژ کردەوە و لە شێوەی دوو قاز کۆتاییم پێ هێنان.. زۆر لەپڕ، وەک بڵێی دەنگێ لە غەیبەوە ڕایچڵەکاندبێ و تێی گەیاندبێت من خەریکی چیم؛ لە قووڵایی خەو ڕاپەڕی و وێنەکەی لێ وەرگرتم.. بە شێوەیەکی سەیر لێی ڕاما و وتی:

ـ کچ کاتێ بەم شێوەیە دەنوێت، وڕێنە دەکات.. من وڕێنەم دەکرد.. وانییە..؟!

نەمویست هیچ وەڵامێکی بدەمەوە.. پەنجەی خستە سەر کۆترەکان و پرسی:

ـ ئەمانە چیین..؟!

بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات، هەر خێرا کراسەکەی لەبەر خۆی داکەنی، کە تەواو

جیاواز بوو لەوەی من نیگاریم کێشابوو.. دەستەکانی لەملا و لەولاوە خستە سەر مەمکەکانی و وتی:

ــ وا دیارە تۆ تا ئێستا منت بە ڕووتی نەبینیوە، بۆیە واتزانیوە ئەمانەم لە کۆتر دەچن.. تۆ وا تەمەنت دوانزدە ساڵە هەردی، نیگارکێشێکی باشیشی، چۆن نازانی ئەمانە چین و دەبێ چۆن وێنەیان بکێشیت.

بەئەنقەست ناوی مەمکەکانی نەدەهێنا، بۆئەوەی بزانێت من لە دەمم دەرناچێت، چونکە من ئەو وشەیە و دەیانی تریشم تەنها بەو زمانە دەزانی، کە وڕێنەی پێ دەکرد.. لە ڕاستیدا هەرگیز نەیدەویست بە لای باسی ئەو ئەندامانەی جەستەی خۆی و مندا بچێت.. هەر بۆیە نەمدەزانی ناویان چییە.. لە تاقە «ژوور!!»ێکی وێراندا دەژیاین، کەچی دەیتوانی بەدزییەوە جلەکانی بگۆڕێت و لە ئەژنۆ بەرەو سەرەوەیم لێ بشارێتەوە.. کاتێ دەیشتم، دەرپێکورتەکەمی دانەدەکەنی.. دواییش چاوەکانی دەنوقاند و دەبوایە خۆم بیگۆڕم.. یان لە خەودا بۆی دەگۆڕیم.. نەشمدەزانی ئەو کەی خۆی دەگۆڕی.. ئەوەندەم لا ڕوونە هەرگیز بەو جلانەوە نەدەهاتەوە، کە پێیانەوە دەچووە دەرێ.. دیوارێکی گەورەی شەرمی لەنێوانمان هەڵچنی بوو.. ئەوێک ئەوەندە پارێزی لەمانە دەکرد، کەچی ئەوەتا ئامادەیە بۆ یەکەمین جار گیانیم بە ڕووتی پیشان بدات، تا بزانێت من گوێم لە وڕێنەکانی گرتووە و فێری ئەو زمانە بووم.. ئارەقم لێ دەچۆڕێتەوە.. نازانم چاوەکانم بنووقێنم، یان لێی بڕوانم.. موچوڕکم پیادا دێت.. دەمارەکانم بەردەوام گرژ دەبن.. دڵم بە شێوەیەکی جیاواز لێ دەدا.. دەترسم خۆم بۆ دابین نەکرێت و پەلاماری بدەم.. ئێستا کوڕێکی هەرزەکارم.. بۆنێکی نزیک لەو بۆنە لە دەرپێکورتەکەمەوە دێت، کە بەردەوام لە جەستەی ئەویشەوە دێت.. جاران نەمدەزانی سەرچاوەکەی کوێیە.. ئێستا بە لایەنی کەم دەزانم هی پیاوە.. بەڵام پیاو چییە..؟! چۆنە..؟! لە کوێیان دەبینێت..؟! چۆن تێکەڵیـــان دەبێت..؟! ســـالانە لەگـــەڵ چەندیان دەنوێت..؟! وا دەزانم ئەو بۆنە لەو خواردنەیشەوە دێت، کە ڕۆژانە بۆمی دەهێنێتەوە.. لە شێرەی ئەو بەرمیلەیشەوە دەتکێتە خوارێ، کە لەو سووچەی داناوە و نازانم لە کوێوە ئاوی بۆ دێت.. قێزم دەبێتەوە.. دڵم تێکهەڵدێت.. دەرشێمەوە.. تەریق دەبمەوە.. خۆم بە جرجێکی نابووت دەزانم.. چەند ترسناکە جیهانی دەرەوە..!! مەحاڵە ئێرە جێبهێڵم و بۆ ساتێ بچمە ناویەوە.. بەرگەی هەڵهێنانی ئەو هەموو لوغزە ناگرم.. لێرە چاوەڕێی مەرگم دەکەم...... با بۆ خۆیان هەر لەودیو بە مایکرۆفۆن هاوار بکەن.. ڕوون نییە چییان لێم دەوێ.. ئاشکرا نییە بۆ ئەم «کەلاوە!!»یەیان لێ بۆتە «کۆشک!!».. ئەو پیاوانە لە کوێ هاتن و گیانی خۆیان کردە فیدام..؟! «دادە سۆزی» دەیوت: «بۆ تۆ لەوە ئاسانتر نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببیتە خاوەنی کۆشکێک.. ڕێی تێدەچێت بەبێ ئەوەی ئاگات لێ بێت، هەزارەها کەس بتپارێزن و خوێنی خۆیانت لە پێناودا بڕێژن، مادام نەیاندیوی و لە لوغزێکی گەورە دەچیت.. بەڵام زۆر گرنگە لە کۆتاییت مردنێکی ئاسـایی

هەڵنەبژێریت».. وامـدەزانی گـاڵتـەم پـێ دەکـات، کـەچی ئەوەتا ڕاسـت دەرچوو.. دوور نیـیـە دەسـتی ئەمی تیـا بێت.. ڕەنگە هەمـوو ئەوانەی لەم یەک دوو ڕۆژە بەسـەرم هـاتوون، بە پلانی ئەم بەڕێوە چووبن.. زۆر لـەپڕ دیار نەمـا.. هـەرگیـز باوەڕم نەدەکرد جێمـبـهێڵێت.. بە تەنیـای هێشـتـمـەوە.. دەرفـەتیـان هێنا.. بەدەریان نام.. بـەڵێ، تارمـاییـەکـان بەدەریان نام.. جـۆگـەلەی خـوێن قـاوی دام.. پەشـیـمـانم لەوەی ئێرەم هەڵبـژارد.. بـەڵام ئارەزووی خـۆمی تیـا نییـە.. منی پەروەردەی ناو کـەلاوە زەحـمـەتە لە شـوێنێکی تـر هـەڵبکەم.. چل سـاڵم لەوێ بەسـەر بردووە.. جـەسـتـەم لە دیوارەکـانی دەچێت و ڕۆحم لـە کـەڕوو و شـێ و پۆخـڵـەواتەکـانی.. لێرەیش دەرباز بم، بەبێ ویست لە کـەلاوەیەکی دی دەگەڕێم.. ئەمەشـم هـەر ئاوا دۆزیەوە.. سیمـای شـتـەکان لە دەرەوە چەند جیـاوازن لەوانەی بەدرێژاییی ژیانم لە دەمی «دادە سـۆزی»م بیـسـتـوون و لەسـەر کارتۆنەکان نیگارم کێشاون.. دنیایەکی چۆڵم دەبینی.. مـرۆڤێکی زیندووم بەرچاو نەدەکەوت.. تەنهـا دەنگەکـانم دەبیـسـت.. بەو زمـانەی «دادە سـۆزی» ورێنەی پـێ دەکـرد، لەنـاو سـەرمـدا دەزرینگانەوە.. تێکدەقـژقژان.. یەکیـاندەگرت.. هەڵدەوەشانەوە.. لە سـاتێکدا هـەزارەها شـتیان بیـر دەخـسـتـمـەوە.. بەلاوەم دەنـان.. چاوم بە هـەر چـوار لای خـۆمـدا دەگـێـڕا و دەمـویسـت گـیـانلەبەرێ ببـینـم.. وتم ئەوە من بۆچی بێـجگە لە کـەلاوەکـان شـتـێکی دیکە نادۆزمـەوە..؟! ئێسـتـایش نازانم چـەند کەلاوەی تر چاوەڕێمن.. بەڵام نا، گـەمـارۆیان داوم.. ڕێگاکانیـان لێ تەنیـوم.. لـەوێ وەکـو جـرجـێکی نـابووت بمردبام باشـتـر بوو لەوەی لێـرە مـەحکوم بم بەوەی مـەرگـێکی شـاهـانە هەڵبـژێرم.. منیش نییـم هەڵیـدەبژێرم.. ئەوە ئەو چـەکدارانـە چییـان لێ هـات..؟! بۆچی دەرناکەون..؟! هەندێ جار پڕ بەدڵ پێم خـۆشە بیـانبینم.. هیچ نەبێت بـۆ سـاتێ دڵنیـا دەبم، کە بێجگـە لە لاشـەی «پاسـەوانـە تایبەتییـەکان!!»م، کـەسـانێکی زیندوویش لـەم دنیا چۆڵوهۆڵەدا هـەن.. ماوەیەکە دەنگی فیشەکەکانیشیانم گوێ لێ نییـە.. بە مایکرۆفۆنیش هـاوار ناکەن.. دەترسم جێیانهێشتبێتم.. خۆزگە خۆم بەدەستەوە دەدا.. وا شپرزە بووم، نازانم چییم دەوێت.

«سـەر لە هیـچ شتـێ دەرناکەم..!!».

جاران زوو زوو ئەو ڕسـتـەیەت دەوتەوە و نەتدەزانی بۆچی مـوچڕکەت پێدا دێت.. هـەر ئەوسـا ژنێک لەو ژنە ڕەشـپـۆشـانەت دەخسـتـە بەرچاوی خەیاڵت، کـە بە سـەتڵێکی تایبـەت شیـریان بۆ دەهێنایت و لە «هـەیوان!!»ـەکە زیاتر نەدەهاتنە پێش.. ڕووتوقـووت پاڵدەکەوت و تا دەیتـوانی قاچەکانی دەکردەوە.. ژان دەیگرت.. ژانێکی توند.. خـراپ.. بەسوێ.. دەیقیـژاند.. ئاخی قووڵ قـووڵی هـەڵدەکـێـشـا.. لێـوی دەکـرۆشت.. قـژی دەرنیـەوە.. ئـارەقی لێ دەچۆڕایەوە.. ئـاوێکی سەیر، هیچ لە فرمێسک نەدەچوو، بەخوڕ لە چاوانی دەهاتە خـوارێ.. لەملا و لەولاوە چنگی لە خۆڵەکە دەقرسـاند و دەیخستە ناو دەمیەوە.. جـەستەی لە تاوی ئازار هەڵدەپەڕی.. دوای تاوێ تۆی کۆرپەلە سـەرت دەهێنایە دەرێ.. خوێنێکی خەستی لێ دەچۆڕایەوە.. هەستت بە تەڕبوون

دەکرد.. وردە وردە گیانت دەخزی.. جۆگەلەی خوێن بەرەو دەرەوە پاڵی پێوە دەنایت.. گیر دەبوویت.. تەکانت دەدا.. گیر دەبوویت.. تەکانت دەدا.. گیر دەبوویت.. تەکانت دەدا.. تەکانت دەدا.. تەکانت دەدا.. تۆ لەزەتت دەبینی و ئەو ئازاری دەچێشت.. ئەنجام دەکەوتیتە خوارەوە.. لەودیو کپ و بێجووڵە لەنگەرت دەگرت.. لە سەرچاوەی جۆگەلەکەت دەڕوانی و وردە وردە گیانت خاو دەبووەوە.. <—......ئاگات لە دوروبەر دەبڕا......—> هەندێک جار «دادە سۆزی» هەستی پێ دەکردی.. بەتایبەتی کاتێ لەسەر پشت ڕادەکشای.. لەقەیەکی سووکی پیادا دەکێشایت:

ــ ئاوا پاڵمەکەوە.. ملت ڕەق دەبێت.. قوڕگت دێتەوە یەک.

ڕادەچڵەکیت.. بە ئەسپایی دەستەکانت کەمێ لەوێ دەگوێزایەوە و لەملا و لەولاوە دەتخستنە سەر کەمەرت.. هەستت بە تەڕبوونی لاڕانەکانت دەکرد.. ئەم ئاوای پێ دەوتی، بەڵام مەبەستێکی تری هەبوو.. ڕاستییەکەی دەشاردەوە.. دەیتوانی ناخت بخوێنێتەوە.. پشتت تێدەکرد.. خەیاڵ بەرینەدەدایت.. هەر بەو نەشئەیەوە لە دایکتت دەڕوانی.. وا دیارە ئێشەکەی وەکو ئەوسا نییە، بەڵام تا ئێستایش خوێن فیچقە دەکات.. قەیناکا، با بیکات.. تۆ بوویتە هۆی ئەوەی ئەم ئاوا ئازار بچێژیت.. تۆ بوویت.. تۆ بوویت.. تۆ بوویت.. تۆ بوویت.. نا، کەسێکی تر بوو.. کێ بوو..؟! نایزانی.. هەرچەند بە دوایدا بگەڕێیت، نایدۆزیتەوە.. ناتوانی وێنەی باوکێک لەناو خەیاڵەکانتدا بەرجەستە بکەیت.. ئاسان نییە.. ئاخر هیچ پیاوێکت لە واقیعدا نەدیوە.. هەر جارێکیش هەوڵت دابێت بیهێنیتە بەرچاوت، خێرا وەکو هەڵمی تەنک تواوەتەوە و ئاسەواری نەماوە.

بەڕاست چییان لێ هات..؟! بۆ تەقە لە تفەنگیانەوە نایەت..؟! بۆ بە مایکرۆفۆن هاوار ناکەن..؟! ئێستا لە دڵەوە پێم خۆشە بیانبینم.. «پاسەوانە تایبەتییەکان!!»م، کە بەسەر «شووورای کۆشکەکەم!!»دا کەوتوون، ڕوویان لەودیوە و لەبەر ئەو جلە تایبەتییانەیان سیمای مرۆڤیان پێوە دیار نییە، ئەگینا پەردەکەم لادەدا و لەوانم دەڕوانی.. ئەوا ئێستا زانیم من ڕووتم.. ئەوەتا سەرتاپای گیانم بەدەرەوەیە.. ئەگەرچی دەرەوە بۆ من فەزایەکی دیار و ئاشکرا نییە، تا بزانم جەستەم دەکەوێتە کوێوە، بەڵام وا ترسەکەم زیادی کرد.. دڵم هێندەی تر کەوتە خورپە.. خوێنم بەستی.. ئەوا جارێکی دی ڕام گۆڕی.. نامەوێ کەس بمبینێت.. لەوەتەی هەم لەوە دەترسم ببینرێم، لەوەیش ترسناکتر بەڕووتی ببینرێم.. هەر بۆیە دەمتوانی لە «کەلاوە!!»دا بژیم.. هەمیشە بەوە دڵنەواییی خۆمم دەدایەوە، کە جەستەم لەوێ شیدەبێتەوە و کەس عەیبەکانی بەسەرەوە نابینێت.. بەڵام عەیبی چی..؟! نازانم.. ئەرێ چ ئەقڵێکە لە غەیبەوە دزەی کردووە و لە دڵمی چەسپاندووە من لە هیچ پیاوێک ناچم..؟! بە خۆمم دەوت: تۆ ئەگەر لە «دادە سۆزی» و لەو ژنە ڕەشپۆشانەی بەیانییان بە سەتڵێکی تایبەت شیریان بۆ دەهێنایت و لە «هەیوان!!»ەکە زیاتر نەدەهاتنە پێش، جیاوازیت، کێ دەڵێ شێوەت وەکو هی پیاو وایە..؟!

ئەوان هەموویان لە یەکتر دەچوون.. سەتڵەکانیان دەبریسکانەوە.. گورزێک ڕووناکیی باریکیان ئاڕاستەی گلێنەکانت دەکرد.. لە تەنافی جلهەڵخستن دەچوون.. پێڵوەکانتیان دادەخست.. بەحاڵ هەڵتدەهێنانەوە و دەموچاویانت لە شێوەی تارمایی دەبینی.. تارماییەکی کاڵ.. تەنک تەنک.. بالآی بەرزیان دەتوت لە لمی بیابان هەڵچنراوە و بەو پەڕۆ ڕەشانەی ناویان ناون جلوبەرگ، ڕێکوپێک داپۆشراون.. شل و خاو.. ورده ورده دەتوانەوە.. کەچی تەنافە تیشکەکان هەر دەمان.. ئەمسەر و ئەوسەریان بە دیوارەکانەوە نووسابوون و لە فەزای ئاسمانی «ژوور!!»دا پرشنگیان دەدا.. «دادە سۆزی»یت بە ڕووتی دەبینی، جلی لەسەر هەڵدەخستن.. کراس و ئاوەڵکراس و تەنوورە و مایۆ و ستیان و گۆرەوییەکانی.. تک تک دڵۆپەئاوی ئاڵتوونییان لێ دەچۆڕایەوە.. دوای تاوێک زەویی «ژوور!!»ـەکەیان دادەپۆشی.. دەتویست بڵقە زەردە ڕووناکەکان بگریت.. نەدەکرا.. ئاوەکە پەیتا پەیتا زیادی دەکرد.. نەرم نەرم بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا.. پێخەفەکەتی وەکو بەلەم دەهەژاندەوە.. ورده ورده پێڵوەکانتی دادەخست.. کاتێ هەڵتدەهێنانەوە، دەتبینی وا دیمەنی «ژوور!!» تەواو گۆڕاوە.. ئاوەکە وشکی کردووە.. تەنافەکان نەماون.. جلەکان وا بەبەر «دادە سۆزی»یەوەن.. ئەوەتا لە تەنیشتت دانیشتووە و کووپی شیرەکەی بۆ داناوی.. هەڵمی لێ هەڵدەستێت، کەچی تۆ هەمیشە پێت خۆشە بە ساردی بیخۆیتەوە.. ئەگەر پێی بڵێی بە گەرمی و لە کووپ هیچ تامێکی نییە، ئەم هەر لە خۆیەوە تووڕە دەبێت.. خۆ کاتێ ناوی ژنەکانت لە دەم دەربچێت، بە ڕادەیەک هەڵدەچێت، ئاگای لە دنیا نامێنێت.. کووپی شیرەکە هەڵدەبڕێت.. بەسەر سەرتیدا دەڕێژێت.. ئینجا قێزت دەبێتەوە.. ئێستا پەنجەکانی لە چەند کوللەیەکی گەورە دەچن.. ئەگەر بە بۆکس لێیان بدەیت، دەفلیقێنەوە.. یائع چەند پیسە..!! تەواو.. چیتر شتی دەستی ئەم ناخۆیت.. ڕووی لێ وەردەگێڕیت و ناتەوێ بیبینیت.. بەڵام بەرت دەکەوێت و دەرشێیتەوە.. جلەکانت پیس دەبن.. بۆنێکی ناخۆشیان لێوە دێت.. لەبەرتیان دادەکەنێت.. بە ئاوی بەرمیلە قەبەکەی لەو سووچەی داناوە، دەیانشوات و لەسەر تەنافەکە هەڵیاندەخات.. دەبێت بە توێی دەرپێیەکی کورتەوە چاوەڕێ بکەیت، تا وشک دەبنەوە.. نازانی سەرماتە، یان دەترسی، بەڵام ئەوەی لات ڕۆشەنە، هەر ئەوەیە دانەچۆقەت پێکەوتووە.. میز بە لاڕانتدا دێتە خوارێ.. دەنگی دڵۆپەئاوەکانی بەرمیلە ڕەنگبواردووەکە کاتێ لەسەر نەغمەیەکی هارمۆنی دەتکێنە ناو تەشتەکەوە، سەدایەکی سەیریان لێ دەخوڵقێت.. ئەو شەوانەی بەتەنیایت، دەنگی ژنێ، نازانی گەنجە، یان پیر، کز کز لەو شێرەیە دەردەچێت:

ــ هیچ پیاوێ نەیەتە ژوورەوە، من ڕووتم لێرە.. هیچ پیاوێ نەیەتە ژوورەوە، من ڕووتم لێرە.

ئێستا من کە گەمارۆ دراوم و هەلی دەربازبوونم نەماوە، رووت بم، یان بەرگی شاهانەم پۆشیبێت، جیاوازیی چییە..؟! دەبەنگیی من لەوە دایە جلەکانم بەلاوە گرنگترە لە گیانم.. بەڵام نەهامەتییەکە لەو کاتەوە دەستی پێکرد، کە ئەوێم جێهێشت و هاتمە دەرەوە.. ‹——

....ناوەوە لەبەر خوێن دیار نەبوو....——> ساوایەکی بەئاگای وەکو من دەیتوانی هەموو شتێک ببینێت و لێیان تێبگات.. دەیزانی تا گەیشتە ئەودیو، چەند جار تەکانی دا و چەند جار گیر بوو.. چەند دڵۆپ خوێنی لەو جەستە ژانگرتووە ڕژاند و چەند ئاخ و ئۆفی لەو دەمە ماندووە دەرپەڕاند.. ئەو تابلۆیەی کە دواتر بە ترشی سماق لەسەر کارتۆنێکی سپیی لووسدا کێشاویەتی و ناوی ناوە «لەدایکبوون بە شێوەیەکی تر و لە شوێنێکی تردا»، دەیتوانی زیاتر ئەو هەستە شێتانەیەی لە دڵدا هەڵگیرسێنێت.. چرایەکی گەورەیە و پڵیتەکەی منداڵێکی ساوای ڕووتە.. ئەو تەلەی بۆ هەڵکشان و داکشانی پڵیتەکە بەکار دێت، شێرەکوللەیە.. سەرقاپی نەوتەکەی زەردەواڵەیە.. «دادە سۆزی» شەوێکیان لە خەو ڕاپەڕی و بە ترسەوە ڕوانییە «هەردی»، لە کاتێکدا پرخەی دەهات.. بەپڕتاو خۆی گەیاندە تابلۆکە.. هەڵیگرت و بە دەنگێکی جیاواز لەوەی هەمیشە پێی دەدوا، وتی:

– من ئەم تابلۆیە دەفرۆشم.. بەڵێ، بەبێ دوودڵی دەیفرۆشم.. خۆیشم دەزانم لە کوێ و بە کێی دەفرۆشم.

ئەمە یەکەمین شتی «هەردی» بوو بیباتە دەرێ.. ڕوونیش نییە بە چەند و بە کێی فرۆشتووە.. نەیدەهێشت هەر تەنێک، گەورە یان بچووک، دەستی ئەمی بەرکەوتبێت، بگاتە دەرەوە.. هەموویانی لەو سووچە دەسووتاند.. ئەگەر بۆی بکرایە، کونی دووکەڵکێشەکەیشی دەگرت، کە تاقە کلاوڕۆژنەی ئەو ژوورە بوو هەوای ناوەوە بگۆڕێت، نەبادا غەیبزانەکان بە هۆی دووکەڵەوە پێی بزانن.. چرایەکی سیحریی ئێجگار سەیری بۆ ڕۆشەنکردنەوە بەکار دەهێنا، بەڕادەیەک وا دەچووە ئەقڵەوە لە مرۆڤە کۆنەکان، بۆ نموونە لە بابلییەکان یان لە ئاشوورییەکانەوە جێمابێت و ڕۆژگارێ ئەوان بە مەبەستی زۆر تایبەت لە پەرستگاکانیاندا ئیشیان پێی کردبێت.. لە کاتێکدا کەلوپەلەکان لە ناوەوە ڕەونەقیان دەدا، کەچی تۆ لەودیوی ئەو پەنجەرەیەی نەدەزانرا چۆن داخراوە و هەرگیز نەدەکرایەوە، زەحمەت بوو بیانبینیت.. لە ناوەوەیش دیمەنی بەشێکی شتەکانی دەرەوە وەکو تارمایی دەبینران و بەشێکیشیان هەر نەدەبینران.. خانووەکە، ئەوە ئەگەر بشێ ناوی خانووی لێ بنرێت، دیارە نەک لەبەر مەسەلەی زمان، بەڵکو لەبەر فۆرم و ناوەرۆک و ماهیەتی؛ دەیرِوانییە ئەم گۆڕستانەی ئێمەی لێ نێژراوە.. کە دەڵێم «دەیڕوانییە»، ئەوا مەبەستمە «کێشەی بینین» نەهێنمە کایەوە.. ئاخر من لە چاوی خۆمەوە دەڕوانم، ئەگینا نەدەزانرا ڕووی لە کوێیە و پشتی لە کام لا.. ئینجا تا ناوقەدی لە ژێر زەویدا بوو و بەشی سەرەوەیشی دەگەیشتە ئاستی چێورمەی مردووە خواپێداوەکان.. بەڵێ، تەواو تێکەڵ بە گۆڕەکان بووبوو، بەڕادەیەک وا دەهاتە خەیاڵ مەزاری پیاوچاکێک بێت.. ئەمە دەیتوانی زیاتر لە چاوەکانی بشارێتەوە و نەبێتە مایەی سەرنج و لێکدانەوەی تایبەت.. بەڵام ئەو ڕووداوانەی زیاتر پەیوەندییان بە سرووشتەوە هەبوو و چەشنی موعجیزە لەوێ ڕوویان دەدا، هەندێ جار پەشێوی و نائارامییان بۆ «دادە سۆزی» دەهێنا..

هەر بۆ نموونە نیـوەڕۆی تەمـووزێکی داخ بەفـرێکی ئەسـتـوور دایپـۆشی، ئەوە لـە کـاتێکدا سەرتاپای شار لەژێر تیشکی ئێجگار بەتینی ناوەڕاستی ئاسماندا دەسووتا.. شەوێکی بەهار ئەستێرەیەکی ڕژاو کەوتە سەری و تا بەیانی ڕووناکیی بەو دەوروبەرە بەخشی.. ئێوارەیەکی زستانی وشکی ئەو ساڵە لەپڕ گیایەکی سەوزی درێژ، لە سونبولی گەنم و جۆ نەدەچوو، بەچڕی لەسەر تانوپۆی ڕوا.. بەیانییەکی پایز هەزاران باڵندەی ڕەنگئاویی زۆر عەنتیکەی لەسەر هەڵنیشتن و بەدەنگێکی سەیری ترسناک دەیانخوێند.. هەواڵی هاتنی لافاوی گەورە و قیامەتیان دەگەیاند و ترسیان دەخستە دڵانەوە.. کاتێ خەڵک ئاپۆرەیان لێ دەدا، «دادە سۆزی» پەنای بۆ چیرۆکی سەیر سەیر دەبرد و لێزانانە دەیگێڕانەوە، تا حەپەسان و سەرسامییەکانیان بڕەوێنێتەوە و بیخاتە ئەقڵیانەوە، گوایە هەرچی ئەوان دیویانە، تەنها وەهمە و هیچی تر.. هاوکات دەیتوانی وا خۆی دەرخات، کە ئەم هیچ پەیوەندییەکی بەو شوێنەوە نییە.. هەرگیز نەیدەهێشت کەس بزانێت بەشێکی ژیانی لەوێدا بەسەر دەبات.. دەبوایە بۆ هەر چوونەژوورەوە و هاتنەدەرەوەیەک فێڵێک دابهێنێت.. خۆ ئەگەر بەحاڵ گومانی بکردایە لەوەی تەنها چاوێک دەیبینێت، با ئەو چاوە بێگوناه، یان هی ڕێبوارێکی بەپەلەی شوێنێکی دوور لەم ئاوەدانییەش با؛ هێشتا سڵی دەکردەوە، بۆیە زۆر جار بە حەفتە قاچی نەدەبردە ئەودیو.. چەندین شەوی سەختی زستان و وەرزەکانی تریشی لە پەنا چێورمەی ئەو گۆڕانەدا کردۆتەوە و نەچۆتەوە ماڵ.. لەوێ تەنها بیری لە داهێنانی تەکنیکی ئاڵۆزی دیکەی پاراستنی نهێنی و لوغزەکان دەکردەوە.. باوەڕی وابوو ژیانی لەو ساتەوە کۆتاییی پێ دێت، کاتێ یەکێک، گرنگ نییە کێ بێت؛ دەرگای ماڵەکەی دەدۆزێتەوە.. دەیوت: «من نازانم کەی گیانم دەردەچێت، بەڵام دڵنیام وەختێکە، کە دەستێک، هەتا ئەگەر بە مەبەستی چاکەیش بێت، جا سووک یان قایم لەم دەرگایە دەدات».. ئەم هەموو ترسە و لە ئەزەلیشەوە هەستی بیستنی نەبوو، وەکو چۆن لە ئەنجامی نەخۆشییەکی کوشندەی منداڵیی هەستەکانی تام و بۆنیشی پووکابۆوە، بەڵکو تەنها بە هێزی چاو شتەکانی دەرەوەی بەدی دەکرد.. لە جووڵەی لچ و لێو و زمان دەیتوانی لە مرۆڤ تێبگات.. سەیر ئەوەیە وەک بڵێی سەرتاپای خانووەکە لە خشت و بەردی سەرابی هەڵچنرابێت، دەیتوانی سووک و ئاسان ئاڕاستە و مەبەستەکانی سەرنج و بینین بگۆڕێت و بە شێوەیەکی جیاواز خۆی دەرخات، بۆیە نەتدەتوانی، نەخێر، بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەتدەتوانی چاوت بخەیتە سەر دەرگا و ڕێک و ڕەوان بڵێی: ئێرەیە..!! ئەمە درێژیی و ئەمە پانیی.. ئەمە کێلۆن و ئەمە نازانم چیی و چیی.. جا ئەگەر ئەو شەوە کۆمەڵێ چەکدار بە قۆنداغی تفەنگەکانیان کەوتنە وێزەی و تا لێی کردنەوە، خەریک بوو لە گرێژنەیان دەردەهێنا، ئەوە تەنها بە ڕێککەوت گەیشتبوونە ئەوێ.. کاتێ لە سیمایان ڕاما، زانی ترس و پەشێوی هەموو هەستەکانی گۆڕیون و بەرەو ئێرە پاڵی پێوە ناون، بۆیە ناوی لەمە نەنا دۆزینەوە، بگرە بە خۆی وت: «ئەمە ونبوونێکە لەناو ونبووندا».. ڕێگای نەدان لە هەیوانەکە زیاتر بێنە پێش..

بەو زمانەی کە لە کاتی ئاگاییدا «هەردی»ی پێی دەدواند، بەڵام بە چپە، لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆ.. ئاخر ئەوی دووڕەگ لە هەردوو زمان پەکی نەدەکەوت.. زەحمەت بوو بزانی ئەمانە باس لە چی دەکەن و ئەو ڕستە پچڕپچڕانە و بەم هانکەهانکە چۆن دەگەنە ئاستی تێگەیشتن.. دوایی هەر لەوێ چەکەکانیان خستە ژێر سەریانەوە و نەزانرا بۆ ماوەی چەند ڕۆژ خەوتن.. نیوەڕۆیەک دەستی یەک یەکیانی گرت و بەئەسپایی لە دەرگای ئاودیو کردن.. ئینجا لەناوەوە پشتی پێ دا و بەدەم ڕوانین لە پەنجەرەکەوە وتی: «ناچێتە ئەقڵمەوە جارێکی دی بێنەوە».. لە ژوورەوە ڕستەکەی بەشێوەیەکی تر گۆڕی: «دێنەوە، بەڵام نایدۆزنەوە».. لەگەڵیا ترس دایگرت و سیمای گۆڕا، بەڕادەیەک «هەردی» هەستی پێ کرد.. ناوچەوانی خستە سەر بەرمیلەکە: «ئەوەی ڕوودەدات، لە دەستەڵاتی مندا نییە».. لەمەوە «هەردی» هێندەی دی باوەڕی هێنا، کە ئەو تووشی گرفتێکی گەورە بووە، چونکە هەر کاتێ ئاوا ناوچەوانی دەخستە سەر ئەو بەرمیلە، دەیزانی لە دەرەوە کارەساتێک یەخەی گرتووە.. ئەمانەم لە سیمایدا دەخوێندەوە، ئەگینا من لە زمانی ئەو تێنەدەگەیشتم.. بەڵام «دادە» خۆیشی نەیدەزانی چ نەهامەتییەک بەڕێوەیە.. ئەمەیش لەوەدا دەرکەوت، کاتێ بۆ بەیانییەکەی لە پەنا کێلی گۆڕێکدا وتی: «هەرچەند دەیهێنم و دەیبەم، ئەنجامێکی وام دەستگیر نابێت، تا بڵێم ئاوایە و دەبێ ئاوایش ڕووبەڕووی ببمەوە».. هەر بەو خەیاڵانەوە بەرەو ناوەڕاستی گۆڕستانە فراوانەکەمان هەنگاوی هەڵهێنا و دوای ماوەیەک لە بەشی سەروودا خۆی گرتەوە.. چەند پیاوێک بێدەنگ بێدەنگ گۆڕێکیان هەڵدەکەنی و لێرە و لەوێیش کۆمەڵێکی نوێی تری بینی.. نووسینی سەر کێلەکانی خوێندەوە و بۆی دەرکەوت شەڕێکی دی هەڵگیرساوە.. هاوکات تێگەیشت ڕۆژگارێکە تەواو لە هەواڵەکان بێئاگایە.. هەموو مردووەکانی دەناسی.. دەیزانی فلان لە کوێ نێژراوە و فیسار چەند سانتیم دووجای لەسەر زەوی بەرکەوتووە.. ماوەی نێوان ئەم گۆڕ و ئەو گۆڕ چەندە.. مێژووی ژیانی یەک بە یەکمانی دەزانی.. دەیتوانی بە شەوی تاریک لەمسەر بچێتە ئەوسەر، بەبێ ئەوەی قاچ بنێ بە هیچماندا.. دەیزانی لە کوێ ئاڕاستەی هەنگاوەکانی بگۆڕێت.. لە کوێ هەڵیانبڕێت.. لە کوێ دایانبنێت.. لە ئێوارەیەکی گورگەزێی بەهاردا، لە کاتێکدا باران نم نم بەسەر کێلەکاندا دەباری و هەتاو دەیبریسکاندنەوە، گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە ئەم گۆڕستانە تەنها لە خەیاڵی ئەودا هەیە، هەر وەکو چۆن لە خەیاڵی هەموو زیندووێکی تردا گۆڕستانێک ڕووبەرێکی دابڕیوە.. پێشتریش دەیوت: «لە ڕاستیدا کەسێک نییە مردوو یان زیندوو.. ئەوە چاومە کاتێ بۆ یەکەمین جار دەکەوێتە سەریان، لە ڕێی بینینەوە حوکمێکی ئاوایان لەسەر دەدات.. دەشێ ئەوانەی من بە مردوویان دەزانم، زۆر ئاسایی لە شوێنێکی تردا ژیانی خۆیان بەرنە سەر.. ئەوانەیش، کە وەکو زیندوو دەیانبینم،.......».. دەتوانم بڵێم ئەم نەیدەڕوانی، بەڵکو بە هۆی نیگایەوە مەرگی بە شتێک دەبەخشی و ژیان بە شتێکی دی.. هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە ئەمەی لە خۆیدا بەدی کردووە..

«هەردی» تاقە بنیادەمە نەچێتە ناو چوارچێوەی ئەم دابەشکردنەوە و لە بەرزەخدا مۆڵەق مابێتەوە.. بۆیە بایەخی تایبەتیی پێ دەدا، بەڵام نەمدەزانی خۆشیدەوێ، یان ڕقی لێیەتی.. ئەوەندەم لا ڕوون بوو، دەیویست زۆربەی ژیانی لەگەڵ ئەودا بەسەر ببات.. ئاخر وەکو وتم من ئەو زمانەم نەدەزانی، کە «دادە سۆزی» لە کاتی ئاگاییدا «هەردی»ی پێ دەدواند، بەڵکو تەنها لە وڕێنە و خەیاڵەکانی تێدەگەیشتم.. «نەوال»ی دەستەخوشکم، ماوەیەک لە «شیمال!!» ژیاوە و دەتوانێت وەکو ئەوان بدوێت.. گۆڕەکەی لە تەنیشتمە و ڕۆحی ئەویش وەکو هی من دەیتوانی بچێتە ماڵی ئەوان، بگرە بە چاکی لە خەیاڵەکانی «هەردی»یش تێدەگەیشت، کەچی تا درەنگ نەیدەزانی پەیوەندیی ئەوان بە چ جۆرێکە.. تەنها پەی بەوە دەبرد، کە ئەم تا بۆی بلوێت ئەو لە جیهانی دەرەوە دادەبڕێت.. ماوەیەک پێش ئەو کارەساتەی لەوێ ڕویدا و تەواو شێوەی تێگەیشتنی ئێمەی لە خۆمان و لە دەوروبەر گۆڕی؛ پێی وتم: «دادە» چیرۆکێکی تری بە ناونیشانی «دایکت لەودیوی سنوورەوە» بۆ «هەردی» گێڕاوەتەوە:

بە فێڵێک ماڵی جێهێشت و خۆی لە چەقۆ تیژەکەی باوکی دزییەوە، کە دوای تاوێکی تر لەناو لینگیەوە دەیکرد بە دوو لەت.. لەسەر شەقامەکە وەستا.. دەستی لە ئۆتۆمۆبیلەکان ڕادەگرت.. قۆناغ قۆناغ گەیشتە «بەغدا» و لە سۆزانیخانەکاندا بووە سۆزانی.. تا ئەو کاتەی باوکت.....

ئینجا زانیم بۆچی «هەردی» ئەو ماوەیە زیاد لە پێویست تێدەفکرێت و پیش دەخواتەوە.. سەرەتا وای بۆ چووم، «دادە» نەیتوانیوە لەوە زیاتر ڕاستیی لێ بشارێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەکدارەکان هاتن و لە بەرچاوی ئێمەدا هەڕەشەیان لێ کرد، کەچی دوایی «نەوال» پێی وتم «هەردی» تا ئێستایش لەمانە بێئاگایە.. نەمانزانی چۆن ئەو دەرگایەیان دۆزیەوە، بەڵام ئەوەی لێی تێگەیشتین ئەوەیە، کە بە پێی یاسایەکی نوێ دەبێت ئەو ماڵانەی بەرهەمیان نییە، چۆڵبکرێن و بدرێن بە خێزانی جەنگاوەران.. باوەڕمان وابوو «دادە سۆزی» بە پیشەی هەمیشەی پەنا بۆ چیرۆک بەرێت و وا بیخاتە ئەقڵیانەوە، کە ئێرە شوێنێکە لە وەهم و ببڕای ببڕای ڕووی تێنەکەنەوە، کەچی دەمی هەڵنەدەهێنایەوە.. «نەوال» وتی «دادە» بە «هەردی»ی وتووە:

ـ من ئێستا چلوچوار ساڵم، هێشتا تەمەنم ڕێ دەدا منداڵێکم ببێت.. دەتوانم شووت پێ بکەم.

کاتێ ئەم بێئاگا لەوەی چی ڕوودەدات، نیگایەکی ساردی تێبڕیوە و وەڵامی نەداوەتەوە، ئەو ڕێک و ڕەوان پێی وتووە:

ـ حەز ناکەم وا بزانی خۆشمدەوێی، بۆیە ئەم داواکارییە هیچوپوچەت لێ دەکەم، کە بۆ من لە نائومێدی زیاتر، مانایەکی تری نییە، بەڵکو ترسم هەیە ڕابردووم لە دەست بچێت.. منیش لەوێ نەبێ، ناتوانم لە شوێنێکی تر بژیم.

لەمەوە «دادە سۆزی» دیار نەما و نەمانزانی چی بەسەرهات، چونکو هێزی بینینی ئێمە تا سنووری گۆڕستان ڕێدەکات و لەوێوە دنیامان لا فەزایەکی بەتاڵە.. ئەگەرچی «نەوال» هەمیشە دەیەوێت وا قەناعەتم پێ بێنێت، کە مەسەلەکە لای ئەم جیاوازە.. بەڕادەیەک بانگەشەی ئەوە دەکات، گوایە ڕۆحی پەیوەستە بە «هەردی»یەوە.. لە هەر کوێ بێت، هەستی پێ دەکات.. تەنانەت ئەم بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی من دەیزانم، کارەساتەکە دەگێڕێتەوە.. من ئێستایش دەڵێم ئەو چەکدارانەی ئێوارە تەمومژاوییەکە گەیشتنە بەردەرگای ماڵەکە و تا دوا فیشەک لەوێدا جەنگان، هەر ئەوانە بوون، کە ڕۆژگارێک لە هەیوانەکەدا نووستن و نیوەڕۆیەک «دادە سۆزی» بەئەسپایی یەک بە یەکیانی بەڕێ کرد، کەچی ئەم سوورە لەسەر ئەوەی کۆمەڵێکی دیکە بوون.. من گومانم نییە لەوەی «هەردی» لەگەڵ ئەوان کوژرا و لاشەی ئەویشیان خستە ناو لۆرییەکەی شارەوانییەوە، کەچی ئەم بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێ توانی دەرباز بێت.. ئەگەر ئەوانەی بەردەوام لە بارەی ئەوەوە بۆمی دەگێڕێتەوە، چیرۆک نەبن و خۆی هەڵیاننەبەستێت، ئەوا من ئەو سەرسامی و حەپەسانە بەسەر دنیاوەم ناهێڵن.

دانمارک/ مایسی ٢٠٠٠

* دووەمین چیرۆکە لەو کۆمەڵەیەی ئەو ناونیشانەی هەڵگرتووە و بۆ چاپ ئامادەیە.